دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٧٩٣، پێنجشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی، ١٨ی فێڤرییەی ٢٠٢١


■ ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان پەیامێکی بڵاو کردەوە ٢

■ ناوەندی هاوکاری: جێگە دەستی ڕەشی تاوانی ڕێژیم لە کردەوەی تێرۆریستیی هەولێردا ئاشکرایە


■ سێمینارێک لەسەر ڕۆڵی دوکتور «قاسملوو» لە ڕۆژنامەی «کوردستان» بەڕێوە چوو ٣




بایەخی مێژوویی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٢٤ و میراتی سیاسی ئەوان بۆ ئێمە ٤



کانگای دێموکراسی لە ژێر تیغی جەللادان ٦



کۆڵبەری لە نێو گەمەی سیاسیی دەسەڵاتدا ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# ساڵێکی تر و ژیانێکی تاڵتر



ئابووریناسانی ئێران دەڵێن: پێوەری چارەڕەشی خەڵک لە ئێراندا گەیشتووەتە ٧٠ لەسەد و ڕوون نییە کە دەسەڵاتداران دەیانهەوێ ئەو ڕەوتە هەتا کوێ درێژە پێ بدەن.

ئەوان دەڵێن: دامەزراوە چاوەدێرییەکان چاوپۆشی لە گەندەڵییەکان دەکەن و هەر ئەمەش بووەتە ڕێگەخۆشکەر بۆ پێکهاتنی ئەم دۆخە.

هاوینی ئەمساڵ لە دوای چوونە سەرەوەی نرخی بێکاری و هەڵاوسان لە ئێران، پێوەری چارەڕەشی گەیشتە ٤٥ لەسەد کە ئەمەش بەنیسبەت ساڵی ڕابردوو دوو بەرامبەر زیاتر بوو.

ئەو ئامارانە دەریدەخات کە بارودۆخی خەڵکانی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت و چارەڕەشی، بێ دەرەتانی، هەژاری، بێکاری و هەڵاوسان تەنگی پێیان هەڵچنیوە.

بەپێی پێوەری جیهانیی چارەڕەشی، ڤێنێزوئێلا بە ڕێژەی ٧٩/٤. پلەی یەکەم، ئێران بە ڕێژەی ٦١/٦. پلەی دووەم و سێربستان بە ڕێژەی ٤٤/٨. پلەی سێیەم لە ڕیزبەندیی ئەو پێوەرەدایە.

بەپێی ئەو پێوەرە هەر کام لە وڵاتانی ژاپۆن، قەتەر، ئاڵمان و ئامریکا لە ڕیزبەندی باشترین وڵاتانی جیهاندان کە هەڵاوسانی ئابوورییان زۆر کەمە و بێکاری لە نزمترین ئاستی خۆیدایە. وڵاتگەلێک وەک فەلەستین، تورکیە و پاکستان سەرەڕای بوونی شەڕ و نائارامی و گەمارۆی ئابووری لەسەر وڵاتەکەیان، پێوەری چارەڕەشییان لە ئاستێکی باشدایە.

پێوەری چارەڕەشی بەپێی کۆی نرخی هەڵاوسان و نرخی بێکاری دیاری دەکرێت.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە هاوکاتە لەگەڵ ئاشکرابوونی ئامارێکی نوێی ئابووری کە باس لەوە دەکات کە نێونجیی گەشەی ئابووری لە ماوەی ساڵی ٨٩ هەتا ٩٩ی هەتاوی، ٦ لەسەد نەرێنی بووە و ئابووریی ئێران لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لەگەڵ مەندی بەرەوڕوو بووە.

یەکێک لە ڕۆژنامە ئابوورییەکانی ئێرانیش باس لەوە دەکات کە ئێران لە دۆخی ئاسایی ئابووریدا، بۆ ئەوەیکە بتوانێت لە دۆخی مەندیی هەڵاوسانی ئێستا دەربازی بێت، شەش ساڵ کاتی پێویستە، ئەویش بۆ ئەوەیکە بێتەوە سەر دۆخی ساڵی ٩٠.

ئەوەیکە ڕوونە بەپێچەوانەی ئیدیعای بەرپرسانی ڕێژیم کێشەی ئابووریی ئێران تەنیا هۆکاری گەمارۆکان نەبووە و گرفتاربوون لە مەندیی ئابووری (رکود اقتصادی) و شێوازی سیاسەتداڕێژیی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران، واتە سیاسەتە نێوخۆییەکان بەنیسبەت گەمارۆکانەوە، قورسایی زۆرتری هەبووە لەسەر قووڵتربوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکان.

هەروەها لە ٤ ساڵی ڕابردوودا ئابووریی ئێران ٢٠ لەسەد بچووکتر بووەتەوە و بەپێی هەڵسەنگاندنەکان گەشەی ئابووریی ئێران هەتا کۆتایی ساڵی ٩٩ی هەتاوی بە لەبەرچاوگرتنی داهاتەکانی نەوتی لەنێوان نەرێنیی ٥ هەتا ٧ لەسەد و بە بێ نەوت لەنێوان نەرێنیی ٢ هەتا ٣ لەسەد دەبێت.

‹‹حەسەن ڕووحانی›بەخستنەڕووی هێندێک ژمارە ئیدعای ئەوە دەکات کە گەشەی ئابووری لە ئێران پێک هێناوە، بەڵام ئابووریناس ‹محەممەد قووڵی یووسفی ئەو ئامارانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە وەکوو گەشەی ئابووری دەخرێنە ڕوو ڕەت دەکاتەوە و وتوویەتی:››بە گشتی لە کۆمەڵگایەک کە دەوڵەت لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی پارە و پێکهێنانی نەختینەیی دەستێوردان دەکات، ئابووری لەو ڕێگایەوە دوای دەورەیەک گەشەی نەرێنی بە بڵاوکردنەوەی پارە دەچێتە قۆناغی گەشەی ئابووری کە بەو پێیە گەشەی ئابووری لە ئێران بە واتای گەشەی بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەت نییە، بەڵکوو تەنیا بەرژەوەندیی دەوڵەت و گرووپە شاراوەکان دابین دەکات››.

لەلایەکی دیکەشەوە ئاماری شەش مانگی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ئێران بڵاو کراوەتەوە و بەگوێرەی ئامارەکە، ئێران تووشی کورتهێنانی بازرگانی بووە.

بەپێی ئەو ئامارە قەبارەی بازرگانیی ئێران ٣٠ میلیارد و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بووە و لەو بڕەش ١٣ میلیارد دۆلار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار هەناردە و ١٦ میلیارد و ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری هاوردە بووە.

ماڵپەری دەنگ و ڕەنگی ڕێژیم خۆی بڵاوی کردووەتەوە، کورتهێنانی بازرگانی لە هەر وڵاتێک کاتێک ڕوو دەدات کە هەناردە لە هاوردە کەمتر ببێت.

ئەو وڵاتانەی زیاتر هەناردەیان هەیە، ئەوا ئابوورییەکەشیان پێشکەوتووترە و هێمای ئەوەیە ئەو وڵاتە زیاتر پشت بە بەرهەمی نێوخۆ دەبەستێت.

ئێران لە ئابوورییەکەیدا زیاتر پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێت، هەناردەی نەوتی ئەو وڵاتە بۆ ڕێژەیەکی زۆر دابەزیوە و وای کردووە ئێران تووشی تەنگژەی دارایی و کورتهێنانی گەورەی بودجەش ببێت.

کۆی ئەم ڕاستییانە وایان کردووە کە باری گوزەرانی خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران بەرەو ئاقارێک بڕوات کە وەک لە ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان بە ژیانی خەڵکڕا دەردەکەوێ تامی تاڵی ژیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تاڵتر ببێتەوە؛ ماڵپەڕی کوردستانمیدیا لە ڕاپۆرتێکدا لەمبارەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە لە کوردستان و ئێراندا بەهۆی دەستکورتی و هەژاری و لەڕووی ناچارییەوە خەڵک زێڕی خۆیان دەفرۆشن تاکوو بتوانن درێژە بە ژیان بدەن و لەم چوارچێوەیەشدا فرۆشتنی زێڕ ئەمساڵ لە کوردستان ١٥ لەسەد بەرز بووەتەوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەکان کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی خەڵک داناوە خەڵک بە ناچاری زێڕی نێو ماڵەکانیان دەفرۆشن.

بەپێی زانیارییەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، نرخی هەڵاوسانی ساڵانە لە مانگی بەفرانبار ٣٢.٢ لەسەد بووە ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە تێچووی بنەماڵەکان بەنیسبەت ساڵی ڕابردوو ٣٢ لەسەد بەرزتر بووەتەوە.

بە وتەی زێڕفرۆشان، گرانی و هەڵاوسان بووەتە هۆکارێک کە خەڵك زێڕی نێو ماڵی خۆیان بفرۆشن.

لەلایەکی دیکەوە چینی مامناوەند زیاترین بەشی کۆمەڵگان کە بەهۆی نەبوونی داهات ناچار بوونە کە زێڕەکانیان بفرۆشن.

لەمەش زیاتر هەنووکە پرسی خانوو و دابینکردنی شوێنێک بۆ حەسانەوە و حەوانەوە لە کوردستان بووەتە گرفتێکی بنەڕەتی کە زۆرێک لە هاووڵاتییانی کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنن و پێشبینیش دەکرێ کە لە ساڵی داهاتوودا ئەم گرفتارییە بەرینتریش ببێتەوە. بەپێی دوایین ئامار و ڕاپۆرتەکان کرێ خانوو لە شارەکانی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت و کرێنشینان تووشی کێشە بوونە کە ئەم مەسەلە نارەزایەتی خەڵکی لێ کەوتووەتەوە.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتە مەیدانییەکان کاتێک خەڵک بۆ کڕینی خانوو یان بە کرێ گرتنی خانوو سەردانی بۆنگاکان دەکەن لەگەڵ نرخی زۆری خانوو بەرەوڕوو دەبنەوە. پێشبینیش دەکرێ کە ساڵی داهاتوو ئەم دۆخە زۆر شپرزەتر ببێتەوە.

هاووڵاتییان باس لەوە دەکەن کاتێک هۆکاری گرانبوونی کرێ خانوو لە بۆنگاکان دەپرسن هیچ وڵامێکیان نییە و دەڵێن خاوەن ملک ئەو نرخەی داناوە.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەوتەی یەکێک لە بەرپرسانی کرێکاری لە ئێراندا نێونجیی تێچووەکانی ژیانی هەر بنەماڵەیەکی کرێکار لە ئێراندا زیاتر لە ٨ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار تمەن لە مانگێکدایە لەحاڵێکدا کە داهاتیان کەمێک زیاتر لە یەک لەسەر سێی تێچووەکانیان قەرەبوو دەکاتەوە.

## پەیڤ

### مووشەکی وێڵ

**کەریم پەرویزی**

لە ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستیدا کە دڵدارەکان گوڵیان پێشکەشی یەک دەکرد، هێزە تێرۆریستییەکانی سەر بە سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی، کاتیووشابارانی هەولێر و فڕۆکەخانەی ئەو شارە و چەند گەڕەکێکی هەولێریان کرد.

ڕاکێتە تەقێندراوەکانی هێزەکانی سەر بە سوپای قودس، کوژرانی کەسێک و بریندارбوونی چەند کەسی لێکەوتەوە و هەندێک زەرەی ماددیشی بە فڕۆکەخانە و چەند شوێنی هەولێر گەیاند، بەڵام لە زەرەرە گیانی و ماددیەکانی زیاتر، ئەو نیگەرانییەیە کە لەو شەوەدا لە نێو خەڵکی دروست کرد و ئەمنیەت و ئاسایشی پێتەختی هەرێمی کوردستانی کردە ئامانج.

ڕەنگە بەپێی ئەدەبیاتی بەیاننامەی ئەو گرووپەی وا تەقاندنی مووشەکەکانیان وەئەستۆ گرت، ئامانجیان هۆشداریدان بە ئامریکا و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بووبێ و گوایە ئامریکا و حکوومەتی هەرێمیان کردۆتە ئامانج و دەیانهەوێ تەسلیمی ویستی تێرۆریستانیان بکەن، بەڵام ئەو جۆرە کردەوانەی گرووپەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی قەت لایەنی بەرامبەری نەک نەترساندووە، بەڵکوو بۆتە هۆکارێک کە دژکردەوەی ڕێکخراوتر و توندتر بەدوایدا بێ و پەلوپۆی ڕێژیمی پێ داپاچراوە.

ئەو ڕاکێتانەی کە تێرۆریستان بە ماشینێکی دەسکاریکراو، لە خوارەوەی هەولێر بەرەو پێتەختی هەرێمیان تەقاند، ڕەنگە لەباری ئامانجی نیزامییەوە شوێنەکەیان بە پێی موحاسیباتی ورد بۆی دیاری کرابێ و هەوڵیان دابێ زۆر دەقیق بیپێکن، بەڵام لە سیاسەتەکەیاندا زۆر وردی بۆ نەچوون و لە هەڵەشەییەوە کارێکیان کرد کە ڕەنگە سەری فەرماندەرەکانیان بە بادا بدات.

کردەوەی تێرۆریستی ڕۆژی ١٤ی فێڤرییە، هاوشێوەی تەقینەوە تێرۆریستییەکەی ١ی فێڤریەی چەندین ساڵ پێش لە هەولێر، هەرچەند بەداخەوە گیانی هەندێک کەس دەکاتە قوربانی، بەڵام قەت بە ئامانجەکەی نەگەیشتووە کە ویستوویە لایەنی قوربانی بترسێنێ و تەسلیمی ویستی تیرۆریستانی بکا.

لە کاتی ئێستادا کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاکێتانەی بۆ تاقیکردنەوەی ئیرادەی ئیدارەی بایدێن و چاوترسێنکردنی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی «مستەفا هیجری» بەبۆنەی کۆچی دوایی دوکتور «ڕۆژ نووری شاوەیس»



«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی دوکتور «ڕۆژ نووری شاوەیس» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان (PDK) پەیامێکی هاوخەمیی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

ڕێزدار/ جەنابی کاک مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان

وێڕای سڵاو و ڕێز،

هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو دوکتور ڕۆژ نووری شاوەیس کادری لێوەشاوە و بەڕابردووی ڕێبەرایەتیی پارتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە، جێگای داخ و پەژارەی هەموو لایەکمانە. بەو بۆنەوە لەلایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆمان پێشکەش بە بەڕێزتان، ئەندامانی ڕێبەرایەتیی پارتی و هەموو ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزیان دەکەین و خۆمان لەو پەژارەیەدا بە بەشدار دەزانین.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**۲۷ی ڕێبەندانی ۱۳۹۹ی هەتاوی**
**۱۵ی فێڤرییەی ۲۰۲۱ی هەتاوی**

# دیداری نێوان حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات

لە دیداری نێوان حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەنیسبەت پرسی کورد بە تایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات قسە کرا.




ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ۱۵ی ڕێبەندانی ۱۳۹۹ی هەتاوی شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرەستیی» بەڵێن عەبدوڵڵا «سکرتێری گشتیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرەستیی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێکرا.

سەرەتا «بەڵێن عەبدوڵڵا» خۆشحاڵیی خۆی بۆ پێشوازی گەرمی حیزبی دێموکرات دەربڕی و ڕایگەیاند بەهۆی دەور و کاریگەرییەکانی و دروستیی سیاسەتی حیزبی دێموکرات جێگای شانازییە بۆ هەر لایەنێک کە لەگەڵ حیزبی دێموکرات پەیوەندی هەبێ. ناوبراو دواتر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی لەهەمبەر باردوخی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بۆ شاندی حیزبی دێموکرات باس کرد.

دواتر «هیجری» وێڕای سپاس لە سەردانی حیزبی زەحمەتکێشان، باسێکی سەبارەت بە پرسی کورد بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی کرد و لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەوڵەکانی بە مەبەستی دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی پێشکەش کرد و ڕایگەیاند هاتنە ئارای، خەباتی هەمەلایەنەی «ڕاسانی خۆرهەڵات» دەرک‌کردن بە واقعیەتی ئێستا و هەوڵدان بۆ بەهێزکردن و شوێندارنەریی کوردە، لە هاوکێشە سیاسیەکانی ئێراندا. لە کۆتاییدا هەر دوولا جەختیان لەسەر درێژەدان و بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانیان کردەوە.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەڕێوە برد

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەمجارەی خۆیدا پەرژایە سەر باس و بابەتەکانی ڕۆژەڤی ئەم دواییانە و بە وردبینییەکی زیاترەوە هەڵوێستەی لەسەر کرد. ڕۆژی ۱۵ی ڕێبەندانی ۱۳۹۹ی هەتاوی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەڕێوە برد. کۆبوونەوەکە دوای چەند ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی هەموو گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. تەوەری یەکەم و سەرەکیی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوو لە بڵاوکراوەکانی ئەم دواییانەی دەنگوڕەنگی (صدا و سیما)ی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی هێزەکانی کوردستانی ئێران. دوای لێکدانەوە و قسە و باس لەسەر ئەو بابەتە هەموو لایەک لەسەر ئەو بابەتە کۆک بوون کە ئەمە وەک هەمیشە دەستپێکی پیلانێکی گەورەتر بۆ سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و حیزبەکانی. هەر بەو مەبەستە وا بڕیار درا کە بە وردبینییەکی زیاترەوە بڕواندرێتە سەر ئەم بابەتە و بە شێوەیەکی گونجاو بەرهەڵستی ئەم هەڵسوکەوتانە ببنەوە. لە بڕگەیەکی تری کۆبوونەوەکە باسێک لەسەر دەستبەسەرکراوانی ماوەی پێشووی کوردستان کرا و کۆمەڵێک ئەرکی کردەیی وەک ئەرکی ناوەند و هێزەکانی بەشداربووی دیاری کرا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا چەند بابەتێکی تریش هاتنە بەر باس و قسەیان لەسەر کرا و بۆ هەرکامەیان بە یەکدەنگیی تەواو ڕێگەچارەی گونجاو دیاری کرا. لە کۆتاییشدا وێڕای دووپاتکردنەوەی پێویستیی هاوکاری و هاپەیوەندیی زیاتر، جەخت لەسەر ئەم بابەتە کرایەوە کە لایەنەکانی ناوەند دەبێ هەموو هەوڵی خۆیان بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانی کۆماری ئیسلامی کە مەبەستی کەلێن خستنە نێو هێزە کوردییەکانی کوردستانی ئێرانە بخەنە گەڕ و ئەم ڕاستییە دووپات و چەندپاتە بکرێتەوە کە لە ڕوانگەی ئێمەوە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تەنیا یەک دوژمنی هەیە و ئەویش کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

# ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی ۲۲ی ڕێبەندان پەیامێکی بڵاو کردەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەستخۆشی لە بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگریی خەڵکی ئێران و کوردستان لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستاون و پێداگرە کە شۆڕشی ۵۷ی گەلانی ئێران بە سەرئەنجامی ڕاستەقینەی خۆی کە وەدیهاتنی ئازادی و دێمۆکراسییە نەگەیشتووە و شۆڕش هەتا گەیشتن بە ئامانجەکان هەر بەردەوام دەبێت.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ۲۲ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ئازادیخوازی ودێموکراسیخواز گەلانی ئێران

هاونیشتمانیانی بەڕێز و خۆشەویست خەڵکی شۆڕشگێڕ و مافخوازی کوردستان

لە ڕێبەندانی پڕ شکۆدا جارێکی تر لە ساڵی ۵۷ی هەتاوی لاپەڕەیەکی نوێ لە خەباتی گەلانی ئێران هەڵدرایەوە و گەلانی ئێران دەنگی نارەزایەتی خۆیان بە دژی ڕێژیمی گەندەڵی پاشایەتیی و بنەماڵەی دیکتاتۆری پەهلەوی بەرز کردەوە و بە هیوای دابینکردنی داهاتوویەکی گەش و ئازاد شۆڕشێکی بەربڵاویان ڕێک خست و ڕێژیمی دەسەڵاتداریان ڕووخاند.

دیارە ئەم شۆڕشە بەرهەمی نارەزایەتییەکی پەنگخواردووی پتر لە چەند دەیەی پێشی گەلانی ئێران بوو کە بە درێژایی ئەم مێژووە هەر دەم لە ژێر گوشاری بێ ڕادەی دەسەڵاتداران و دەستوپێوەندەکانیاندا بوون و هیچ داهاتوویەکیان بۆ خۆیان و بنەماڵەیان و وڵاتیش بەدی نەدەکرد.

پێکهاتنی بەستێنی سەرهەڵدانی شۆڕشی ۵۷ جگە لە نارەزایەتی خەڵکی ئێران لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار، کۆمەڵێک هۆکاری دیکەشی هەبوو کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بە شۆڕشی سپی ( انقلاب شاه و مردم) ، پیشەیی‌بوونی خێرای ئێرانی ئەو سەردەم و هێرشی بەربڵاوی خەڵک بەرەو شارەکان بۆ دۆزینەوەی کار لە کارگە و کارخانەکان، کرانەوەی خوێندگاکان و زانکۆکان و چوونەسەرەوەی ئاستی سەواد و زانیاریی خەڵک و پەرەسەندنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی بکرێت. بە چوونەسەرەوەی بەهای نەوت لە سەرەتاکانی دەیەی ۵۰ی هەتاوی و داهاتی یەکجار زۆری نەوتی ئەو سەردەم، شای ئێرانی ( محەممەدڕەزا پەهلەوی) بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە تازە بەو ڕادەیە لە داهات پێگەی خۆی قایم کردووە و بێ منەت لە خەڵکی ئێران و خواستە سیاسی و ئازادیخوازەکانیان ئەسپی خەیاڵی خۆی واتە زیندووکردنەوەی ئیمپراتوریی ۲۵۰۰ ساڵەی ئێرانی لینگ دەدا. خێرابوونی پێشکەوتنی ئابووری لەگەڵ داخرانی سیاسی پێکەوە هاوتەریب نەبوون و درەنگ یا زوو مەعلووم بوو کە ئەم نارەزایەتییە پەنگخواردووەی خەڵکی ئێران لە جێیەک دەتەقێتەوەو گۆڕانکاری پێک دێنێت..

دیارە ۲۲ـی ڕێبەندان تەنیا نوختەی سەرکەوتنی کاتیی ئەم شۆڕشە بوو بەڵام لە ڕاستیدا ماوەیەکی زۆر بوو کە خەڵکی ئێران و شۆڕشگێرانی دەستیان بە هەڵگیرساندنی شۆڕش کردبوو و سەدان و هەزاران کەس لەو ڕێگایەدا گیانیان بەخت کرد و هەزاران کەسی تریش کەوتنە بەندیخانە و لە ژێر ئەشکەنجەی تاقەتپڕوکێنی ئەشکەنجەگەرانی ساواکدا تاقەتیان هێناوە و بڵێسەی ئاگری ئەم شۆڕشەیان داگیرساو ڕاگرت. بەداخەوە لە نیوەی ڕێگەی شۆڕشدا خۆمەینی توانی بە دەست دانان لە سەر خاڵە لاوازەکان ئۆپۆزیسیۆنی ئەو کات و خەڵکی ئێران خۆی بەسەر شۆڕشی ئازادیخوازانە و دێموکراتیکی خەڵکدا بسەپێنێ و بە درۆ و فریودانی خەڵک و هەندێک لە هێزە خۆش باوەڕەکانی ئەو سەردەمە جڵەوی شۆڕشەکە بگرێتە دەستی خۆیەوە و بەرامەی خوێن و خەبات و ماندووبوونی خەڵکی ئێران بەتاڵان بەرێت و دیارە لەو نێوەدا پشتیوانی و خۆشباوەڕیی وڵاتانی دەرەکیش بەرانبەر خومەینی نابێ نادیدە بگیرێت.

زۆر زوو و هەر دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕش زۆرێک لەو هێز و خەڵکانەی کە بوونە پاڵپشتی خۆمەینی بۆ دەستەوەگرتنی دەسەڵات بوونە قوربانیی دەستی حکوومەتی ڕەشی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کە بەداخەوە ئەو ڕەوشە تا هەنووکەش هەر بەردەوامە.

بە درێژایی ۴۲ ساڵی ڕابردوو و هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەر کاری ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرەوە بۆ هەمووان دەرکەوت کە ڕێژیمی نوێ نەک تەنیا جوابی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی خەڵک نەبوو بگرە بە شێوەیەکی دڕندانەتر لە ڕێژیمی پێشوو و بێبەزەییتر لەوان کەوتووەتە گیانی، گیان و ماڵ و داهاتووی خەڵکی ئێران و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دڕندەتر دەبێت. سەرکوتی خەڵک و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان لە ۲۸ی گەلاوێژ ۱۳۵۸ بە فەرمانی خۆمەینی، لەشکرکێشی بۆ تورکمەن سەحرا و بەلووچستان، ئێعدامی بەربڵاوی نارازیان ، گرتنی سەفارەتی ئامریکا و هەڵگیرساندنی شەڕی ماڵوێرانکەر لەگەڵ عێراق لە دەسکەوتەکانی ۲ ساڵی سەرەتای دامەزرانی ئەم ڕێژیمە نوێیە بوو و هەژاری، بێکاری، ئێعدام و ئەشکەنجە، گەندەڵی ڕاو ڕووت، هەڵاواردنی سیستیماتیکی کەمایەتییە نەتەوەیی، ئایینی، ڕەگەزی، زمانییەکان و دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە و گەمارۆ ئابوورییەکان و هتد... تەنیا بەشێک لە بەرهەمەکانی دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمەیە. جێگەی ئاماژەیە کە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هەر لە سەرەتاوە هیچ دڵخۆشییەکیان بەو ڕێژیمەی کە لە قووڵایی تاریکی مێژووڕا هاتووە، نەبووە و هەر لە سەرەتاوە دەستی ڕەدیان لە سینگی ئەم ڕێژیمە داوە و جوابی نا یان پێ داوەتەوە و تا ئێستاش هیچ دڵخۆشییەک بە گۆڕانکاری لە چوارچێوەی ئەم حکومەتەدا لە دڵی تاکی کورددا بوونی نییە و هەر دەم لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بە دژی ئەم ڕێژیمە وەستاونەتەوە. خەڵکی ئێران بە گشتیی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی سەرەڕای هەموو ئەو زەبر و زەنگ و کوشتار و ئێعدامانە بەردەوام و لێبڕاوانە چۆکیان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دانەداوە و تا دێتیش ڕواڵەتی ڕاستەقینەی ئەم نیزامەیان زیاتر بۆ دەردەکەوێ وسەرهەڵدانی نارەزایەتییە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم ساڵانەی ڕابردووی خەڵک بە دژی حکومەتی ویلایەتی فەقیهـ شاهیدی ئەم ئیدعایان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای دەستخۆشی و پێزانین لە بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگریی بەردەوامی خەڵکی ئێران و کوردستان لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی ، لە سەر ئەوە پێداگرە کە شۆڕشی ۵۷ی گەلانی ئێران بە سەرئەنجامی ڕاستەقینەی خۆی کە وەدیهاتنی ئازادی و دێمۆکراسییە نەگەیشتووە و شۆڕش بەرانبەر دیکتاتۆر تا گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی گەلان و مافی نەتەوەکانی ئێران بەردەوام دەمێنێتەوە.

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**۲۲ی ڕێبەندانی ۱۳۹۹ی هەتاوی**
**۱۰ی فێوریەی ۲۰۲۱ی زایینی**

# ناوەندی هاوکاری: جێگە دەستی ڕەشی تاوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کردەوەی تێرۆریستیی هەولێردا ئاشکرایە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویان کردووەتەوە: «لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم جارەش جێگەدەستی ڕەشی تاوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم کردەوە تێرۆریستییەشدا ئاشکرایە و هەمووان دەزانن کە کۆماری ئیسلامییە کە بە دنە دان و چەک پێدان و کەڵکوەرگرتن لە گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچەکە، دوژمنی سەرەکیی ئارامی و سەقامگیرییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست».

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیاندراوی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی مووشەکبارانی شاری هەولێر

هاونیشتمانیانی بەڕێز!

هەر وەک ئاگادارن شەوی ۲۰۲۱/۲/۱۵ زایینی، ۱٤مووشەک ئاراستەی شاری هەولێر و فڕۆکەخانەکەی کرا و چەند گەڕەکێکی ئەو شارە بوونە ئامانجی ئەم مووشەکانە. بەداخەوە لە ئاکامی ئەم کردەوە تێرۆریستییەدا یەک کەس بوو بە قوربانی و ۸ کەسی دیکەش بریندار بوون. بکەرانی ئەو کردەوە تێرۆریستییە لەلایەن هەر گرووپ و دەوڵەتێکەوە بێت بەتوندی مەحکوومی دەکەین. هەروەها داوا لە لایەنە پێوەندیدارەکان لە عێراق و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تێرۆریزم و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەین بە جیدی بەدواداچوون لەم کردەوە تێرۆریستییە بکەن و تێرۆریستان و بکەرانی ئەم کردەوە تێرۆریستییە بە ڕای گشتی بناسێنن و بە سزای خۆیانیان بگەیەنن. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم جارەش جێگەدەستی ڕەشی تاوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم کردەوە تێرۆریستییەشدا ئاشکرایە و هەمووان دەزانن کە کۆماری ئیسلامییە کە بە دنە دان و چەک پێدان و کەڵک وەرگرتن لە گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچەکە، دوژمنی سەرەکیی ئارامی و سەقامگیرییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

دیارە ئەمە یەکەم جار نییە کە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەوێتە بەر هێرشی تێرۆریستی و دەکرێتە ئامانجی نەیارانی ئەم هەرێمە و جاری کۆتاییش نابێت.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم کردەوە تێرۆریستییە بەتوندی مەحکووم دەکات و هیوای لەشساغیی دووبارە بو بریندارانی ئەم ڕووداوە دەخوازێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**۲۸ی ڕێبەندانی ۱۳۹۹ی هەتاوی**

## سێمینارێک لەسەر ڕۆڵی دوکتور «قاسملوو» لە ڕۆژنامەی «کوردستان» بەڕێوە چوو

لە زانکۆی کۆیە سێمینارێک بە ناونیشانی ڕۆڵی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» لە ڕۆژنامەی «کوردستان» بەڕێوە چوو.
لە بەشی مێژووی دانیشکەدە پەروەردە لە زانکۆی کۆیە؛ سێمینارێک لەلایەن دوکتور «هوشمەند عەلی» لەژێر ناوی «ڕۆڵی عەبدولڕەحمان قاسملوو» لە ڕۆژنامەی «کوردستان» «ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» (۱۹۵٤-۱۹۸۹)» بە ئامادەبوونی مامۆستایانی بەش بەڕێوە چوو.
دوکتور هۆشمەند لەو سێمینارەدا تیشکی خستە سەر ڕۆڵی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا.
لەو سێمینارەدا دوکتور «هوشمەند عەلی» باسی لەوە کرد دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو»، جگە لەوەی سیاسییەکی دیار و دیپلۆماتکارێکی نێو جوڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد بە گشتی و جوڵانەوەی ئازادیخوازی کورد بووە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هاوکات هەر لە سەرەتای دەستپێکی کاری سیاسی و حیزبایەتی، وەک ڕۆژنامەنوسێکیش لە ڕۆژنامەی کوردی و بیانییەکاندا وتاری ڕۆژنامەوانی نووسیوە. بەتایبەتیش ڕۆڵی کارا و گرینگی بینیوە لەبەرەو پێشبردن، دەرکردن و بەردەوامییەتی قۆناغە مێژووییە جیاوازەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
بەشی مێژوو وەکو بەشێک لە بەشەکانی دانیشکەدەی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە لە ساڵی ۲۰۰۱ کرایەوە. لەم کاتەوە تا ساڵی ۲۰۱٤ هەشت گرووپ لە خوێندکاران بڕوانامەی لیسانسیان بەدەست هێناوە و دەرچووی ئەم بەشەن.

## نۆهەمین دەورەی سیاسیی ئاستی دوو بەشی یەکەمی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە بەڕێوە چوو

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە نۆهەمین دەورەی سیاسی تایبەت بە پێشمەرگەکانی بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو بەڕێوە برد.
ئەم دەورەیە ڕێکەوتی ۲۰ی بەفرانباری ۱۳۹۹ دەستی پێکرد و تا ڕێکەوتی ۲۲ی ڕێبەندانی ۱۳۹۹ درێژەی کێشا و تێیدا چەندین وانەی سیاسی پێشکەش بە بەشداربووانی دەورەکە کرا کە بریتی بوون لە: «بەرنامە و پەیڕەوی حیزب، مێژووی حیزب، سوسیالیزمی دێموکراتیک، فێدراڵیزم، دێموکراسی، پرسی بەرابەریی ژن و پیاو، ساختار و سیاسەتەکانی ڕێژیم، ڕیتۆریک، سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب، ڕێنووسی کوردی، کاری ڕێکخراوەیی بە کۆمەڵ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاسان». ئەم دەورەیە ۳۳ ڕۆژی خایاند کە سەرجەم ۱۱۵ کاتژمێر وانە پێشکەش بە بەشداربووانی دەورەکە کرا. بۆ بەشێک لە وانەکان تاقیکاری لە بەشداربووان وەرگیراوە و ئەم چەند بەشداربووەی دەورە پلەکانی یەکەم هەتا سێیەمیان بەدەست هێنا:
- پلەی یەکەم، «بێهزاد قادری»
- پلەی دووەم، «ئەژین حوسێنی»
- پلەی سێیەم، «دڵنیا وەیسی»
پرسی پەروەردە و بارهێنان یەکێک لەو پرسانەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرینگیی زۆری پێداوە و ئەم گرینگییە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەندامی ئاگا و وشیار دەتوانێت هۆکاری سەرکەوتنی حیزب و بەرنامەیەکی سیاسی بێت. لە دوای ڕاگەیاندنی راسانی ڕۆژهەڵات و پرۆژەی گرێدانی خەباتی شاخ و شار، پێویستە کە پێشمەرگە و ئەندامی حیزبی دێموکرات زیاتر لە جاران هەوڵی بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاریی خۆیان بدەن بۆ ئەوەیکە بتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنیتر لە گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتدا بگێڕن.

## بارودۆخی ژیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نالەبارە

ماڵپەڕی «ایران دکس» کە تایبەتە بە دۆزینەوەی هەلی کار لە ئامارێکی ئینفۆگرافیکدا کە لەسەر بنەمای داتاکانی بانکی ناوەندی ڕێژیم و ناوەندی ئامار داڕێژراوە پەردەی لەسەر هەڵاواردنێکی ئاشکرا دەرحەق بەو پارێزگایانەی کە کەمینە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانی تێدا نیشتەجێیە هەڵداوەتەوە و ئاشکرای کردووە کە پارێزگاکانی کوردستان کەمترین خزمەتگوزارییان لە بواری بانکی و ماڵییەوە پێ کراوە. لەو ئامارەدا هاتووە پارێزگای «سنە» لە دوای پارێزگای «سیستان و بەلووچستان» کەمترین خزمەتگوزاریی پێ کراوە. لە دوای پارێزگای «سنە» پارێزگای «ورمێ» لە بواری کاروباری بانکی و پارە کەمترین خزمەتگوزاریی پێ کراوە. پارێزگای «کرماشان» لە ڕیزی خوارەوەی ئەو ئامارەدا هاتووە و تەنیا لە چەند پارێزگا زیاتر خزمەتگوزاری پێ کراوە. پارێزگای «ئیلام» زیاترین خزمەتگوزاری پێ کراوە ئەویش بەهۆی پرۆژەکانی گاز و نەوت لەو پارێزگایەیە. ئەگەرچی ئامارەکان ئەو ڕاستییەیان دەرخستووە بەڵام دەبینین کە فەرماندەی سپای تێرۆریستیی پاسدارانی «بەیتولموقەددەس»ـی ڕێژیم لە پارێزگای «سنە» لە هەوڵێکی چەواشەکارانەدا داوای پێڕاگەیشتن بە دۆخی خەڵکی گوندەکانی «نییەر، تەنگیسەر و مێراوی» کردووە. پاسدار «سادق حسێنی» فەرماندەی سپای «بەیتولموقەددەس»ـی ڕێژیم لە پارێزگای سنە وتوویەتی گوندەکانی «نییەر ،تەنگیسەر و مێراو» بەهۆی ئەوەیکە دەفرایەتییەکی گەورەیان لە ڕووی مرۆیی و بەرهەمهێنانەوە هەیە ئەرکی کە پێڕاگەیشتن بە کێشەکانیان بکات. ناوبراو هەروەها وتوویەتی سەبارەت بە کێشەکانی ئەو گوندانە بەدواداچوونمان کردووە و لەو پەیوەندییەدا پشتیوانی لەو پێشانە دەکەین کە لە ماڵەوە بەڕێ خراوە و یارمەتی بنەماڵە هەژارەکان دەدەین و کێشەی ڕێگاوبانیان بۆ چارەسەر دەکەین. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو بەڵێنییە بریقەدارانە تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە و چەواشەکاریە؛ هەروەها سەرقاڵکردنی خەڵک بە بابەتە لاوەکییەکانەوە بۆ ئەوەی کە کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر ئەو گوندانەدا زیاتر بکەنەوە و ئامانجەکانیان لەوێدا بەڕێوە ببەن.
هەر لەم چوارچێوەیەدا هەندی لە ئامارە حکومەتییەکان باس لەوە دەکەن کە لە ئێراندا ٥ پارێزگا زۆرترین ڕێژەی وازهێنان لە خوێندنیان هەیە کە قوتابییەکانی بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری واز لە خوێندن دەهێنن. بەپێی دوایین ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ٥ پارێزگای «ورمێ، سیستان و بەلووچستان، خوراسانی ڕەزەوی، خووزستان، تاران» زۆرترین ڕێژەی وازهێنان لە خوێندنیان لە قۆناغی سەرەتاییدا هەبووە. هەروەها لە ساڵی تازەی خوێندندا لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی ٥ پارێزگای ئاماژە پێکراو زۆرترین ڕێژەی وازهێنان لە خوێندنیان هەبووە.
لە سەرەکیترین هۆکارەکانی وازهێنا لە خوێندن بەتایبەتی لە کاتی گشتگیریی کۆرۆنادا دابیننەکردنی پێداویستیی تایبەت بۆ قوتابییان بە شێوەی یەکسان دەگەڕێتەوە.

## یەکیەتیی ژنانی دێموکرات: «داوا لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەین بە دەم دەنگی «زارا محەممەدی»یەوە بچن»

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا سەپاندنی حوکمی ٥ ساڵ زیندانی بەسەر ‹‹زارا محەممەدی››یان مەحکووم کرد و داوایان لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کردووە کە بە دەم دەنگی ‹‹زارا محەممەدی››یەوە بچن.
دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:
‹‹دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستورترم لێمدەدا ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم دەمکوژێ ئەمما بە گڕ جەلادەکەم دادێمەوە کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە›› هاونیشتمانییانی ئازیز
هەر وەک ئاگادارن لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە ڕەوتی پێداچوونەی حوکمی ۱۰ ساڵ بەندکران بە سەر خاتوو ‹‹زارا محەممەدی››، ئەو مامۆستا خۆبەخشەی زمانی کوردی کە لە ئەنجامدا ٥ ساڵ بەندکرانی بە سەردا سەپێندرا.
ئەم حوکمە دیسان دڕندەیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانمان بۆ دەسەلمێنێت، سەپاندنی حوکمی بەندکران بە سەر مامۆستایان و دڵسۆزانی نیشتمان، دەریدەخات ئەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستە دیهەوێ بە هەموو شێوەیەک دەنگی کۆمەڵگا کپ بکات. دوژمن پێی وایە بە کپکردنی دەنگی زارا دەتوانێ هزری ئازادیخوازیی میللەتەکەمان لەنێو ببات، بەڵام هەزاران کیژ و لاوی ئەم کوردستانە ئازیزە لە دێرزەمانەوە پارێزەری شوناس و زمانی کوردی بوون و لە داهاتووشدا زاراکان لەدایک دەبن و هەر ئێستاش دەیان زارا لە سەنگەرەکانی بەرگری لە شوناس و ناسنامەی کوردی چالاکی دەکەن.
کوردستانییانی خۆشەویست ژنانی مافویستی ئازا و دلێر ئێمە وەکوو یەکیەتیی ژنان، وێڕای مەحکوومکردنی حوکمی داسەپاو بە سەر خاتوو زارا، داوا لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەین بە دەم دەنگی «زارا محەممەدی»یەوە وەرن و هەروەها کە خۆی باسی دەکات، پێویستە هەموو کۆمەڵگا بێنە دەنگ. داوا لە هەموو کوڕ و کۆمەڵە مافی مرۆڤییەکان دەکەین دەنگی ناڕەزایەتیی دژ بە حوکمی خاتوو زارا بن و بە تایبەت ئەو کەسانەی لە تاراوگە دەژین و دەستیان بە ناوەندە پەیوەندیدارەکان دەگات.
دووپاتی دەکەینەوە پشتیوانی لە خاتوو زارا، چالاکانی کۆمەڵگا، بەندکراوانی مەدەنی و سیاسی ئەرکی نیشتمانیی هەمووانە.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

## پاراستنی زمان، پاراستنی نیشتمانە

لە بەرەبەری ۲ی ڕەشەممە، ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیدا ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاریی کومیتەی زاگرۆس، سێمینارێکیان لەژێر «ناوی پاراستنی زمان، پاراستنی نیشتمان»ـە ڕێکخست.
سێمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ «ئێحسان ڕەستگار» هۆنراوەیەکی لەژێر ناوی «قەڵەم» بەبۆنەی ئەو ڕۆژەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرد.
پەنێلی یەکەمی سێمینارەکە کە لەلایەن «ڕەسووڵ سوڵتانی» شاعێر و وەرگێڕەوە پێشکەش کرا، پەرژابووە سەر «زمانی زگماکی و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگا».
ناوبراو لە بەشێک لە قسەکانیدا باسی لەسەر گرینگیی زمان بۆ دروستکردنی پەیوەندی و لە ئاکامدا پێکهاتنی پەروەردە کرد و هەروەها تیشکی خستە سەر پەیوەندیی هزر و زمان.
ڕەسووڵی لە باسەکەیدا وتی کە سەرێتیی کاریگەریی زمان لەسەر هزر یان پێچەوانەکەی مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەم دووە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکتر هەیە. بە شێوازێک کە بەرهەمەکانی هزر بە زمان دەردەبڕدرێت و لە بەرانبەریشدا گوتارێک کە بە زمان بەیان دەکرێت دەتوانێت ببێتە بەرهەمهێنەری فکر.
ناوبراو بە وردی تیشکی خستە سەر سیاسەتەکانی داگیرکەران بۆ لەنێوبردنی زمانی کوردی. پەنێلی دووهەمی سێمینارەکە کە لەلایەن «سام ڕۆژدۆست» چالاکڤانی مافی مرۆڤ و ئەندامی کۆمەڵگای مەدەنییەوە پێشکەش کرا، تەرکیزی خستبووە سەر بابەتی «زمان لە چوارچێوەی خەباتێکی دێموکراتیکدا».
ناوبراو لە قسەکانیدا ئاماژەی بە بەربەستەکانی بەردەم پێکهێنانی زمانێکی ستانداردی کوردی کرد و هەروەها وتی کە دانانی ڕێنووسێکی یەکگرتوو و هاوبەش دەتوانێت ببێتە دەسپێکێک بۆ یەکڕیزیی زیاتر لە هەموو بوارەکاندا. «ڕۆژدۆست» هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە زمانی کوردی بە شێوەی جیددی ئیهتمامی پێ نەدراوە و پێویست دەکات هەموو ناوەند و دەزگاکان گرینگیی زیاتر بە زاراوەکانی زمانی کوردی و بەگشتی سیستمی خوێندن و فێرکاری بە زمانی کوردی بدەن.
سێمینارەکە بە ڕاو و بۆچوونی ئامادەبوان و وڵامی هەرکام لە پێشکەشکارانی باسەکان کۆتایی پێهات.

## ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیەندراوێکیان بڵاو کردەوە

ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات بەنیسبەت دەسبەسەرکرانەکان لە کوردستان، ڕفاندنی لاوان، ڕەشبگیرییەکان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە کوردستان ڕاگەیەندراوێکیان بڵاو کردەوە و ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.
دەقی ڕاگەیەندراوەکە:
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
لاوانی شۆڕشگێڕ و خوڕاگری کورد!
لە ماوەی ڕابردوودا هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەکوو نەریتی هەمیشەیی خۆیان هەوسارپساو دەستیان کردووە بە ڕەشبگیری لە کوردستانی ئێران و بە دەسبەسەرکردن و ڕفاندنی لاوان، ئەمنییەت و ئاسایشی کوردستانیان ڕووبەڕووی مەترسیی جیدی کردووەتەوە. ڕۆژانە چەندین لاوی کورد بێسەروشوێن دەکرێن و لە زیندانە نەهێنییەکانی ڕێژیم دەکەونە ژێر گۆشاری دەروونی و جەستەیی و ژیانیان لە مەترسی دایە. شەپۆلی بە کۆمەڵ دەسبەسەرکردنی لاوانی کورد لەپێناو زاڵکردنی کەشی ترس و دڵەڕاوکێ و هەروەها نائەمنکردنی کوردستان لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵات بەڕێوە دەچێت، چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی لەخۆ گرتووە کە بریتین لە چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی و ژینگەپارێزانی کوردستان.
بۆ کۆمەڵگای کوردی ڕوونە کە ئەم توێژانە لەپێناو پاراستن و گەشەی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات هەنگاو هەڵدەگرن، بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بێ لەبەرچاوگرتنی یاساکانی مافی مرۆڤ و بنەماکانی ئازادی کە لە ساختار و بناغەی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەدا هەرگیز نەبیندراوە، بە تۆمەت و پەروەندەسازی و وەپاڵخستنی کەیسی سیاسی و ئەمنییەت، هەوڵی ناچالاک کردن و دروستکردنی دڵەڕاوکێ لەنێو کۆمەڵگای کوردستان دەدات و هەروەها لە ڕێگای سینەمای بە زاهیر ئیسلامیکراو، هەوڵی ناشیرینکردن و چەواشەکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەدات.
کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران!
پایە لەرزۆکەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەرگیز لە کوردستانی ئێران قایم نەبوون و هەنووکە کە کوردستان ترسی خستووەتە دڵی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، هەر ئەو ترسەشە بووەتە هۆی ئەویکە ڕێژیم، بەردەوامیی و ئیرادە و خۆڕاگریی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە تایبەت لاوانی دەرەوەست و ئازادیخواز، بە مەترسی لەسەر مانەوەی خۆی بزانێت.
بە تەواوتی ڕوونە کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو کاتەوە کە کوردستان داگیر کراوە، لە بەرامبەر زەبر و زەنگ و شەڕی داسەپاو لەسەر وڵاتەکەیان بێدەنگ نەبوون و نابن، هەر بۆیە ئەو هەوڵانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەکوو هەمیشە هیچ ئاکامێکی دڵخوازی بۆ ڕێژیم نابێت و ناتوانن دەنگی مافخوازی و هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئازادی لە کوردستان کپ بکەن.
ئێمە ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات، وەکوو هەمیشە ئەو کردوانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین و ڕایدەگەیەنێن کە هاودەنگ و شان بە شانی خەڵکی تێکۆشەری و نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێ ئێران لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی ڕێژیم بێدەنگ نابین و دەبینە دەنگی هەموو تێکۆشەرانی ڕزگاریخواز لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.
هەروەها لاوانی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە بە هەموو توانامانەوە شێلگیرانە هەوڵ دەدەین کە بە یەکگرتوویيمان پاشەکشە بە ڕێژیم بکەین و بە تێکۆشانی فرە چەشنمان ڕێژیم لەو کردەوە دژە ئینسانیانەی پەشیمان بکەینەوە و ڕێگە نەدەین چیدیکە داگیرکەران بە کوشتن و بڕین و بەندیخانە وڵامی مافخوازی نەتەوەکەمان بدەنەوە.

**لیژنەی هاوئاهەنگی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات پێکهاتووە لە:**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ڕێکخراوی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات**
**ڕێکخراوی لاوانی ئازادیی کوردستان**
**ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

### درێژەی پەیف

حکومەتی هەرێم تەقاند، بەڵام وەکوو زۆربەی موحاسیبەکانی دیکەی ڕێژیم ئەم کردەوانە زۆرتر جیهان دێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە نابێ ڕێگە بە تێرۆریزمی ئیسلامیی تاران و گرەوگانگیریی ئەم ڕێژیمە بدەن.
هەروەک هەوڵی تێرۆریستیی ئەسەدوڵا ئەسەدییەکەیان لە ئاڵمان و بێلژیک، بەتەواوی بە زیانی ڕێژیم شکایەوە، کردەوەی تێرۆریستیی شەوی ١٤ی فێڤرییە لە هەولێریش نەک دەسکەوتی بۆ کۆماری ئیسلامی نابێ بەڵکوو هەم ئامریکا پێداگرتر دەکا لە پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان و هەم ڕوونتر بە هەموو لایەک دەسەلمێنێ کە دوژمنی سەرەکیی هەموو گەلانی ناوچە و بەتایبەت دوژمنی ڕاستەقینەی کورد و کوردستان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئەم ڕێژیمە سەرچاوەی ئاژاوە و تێرۆریزمە لە جیهان و ناوچەکە و بۆ گەیشتن بە ئاشتی، دەبێ کۆتایی بە سەرچاوەی ئەم ڕاکێتە وێڵانە بێن کە هەر ڕۆژ لە گۆشەیەکەوە بەرەو گۆشەیەکی دیکەی ناوچەکە دەتەقێندرێن. کوردستان دەمێنێ و کۆماری ئیسلامی دەچێتە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

# بایەخی مێژوویی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٢٤ و میراسی سیاسی ئەوان بۆ ئێمە



ئیبراهیم لاجانی

بەشی چوارەم و کۆتایی

### ئۆپتیمیزم و گەشبینی

ئێمە لە حاڵی ئاڵوگۆڕێکی جیددی و بنەڕەتیداین. ئاڵوگۆڕێک کە لەگەڵ خۆی گۆڕانکاری ڕادیکاڵ لە ژیان و خەباتی میللەتی ئێمەدا دێنێتە پێش.
لەو سی و چەند ساڵەی دواییدا نەوەیەکی تازە لە کوردستاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیان و خەبات. نەسڵێکی تازە هاتۆتە گۆڕەپانی ژیان کە باسەواد و ئاگایە. ڕاستە لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا گەورە بووە، بەڵام خاوەنی دید و ڤیزشنێکی مۆدێرن و هاوچەرخە. بە هەزاران داوی دیاروناديارەوە بە دونیای تازە بەستراوەتەوە و کاریگەری لێوەردەگرێ. قازانج و بەرژەوەندی لە ئاڵوگۆڕدایە و کۆماری ئیسلامی و فەلسەفەی سیاسی و حکومەتی ئەو ڕێژیمەی بە ئێسکوپێستەوە تاقی کردۆتەوە و لێی تێپەڕیوە و ئیدی نایهەوێت.
لە چەند دەیەی ڕابردوودا، دیسکۆرس و گوفتمانی سیاسی یا چەپی و مارکسیستی بوو یان مەزهەبی و ئیسلامی. ئێستا دیسکۆرسی زاڵ لە کۆمەڵگای کوردستاندا، ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و کوردایەتییە.
ئەزموونی مێژووی میللەتانی دیکە پێمان دەڵێ کە هەرکات نەسڵی تازە هات و دیسکۆرسی تازەش بەسەر فەزای سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگادا زاڵ بوو، حەتمەن ئاڵوگۆڕ لە سیستمی سیاسی و حوکمرانیشدا پێک دێت.
دەبینین ناوچە بۆتە مەیدانی ململانێی سیاسیی هەموو دونیا، هەر ئاڵوگۆڕێک لە ناوچەدا بێتە پێش، بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی کوردە. ئەزموونی ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە عێراق و سوریە و تورکیە ئەوە دەردەخەن. ئەوە لە ئێرانیشدا هەر ئاوا دەبێت.
دەرفەتێکی زۆر لەبار بۆ ئێمە هاتۆتە پێش، ناوچە بۆتە چەقی ڕووداوەکانی دونیا. بۆ ئەوەی بتوانین کەڵکی لێوەرگرین، دەبێ فاکتۆرێکی بەهێز و کاریگەری نێو مەیدانەکە بین. بۆ ئەوەش دەبێ بەهێز بین. دەبێ دەورانی ئینشعابات و تەفرەقە و دابڕدابڕبوون، بەوانەشەوە کە مەوجودیەتی سیاسی خۆیان لەو ئینشعاب و تەفرەقانەدا دەبینن و ئامادەنین لەگەڵ کاروان بڕۆنە پێش، بەجێ بهێڵین.
بۆ ئەوەی وەک پارامیترێکی جیددی لەسەر ڕووداوەکان شوێنەوار دابنێین دەبێ:
یەکەم بگەینە تەوافوق و تەفاهومی نەتەوەیی و میللی. بە بێ تەفاهومی میللی نە بە ئازادی دەگەین، نە بە دێموکراسی . بۆ گەیشتن بە تەفاهومی میللی دەبێ متمانە لە نێو خۆمان و ڕیزەکانی بزووتنەوە و میللەتەکەماندا دروست بکەین.
بۆ ئەوەی بەو تەوافوقە بگەین سێ مەرج پێویستن.
بەو ڕاستییە بگەین کە کوردستان وڵاتی هەموومانە و بە هەر سەلیقە و بیروباوەڕێکی سیاسییەوە کە هەمانە، نابێ کەس حەزف بکەین و لە ڕیزەکانی خەبات و بەربەرەکانی و بزووتنەوەی کورددا قۆرخکاری و هەڵاواردن و خۆمەخۆمە بگرینە پێش. پلۆڕالیزمی سیاسی و فەرهەنگی و فکری و فەلسەفی و حیزبی، خەبات و بزووتنەوەکەمان دەوڵەمەند و لەشکاننەهاتوو دەکات.
مەرجێکی دیکە ئەوەیە مێژوومان میللی و ناشناڵیزە بکەین. مێژوو ئەوەیە کە ڕووی داوە، هەرکەسمان دەتوانێ نەزەر و بۆچوون و لێکۆڵینەوەی خۆی لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان هەبێت، بەڵام نابێ مێژوومان بکەینە حیزبی و سیاسی و ئیدئۆلۆژیک و کەسایەتییە مێژووییەکانمان لە کفنی حەسەن و حوسەین وەرپێچین و بە ڕۆحیەوی عاشوورایی سەیری کەسایەتییە سیاسی و ڕووداوە مێژووییەکان بکەین.
مەرجێکی دی ئەوەیە کە بیروڕای گشتی و نەزەراتی خەڵک وەبەرچاو بگرین. ناکرێ داوا لە خەڵک بکەین کە نەزەری ئێمە قبووڵ بکەن. ئەوە ئێمەین دەبێ سیاسەتەکانمان لەسەر ئەساسی بیروبۆچوونی خەڵک و ویست و داخوازەکانیان دابڕێژین. مەبەستم ئەوەیە کە بیروڕای گشتی دەبێ بە هێند بگرین. حیزبێک و ڕێبەرێک و کەسایەتییەکی سیاسی کە هەست بە فشاری بیروڕای گشتی لەسەرخۆی نەکات و وەڵامدەری نەبێت، بێ مەسئوولیەتە.
کەواتە دەبێ تەعەهود بە دێموکراسی و پلۆڕالیزمی سیاسی و فکری و فەلسەفی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و گوێدان بە بیروڕای گشتی لە ئێستاوە لە خۆماندا بەهێز بکەین. ئەوە ئەزموونی خەباتی خۆمان و میللەتانی دیکەیە. هیچ هێزێکی ئازادیخواز بەبێ تەعەهود بە ئازادی و دێموکراسی، ناتوانێ بە ئازادی و دێموکراسی بگات.


### ئاسۆی تازە بەسەر خەبات و بزووتنەوەی کورددا بکەینەوە

بە ملیۆن کەس لە کوردستان گوێ لە پەیامی حیزبی ئێمە دەگرن. ئەوانە هێزێکی کاریگەرن و دەتوانن بنبەستی هەنووکەیی بشکێنن.
هێزی حیزبی ئێمە هەمیشە لەوەڕا هاتووە کە هێزێکی جەماوەرییە و پێشڕەوی فکری و سیاسی میللەتی خۆمان بووە. بۆیە دەبێ دیدمان بڵند بێ و دوور بڕوانین. دیدی بەرزی سیاسی ناهێڵێ تووشی کوێرەڕێ و لادان بین. ئەو قسەیە نابێ وەک ئیدەئالیزم لێک بدەینەوە. ئیدەئالیزم خۆی لەخۆیدا هیچ عەیب نییە. پێوەندی بەوەوە هەیە کە چیمان بۆ میللەتی خۆمان دەوێت .
میللەتی ئێمە زەرفیەتی سیاسی و فەرهەنگی ئەوەی تێدایە کە بگاتە ئاستی میللەتانی بەختەوەری دونیا بۆیە دەبێ ئامانجی خەبات بۆ ئێمە هەر ئەوە بێت.
دەزانین چڵەپۆپەی گەشەکردنی کۆمەڵگای ئینسانی ئەو مۆدێلەیە کە لە باکور و ڕۆژئاوای ئوورووپادا، لە سکەندیناڤیدا، مرۆڤایەتی پێی گەییوە. ئەوە دەبێ ئامانجی ئێمەش بێت. ئەگەر لەباری جوغرافیاییشەوە ناتوانین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێینەدەر، دەتوانین لەباری سیاسی و فکرییەوە خۆمان لەو چاڵە ڕزگار بکەین. تورکیە هەموو هەوڵی ئەوەیە بێتە نێو یەکیەتی ئوروپا. ئەوە دەبێ ئامانجی کوردیش بێت.
واتە دەبێت خۆمان لە دونیای سێیەم و دونیای ئیسلام و دونیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی عەرەبی و فەلەستینیزەکراو ڕزگار بکەین.
دونیای سێیەم بەرانبەرە بە دواکەوتوویی، زووڵملێکراوی و قوربانی بوون. دونیای ئەوانەیە کە لە کاروانی شارستانیەت جێماون. ئەفریقا نموونەی ئەو دونیایەیە. ئەوانە لە چەرخەکانی نێوەڕاستی خۆیاندان و سوننەت و دابونەریت وەک پەتک لە دەستوپێیان ئاڵاوە. شەو و ڕۆژ باسی ئازادی دەکەن، بەڵام دەرکی ئەوان لە ئازادی سنووردارە. ڕێبەرانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانیان هەر ئەو ڕەفتارانە لەگەڵ خەڵکی خۆیان دەکەن کە داگیرکەرەکانیان لەگەڵیان کردوون.
دونیای ئیسلامی لە دواکەوتوویی و مەزلوومیەت و قووربانی بووندا، لە دونیای سێیەم چەند مەرتەبە لەخوارتریشەوەیە. لە فەزایەکی داخراودا دەژی. وێنەیەکی زۆر پڕ لە تەمومژی لە ئازادی هەیە، کۆمەڵگای ئیسلامی کۆمەڵگایەکی تەقدیس کراوە، چارەنوسی مرۆڤ و کۆمەڵ لەپێشدا دیاری کراوە. لەو دونیایەدا ڕزگاری و سەعادەت و ئازادی بریتییە لە گەڕانەوە بۆ دوایە، لەو کۆمەڵگایەدا جێیەک بۆ ماف و ئازادییە ئینسانییەکان نییە، ئەو مۆدێلە لە باشترین حاڵەتدا دەمانگەیەنێتە ئەفغانستان و سعودیە و قوم و داعش، بەڵام هەرگیز نامانباتە مۆدێرنیتە و دێموکراسی .دونیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش، ئەو چاڵە قوڵە تەواو دەکات. لەو دونیایەدا دوژمنایەتی ڕۆژاوا و یەهودیەت و مۆدێرنیتە، بناخەی سیاسەت و کردەوەی سیاسییە. هیچ بەرپرسایەتییەک قبووڵ ناکات، هەرچی بەسەری هاتووە و بەسەری دێ، خەتای بێگانە و ڕۆژئاوایە. لە دونیای ئیسلامی و شەرقی ئەوسەتی و عەرەبیدا، مەزهەب بەسەر بیر و ئەندێشەدا زاڵە. لەو دونیایەدا ڕابردووی دوور وەک کابووس و دێوەزمە سواری سنگی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگا و تاکەکان بووە و بە بارمتەی گرتوون و هەناسەی لێبڕیون. لێرەدا خەڵک لە ڕابردوودا دەژین و گەڕانەوە بۆ ڕابردووش، فەلسەفەی کاری سیاسی ئەوانە. ئەو دونیایە هێشتا خۆشبەختی وەک غایەت و ئامانجی ژیان کەشف نەکردووە. هێشتا بەو ڕاستییە نەگەییوە کە ئامانجی ژیان بریتییە لە خۆشبەختی و ئازادی و گەیشتن بە فەزیلەت و جوانی و ڕفاه و بەختەوەری هەرچی زۆرتر و زۆرتر بۆ ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە خەڵک.
ئێمە دەبێ خۆمان و میللەتی خۆمان لەو چاڵانە قوتار بکەین. نابێ خۆمان بە پێوانەکانی دونیای سێیەم و سەرمەشقەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و دونیای عەرەب هەڵسەنگێنین. پێویست نییە واز لە ئیسلام وەک دین بێنین، ئیسلام ئایینی ئێمەیە، بەڵام چارەنوسی سیاسی ئێمە نییە. دین تەنیا لە دێموکراسییەکی ڕاستەقینەی وەک فینلاند و نۆروێژدا دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ سیاسەتی درووست و کاری خێر. دین لە کۆمەڵگا دواکەوتوو و ئیستیبدادییەکاندا، نابێتە دەسمایە لە سیاسەتدا. چوونکە لەو کۆمەڵگایانەدا خورافات و عادەت و تەقالیدی عەشیرەتی و کولتووری دواکەوتوو و قازانج و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی حاکمان و دەستە و تاقمە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ دین تێکەڵ بووە و بەو جۆرە دین کارکرد و نەخشی ڕاستەقینەی خۆی لێئەستێنراوەتەوە. ئەوەتا ئاکامەکەی ئێستا لە ئێران و لە ناوچەدا دەبینین.
ئێمە دەبێ میللەتەکەمان بەرینە دونیای یەکەم کە لەوێدا پێشکەوتن لە زات و کارکردی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێ و ئازادی و دێموکراسی ڕۆژبەرۆژ زیاتر بە قازانجی تاک و کۆمەڵ قوڵتر دەبنەوە.
هێزی حیزبی ئێمە لەوەدایە کە ڕێگای درووستی سیاسی وەبەرپێشی میللەتی خۆمان بنێ. ئایندەی کوردستان ئازادی و دێموکراسییە بۆیە نابێ بە هیچ جۆرێک سیاسەت و خەباتی خۆمان تووشی داوی شەڕی مەزهەبی و ئایینی بکەین. دیارە ئەوە بەو مانایەش نییە کە بکەوینە دژایەتی و دوژمنایەتی دین و مەزهەب و موقەدەساتی خەڵک. وەک حیزبێکی دێموکرات، دەبێ بە هەموو تواناوە لایەنگری ئازادی دین و مەزهەب و عەقیدە و بەیان بین. لە حاڵێکی ئاوادا خواناسان و موسوڵمانان و پەیڕەوانی دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیش پتر لە دەوری سیاسەتەکانی ئێمە کۆدەبنەوە.

### کەڵکوەرگرتن لە ئیمکانات و زەرفیەتەکانی سەردەم بۆ بردنە پێشی بزووتنەوە

پاراستنی کوردستان و خاک و ئاو و سروشتی کوردستان دەبێت نێوەرۆکی ناسیۆنالیزمی کوردستانی بێ. بۆ درووستکردنی ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری بۆ میللەتی خۆمان، جگە لە ئیمکاناتی کوردستان هیچ شتێکی دیکەمان لەبەر دەستدا نییە.
پاراستنی خاک و ژینگە و ئاو و کانی و ڕووبار و دەریا و چۆم و کانیاو و لێرەوار و جەنگەڵەکانی کوردستان و کەڵکەکردنی سەرمایە مادی و مەعنەوی و ئینسانی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی، ئەرکی نیشتیمانی ئێمەیە.
میللەتانی پێشکەوتووی دونیا تەنیا لە ڕێگای وەسەریەکنانی بەردەوامی سەرمایە و سەروەت و بایەخە مادی و ئینسانی و فەرهەنگییەکانیان، بە ڕفاه و بەختەوەری گەیشتوون. ئێمەش دەبێت لێیان فێربین. چوونکە ڕێگایەکی دیکە جگە لە کار و زەحمەت و ماندووبوون و وەسەریەکنان و کەڵکەکردنی سەرمایەکان، بۆ گەشەکردن و ڕفاه و کامەرانی نییە. دیدگای حیزب و بزووتنەوە بۆ ڕوانین گەورە و بەری کەینەوە و خۆمان لەگەڵ دونیای نوێ هاوئاهەنگ بکەین. لە یەک قسەدا لەسەرمانە پێ بنێینە قەرنی بیست ویەکەم. سەدەی بیستەم کە تەواو بوو، لەگەڵ تەواوبوونی خۆیدا، ئەو سەرمەشقانەشی خستنە گۆڕ کە بۆخۆی هێنابوونی یانی سۆسیالیزمی پادگانی، فاشیزم، ناسیزم و ئیسلامی سیاسی و ڕاست و چەپی توندئاژۆ.
دەبێ سیاسەت و تاکتیک و حیزبایەتیمان پێ بنێتە قەرنی تازە. یانی دەبێت خۆمان و ژیان و خەباتەکەمان دێموکراتیزە و هاوچەرخ و گونجاو بکەین. با لەوەش نەترسین کە حیزبی ئێمە و خەباتەکەی لەگەڵ هەندێک چالێنجی جیددی بەرەوڕوو بووە. ئەوە بە قازانجی ئێمە تەواو دەبێ و ناچارمان دەکات خۆمان و خەبات و تێکۆشانمان لەگەڵ مەوقعیەتی دونیای سەردەم ڕێک بخەین. ئێمە حیزبێکین بەردەوام لە حاڵی فێربووندایین. هەر بۆیەشە ماوینەتەوە و بێ ڕەبت نەبوینە و مەوزوعیەتمان لە دەست نەداوە.
دەرسەکانی قەرنی بیستەم فێر بین. پەند و عیبرەت لە ئەزموونەکانی قەرنی ڕابردوو وەرگرین. ئەوە کە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەرگیز بە بەهای لەژێرپێنانی ئازادی نایەتەدی. گەشەسەندنی ئابووری بە ڕێگای سەرمایەداری دەوڵەتیدا مسۆگەر نابێت. هیچ پێشکەوتنێک لە ڕێگای سەرکوتەوە دەستەبەر ناکرێ. پۆپۆلیزم و خەڵک بەفریوبردن، قەت ناتوانن جێگای ئازادی و دێموکراسی بگرنەوە.
فێربین کە هیچ ئیدئۆلۆژییەک، حیزبێک، سیاسەتێک، کەسایەتییەکی سیاسی و ڕێبەرێک و سیاسەتمەدارێک ( بە حیزب و ڕێبەرانی خۆشمانەوە) موقەدەس نین. ئامانجی سیاسەت بریتییە لە ژیان لە فەزیلەتدا بۆیە ئەوەی شکڵ بە سیاسەتی ئێمە دەدا، تەنیا و تەنیا دەبێ بریتی بێ لە خێری عمومی واتە ئازادی و ڕزگاری میللەتی کورد و گەلانی دیکەی ئێران. قەرنی بیست ویەکەم دونیای سەردەم کە بۆتە شارێکی گلۆبال، گۆڕەپان و مەیدانی خەبات و تێکۆشانی هاوچەرخی ئێمەیە. ئەو قەرنە بۆخۆی بەو هەموو پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییەوە کە لەگەڵ خۆی هێناویەتی، بەقازانج و لە پشتیوانی میللەت و بزووتنەوەی ئێمەدا کار دەکات و شوێندانەری سیاسی و سازماندانی حیزبی ئێمە دەباتە سەرتر. ئیمپاوەرمێنت بە حیزب و تەشکیلاتی حیزب بۆ مۆبیلیزەکردنی و هەڵخڕاندن و بەسیجی خەڵکی کوردستان دەدات و دەنگی میللەتی ئێمە بە چوارتەرەفی دونیا دەگەیەنێ. ئێستا مەسەلە ئەوەیە کە ئایا ئێمە تێکۆشەرانی حیزب، بەو قەد و قەبارە گەیشتووین کە لەگەڵ ئەو وەزیفەی کە هاویشتوومانەتە سەر شانی خۆمان بێتەوە؟ ئایا نابێ خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو مەوقعیەتەی تێیداین؟
ئێمە بەو پەیمانەی بە میللەتی خۆمانمان داوە بۆ بردنەپێشی خەبات تا سەر وەفادار دەمێنینەوە. ئێمە کوڕو کچی زەمانە و سەردەمی خۆمانین و لە مەیدانی شەڕانخێوی خەباتی قەرنی ٢١دا، سواری شەپۆلە بڵندەکان دەبین و لە هەموو زەرفیەتی ئەو قەرنە، بە هەموو ئەو ئیمکاناتە زۆرەوە کە لەگەڵ خۆی هێناویەتی و وەک بای شورتە، بۆ بردنەپێشی خەباتی میللەتەکەمان کەڵک وەردەگرین.
کاک حەسەن شیوەسەڵی تێکۆشەر لە ئاخرین تێکستی ڤیدیۆیی خۆیدا سەبارەت بە داهاتووی خەباتی حیزب و میللەتەکەمان دەڵێ: «من نائومێد نیم، چوونکە مایەیەکی زۆر بۆ خەبات و بەربەرەکانی لە نێو میللەتی خۆماندا دەبینم». ئەو بە بەیانێکی دیکە دەڵێ: «حیزب و خەڵک و مێژوو بە ئێمەوە، ئەو نەسڵە لە خەباتکارانی میللەت، شەرمەزار نابن».

# کانگای دێموکراسی لە ژێر تیغی جەللادان




**لاجان**

ڕێژیمی ئێران دوژمنی سەرەکی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا؛ لە هەر هەل و دەرفەتێک کە بۆی بلوێ هەرچی لە دەستی بێ دژ بە کورد دەیکات و دریغی ناکات، هەموو کات کۆسپ و تەگەرەی خستۆتە سەر ڕێگای دۆزی کورد و دوورخستنەوەی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی. لە هەموو ڕێگەیەکەوە بە تایبەت لە نانەوەی ئاژاوە و زەقکردنەوەی دووبەرەکی لە نێوان هێزە کوردییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەستی نەپاراستووە. یەکێک لەو کارە قێزەونانەی سازکردنی فیلمێکی بەناو بەڵگەنامەیی بە ناوی « لبه دوم تیغ»ە کە لە تۆڕی میدیایی پارێزگای سنە لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ ڕێبەندان بڵاوکرایەوە کە تێیدا گەلێک چەواشەکاری و درۆ و بێڕێزی دەرحەق بە کورد و ڕێبەرانی کورد کرابوو کە پێویستە هێندێک ڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوە و وەدرۆهێنانەوەی سەرانی ڕێژیم کە خۆیان بە جێگرەوەی ئیمامی زەمان دەزانن بدەین و ئەو نیازە گڵاوەی لەم فیلمە چەواشەکارییە هەیانبووە بخەینە ڕوو. ئاخوندەکان لە ماوەی ئەو چل ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتدارییان بەهۆی سەرکوت و ترساندن و تۆقاندن و تیرۆر و ڕەشەکوژی ماوەی دەسەڵاتی خۆیان درێژ کردۆتەوە و هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەوان ئەو دنیایەیان ڕاگرتووە و ئەگەر ئەوان نەبن دنیا نامێنێ!! و تەواوی کێشە و بێسەرەوبەرەیی و قەیرانەکان بە کاری دوژمنانی دەرەکی و ناخۆیی و ئاژاوەگێڕان لە قەڵەم دەدەن و بەو بەهانەیە کەشی کۆمەڵگایان بە تەواوی ئەمنییەتی کردووە و ڕێگەی هەر چەشنە نارەزایەتی و ئیعتیرازدەربڕینێک لە دژبەران و نارازیان دەگرن. ئێستا بۆ دنیا ڕوون بۆتەوە کە ڕێژیم سەرەکیترین تێرۆریست و ماکەی ئاژاوە نەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکوو لە هەموو دنیایە!

**لەپێشدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە مەبەستی ڕێژیم لە بڵاوکردنەوەی ئەو فیلمە سێ ڕەهەندی سەرەکییە:**

**یەکەم: کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و حیزبەکانی سیاسی گۆڕەپانی خەبات بۆ ڕزگاری کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.**
**دووهەم: کۆمەڵگای کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات.**
**سێهەم: بەردەنگی ناوخۆی ئێران.**

بەڵام لە سەرەتادا هێندێک ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە لە سەر هێندێک شوێنی فیلمەکە دەدەین کە زۆر بەخێرایی بەسەریاندا تێدەپەڕی وەک: « انقلاب اسلامی ایران در بهمن ٥٧ به اوج خود رسید و کوردها را نیز به سیل خروشان خود متصل کرد!» ، « جرقەای ئارامش را در غرب کشور به هم زد! « ، «پادگان ارتش در مهاباد تصرف شد و گروهی در بهبوحه انقلاب شعاری متفاوت از شعار مردم سر میدادند.» ، « فرصتی فراهم شد تا گروههای متعددی با هدف تجزیه ایران با حمایت کشورهای بیگانه اعلام موجودیت کنند.» ، « دو جریان عمدەی آن روز که در تحولات کردستان نقش آفرین بودند، دمکرات و کومەله بودند» لە پێش هەموو شتێکدا شۆڕش هی هەموو گەلانی ئێران بوو. ئەوە ئەوان بوون کە بە هەلپەرەستی سواری شەپۆلی شۆڕش بوون و خۆیان بەسەر خەڵکدا داسەپاند. وەک خومەینی بۆ خۆی لە وڵامی هەواڵنێرێکدا ڕاشکاوانە دەڵێ فێڵمان کرد (خدعە کردیم).

جیا لەمەش ئێمە لەگەڵ شۆڕش نەکەوتین بەڵکوو ئێمە خۆمان لقێکی سەرەکی شۆڕش و بەرخۆدان دژی شا بووین لە کوردستان. ئێمە کاتی سەرهەڵدانی سمایل ئاغا دژی پەهلەوی بووین، ئێمە ساڵی ٢٤ کۆماری کوردستانمان دژی حەمەڕەزا شا دامەزراند، ئێمە ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧ دوڕگەی هێمنی دەروازەکانی تەمەددونی ئێرانمان هەژاند! ئێمە لە ساڵەکانی ٥٦ و ٥٧ شەقامەکانی کوردستانمان لە ژێر پێی خۆماندا وە لەرزە خست کەواتە چۆنە کە ئەوان پێشەنگ و ڕێنیشاندەر بوون بۆ هاودەنگبوون بۆ ڕووخانی ڕێژیمی شا!! کورد بە درێژایی ساڵانی خەباتی بە دژی ڕێژیمی شا و پێشتریش خاوەن ئامانج و دروشمی ئازادی و ڕزگاری گەلی خۆی بووە. ئەوە کە ئەوان بە دەنگی جیاواز و دروشمی ئازادیخوازانە هەڵدەبەزنەوە و چاوی دیتن و گوێی بیستنی ئەو خەڵک و ئەو بیروباوەڕەیان نییە جێگای سەرسووڕمان نییە چونکە قەت تامی ئازادی و سەربەستیان نەچێشتووە بۆیە دەڵێن: «شعاری متفاوت از شعار مردم سر میدادند!» بڵێی ئەو دەنگ و دروشمە جیاوازە کە بۆ ئەوان نامۆ بوو چ بووبێ!! بەڕاستی ئەوەی ئەوان بە تاقم ناویان دەبەن تاقم و کەسانێک بوون یان ئاپۆڕای خەڵکی کوردستان!؟ کە بە ڕووخانی ڕێژیمی شا بە هیوای وەدیهاتنی ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان هاتبوونە مەیدان و داوای ڕەوای خۆیان کە چەندین ساڵ بوو خەباتیان بۆ دەکرد دەستەبەر بکا.

بەڵێ دروشمی جیاواز بوو کە ئەوان پێیان قووت نەدەدرا! ئەوان خوازیاری دەسەڵات و هێژمۆنی بە سەر گەلانی ئێراندا بوون.

لە کاتێکدا دروشمەکە کە خاوەنەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو داشداری خەڵکی ئێران و گەلانی ئێرانی دەکرد.

دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دروشمی سەرەکی حیزب بە ڕێبەرایەتی دوکتور قاسملوو بۆ گەلانی ئێران و خەڵکی کوردستان بوو. دوکتور قاسملوو باش دەیزانی ئەگەر خوازیاری ئێرانێکی سەقامگیر بێ! پێویستە دێموکراسی لە سەرتاسەری ئێران جێگیر بکرێ و خودموختاری بۆ گەلانی ئێران مسۆگەر بێ. هەر شارەزایی و دووربینییەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە ماهییەتی ئاخوندەکانی لە قاو دا و ڕەخنەی لە دەسەڵاتی ئاخوندەکان گرت و ڕایگەیاند ئەوانە ناتوانن حوکمڕانی کۆمەڵگای ئێران بکەن! و ناتوانن ئێران بەرەو دوڕگەی ئارامی ببەن؛ بۆیە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی بە «بەڵێ» و «خێر» ی بایکۆت کرد و بە ڕێفراندۆمێکی نادێموکراتیکی ناساند و لە بەرانبەریدا هەڵوێستی گرت. دیارە خەڵکیش بەشداری نەکرد. ئەو دەنگە جیاوازە و ئەو دروشمە تاقانەیە بیر و هزری قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. هەبوون حیزب و سازمان و ڕێکخراوی دیکەی سیاسی کە ئەودەم دەنگی خۆیان خستبووە پاڵ دەنگی ئاخوندەکان لە ئەحزابی ئیسلامی و چەپ و ڕادیکاڵ بە دیاریکراویش حیزبی تودە بەڵام دیتمان کە پاشان چیان بەسەرهات و چۆنیان تواندنەوە! وەک ئاماژەی پێکرا ئەوان لەگەڵ چەمکی دێموکراسی نامۆ بوون، ئەوان خۆیان بە چاوساغ و قەییومی خەڵکی دەزانی و ئەو حەقەیان بە خۆیان دا کە لەباتی خەڵک بڕیار بدەن. ئەوان دێموکراسی نا، نمادی دێموکراسیان قەبووڵە بە دەهۆی خۆیان خەڵک دەکەنە نێردیوان و بە نێردیوانی خەڵکدا وەسەردەکەون و بەڵام کە وەسەرکەوتن نێردیوانەکە بەلادادەدەن کە نە خەڵک وەسەرکەوێ و نە خۆیان بێنەخوارێ!!

هەر لەم دۆخەدا کورد دەنگ و دروشمی جیاوازی هەبوو؛ خۆ گەلانی دیکەی ئێران سەربزێو نەبوون ئەدی ماف و چارەنووسی ئەوان بۆ ئاوا شکاوەتەوە! ئەگەر هێزە کوردییەکان تاقم و گروهەکن و لە خەڵک جودا بوون بۆچی لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرگان و پارلەماندا بەربژێرەکانیان یەکەم دەنگیان دەهێناوە!؟ ئەو کات لە کوردستان ئازادی لەوپەڕی خۆیدا بوو. لە ئێرانیش فشار و زەخت و زۆر و ڕاوەدوونان و بەرتەسککردنەوەی گۆڕەپانی هەڵسووڕانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەستی پێکرد و هەر ڕۆژ بە بیانوویەک خەڵکیان قەڵاچۆ دەکرد و بە «مفسد فی الارض» دەناسێندران و دەستیان دابووە تیرۆری کەسایەتییەکان و لە مەیدان بەدەرکردنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە سەرتاسەری ئێران جیا لە کوردستان. کوردستانیش چوونکە هەر لە سەرەتاوە خەتی خۆی لە هی ئاخوندان جودا کردبۆوە جیاوازی هەبوو. کوردستان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ببووە کانگای ئازادی و دێموکراسی هەموو سازمان و حیزب و ڕێکخراوەکانی سیاسی کوردستان و ئێرانی بە – ئەوانەشەوە کە لە ترسی فشارەکانی ڕێژیم ڕایان کردبوو و هاتبوونە کوردستان_- مافی هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتیان پێدرابوو، هەموو بە ئازادی بیروڕای خۆیان لە قالبی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێپێوان و میتینگ و ڕۆژنامە و حەفتەنامە و شەونامە و بەیاننامە و ئیفشاگەری و لەقاودان و باس و مونازیرە و دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە دەردەبڕی. کەشوهەوایەک لە بواری سیاسی ساز درابوو کە کوردستان ببووە پەناگەی هەموو ئەحزاب و کەسایەتییەکانی ئێران و کوردستان. ئەو کەشوهەوایە وایکردبوو کە خەڵکێکی سەرزیندوو، داکۆکیکار، بەهەڵوێست و هەڵسووڕ لە بواری سیاسی سەرهەڵبدا، بەتایبەت لە خۆپێگەیاندن. چوونکە کەشوهەوایەکی ڕەقابەتی سالم و تەندروستی سیاسی لەئارادا بوو. ئەندام و لایەنگرانی حیزبە جۆراوجۆرەکان بۆ ئەوەی لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکان و دانیشتنەکانی نێو خەڵک و جەماوەر قسەیەکی بۆ گوتن و داکۆکی لە سازمانەکەی خۆ پێبێ ناچار بوو خۆی ماندوو کردبا و خۆی پێگەیاندبا و خۆی بەڕۆژ کردباوە. بۆ ئەو کارەش پێویست بوو وەدوای خوێندنەوە و وەدەستهێنانی زانست و زانیاری و پەیداکردنی سەرچاوە بکەوێ، خۆی بە زانست و زانیاری تەیار کردبا و لە کۆڕوکۆبوونەوە و دانیشتنەکان بەرگری لە خۆی و سازمان و بیروڕایەکەی دەکرد. ئەوەش ببووە هۆی وشیاری و سەرزیندووی خەڵک لە کوردستان.

ئێستاش ئەگەر چاوێک بە کوردستان و خەڵکی کورددا بگێڕی لەگەڵ ئەوەی گەلێک بەربەست و تەگەرە و هەڵاواردنی دەرحەق کراوە بەڵام لەگەڵ تەواوی خەڵکانی ئێران جیاوازی هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری ئابووری و هەم کۆمەڵایەتی هەیە و ئێستاش ئامادەترین هێزە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی نگریسی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**شعووری سیاسی خەڵکی کورد لە بەرانبەر هزری ئاخوندان قەت ناخرێتە تای تەرازوویەوە! ئاوەدانی کوردستان و گەشەی کوردستان و ئامادەیی خەڵک هەمووی لە بوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ**

شعووری سیاسی خەڵکی کورد لە بەرانبەر هزری ئاخوندان قەت ناخرێتە تای تەرازوویەوە! ئاوەدانی کوردستان و گەشەی کوردستان و ئامادەیی خەڵک هەمووی لە بوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ! تازە ئەحزاب و کەسایەتەییەکانی دیکەی ئێران دان بە هەڵەبوونی خۆیان و هەڵوێستی دروستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی و ڕووداوەکانی ئەوکات دادەنێن. تازە دەزانن کاتێک باڵوێزخانەی ئیمپریالیزمی جیهانی!! لە تاران دەستی بەسەردا گیرا و کاربەدەستانی بە دیل گیران نەدەبا شاییان گێڕابا و پێویست بوو ئەوانیش وەک حیزبی دێموکرات ئەو کردەوەیان مەحکووم کردبا. چەند هەڵوێستێکی دروست و بەجێ بوو، زۆر نموونەی دیکە!

لەلایەکی دیکەوە زۆربەی هەرەزۆری فیلمەکە کار لەسەر ئەوە دەکات کە قەتماغەی هەڵەکانی سەهووی و بەئەنقەست دیسان هەڵکەنێ و خۆیان بە سەردا هەڵپرژێنێ و دووبارە بیانهێنێتەوە سۆ و کەڵکی نابەجێی ئەهریمەنییان لێوەرگرێ. ئەوەش وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا سێ ڕەهەند لەخۆ دەگرێ لە سەرووی هەمووان کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و حیزبەکانی سیاسی گۆڕەپانی خەبات بۆ ڕزگاری کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە چکۆلەترین ناکۆکیان هەبووە ئاماژەی پێدەکا. پاشان کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەویش دوو تەوەر لەخۆ دەگرێ؛ یەکەم حیزبەکانی کوردی و کەسایەتییەکانی تاراوگە کە ناکۆکی و کۆنتاکتیان پێکەوە هەبووە، دووهەم خەڵکی ناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە هێندێک شتیان بیر بخاتەوە و ناهومێدییەک بخاتە دڵیانەوە، سێهەم بەردەنگی ناوخۆی ئێران کە پێیان بڵێن ئەحزاب و سازمانی سیاسی ئەوا دەبێتە مایەی سەرئێشە! بیرهێنانەوە و بە بەڵگەهێنانەوەی سەقەت و دووبارە کای کۆن بەباکردن بە ئامانجی ئاگر خۆشکردن و تیندانی ئاگری دووبەرەکی و چەندبەرەکی بۆ لەبەرچاوخستن و سووککردن و بە خەیاڵی خۆ کوژاندنەوەی هیوایەک کە بۆ دوارۆژ چاویان لێیەتی و لە هەمان کاتدا ڕێژیم باش دەزانێ خەڵک چەند لەگەڵ ئەو حیزبانە هاوکار و هاوڕا و هاودەنگن! ئەو باش دەزانێ ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات نەک خەڵکی ئاسایی بگرە جاشەکانی بەکرێگیراوی ئاگاداری ماف و داواکانی گەلی کوردن و چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاون بۆ ئەوەی ماف و خواستەکانیان وەدەست بێنن و بە سەربەستی و ئازادی بگەن.

ئەوەی ڕێژیم دەیهەوێ لە ڕێگەی ئەو فیلمە وەدەستی بێنێ بەشی زۆری لە ڕەهەندی یەکەمدا خۆ دەبینێتەوە بەڵام خەیاڵیان خاوە خەڵکی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات ناکەونە ئەو کاناڵەی ڕێژیم بە خەیاڵ بۆی کێشاون. چوونکە کر و تانوپۆی ڕێژیم بۆ خەڵک لە ڕۆژ ڕوونترە، دەزانن ئەوە پەلەقاژەی سەرەمەرگە و بۆ بەسۆهێنانەوەی دەردی کورد و خەونی تەشەنەئەستاندنی ئاسنی ساردکوتانە. چوونکە ماهییەت و زاتی کۆماری سێدارە بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆتەوە و درۆ و چەواشەکارییەکانی بڕەویان نەماوە و هاکا خرانە زبڵدانی مێژووەوە.

**خەیاڵیان خاوە خەڵکی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات ناکەونە ئەو کاناڵەی ڕێژیم بە خەیاڵ بۆی کێشاون. چوونکە کر و تانوپۆی ڕێژیم بۆ خەڵک لە ڕۆژ ڕوونترە، دەزانن ئەوە پەلەقاژەی سەرەمەرگە و بۆ بەسۆهێنانەوەی دەردی کورد و خەونی تەشەنەئەستاندنی ئاسنی ساردکوتانە. چوونکە ماهییەت و زاتی کۆماری سێدارە بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆتەوە و درۆ و چەواشەکارییەکانی بڕەویان نەماوە و هاکا خرانە زبڵدانی مێژووەوە**

# هەوڵێکی بێئەنجام



**هەتوان**

پاش تێکڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، زلهێزانی جیهانی و ناوچەیی گرینگییەکی زیاتریان بە ئەنجامدانی شەڕی نەرم دا و بە وەرگرتنی ئەزموون لە ڕابردوو هەوڵیان دا کە بە بێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و بە تێچوویەکی کەمتر ئامانجێکی زیاتر لە بیاڤەکانی سیاسی، ئابووری، ئەمنیەتی و فەرهەنگی بپێکن. ئەگەرچی ئەمە یەکەم جار نەبوو کە شەڕی لەو چەشنە دەهاتە ئاراوە و پێشتریش، هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە مرۆڤ هەوڵی دەدا کە لە ڕەوتی شەڕەکاندا لە تکنیکی جۆراوجۆر کەڵک وەربگرێ بۆ پێکانی ئامانجگەلێک کە زیاترینی بریتی بووە لە تێکڕووخاندن و دابەزاندنی ورەی لایەنی بەرامبەر؛ لەوانەش بڵاوکردنەوەی درۆ و هەواڵی ناڕاست و دانی زانیاری نادرووست بەشێوەیەکی بەربڵاو.

ئەم جۆرە لە شەڕ کە وەک ئاماژەی پێکرا بە تێچوویەکی کەم و کاریگەری زۆرییەوە دەناسرێتەوە بەپێچەوانەی شەڕی زبر کە لە بیاڤی سەختی ئەمنیەتی و سەربازیدا خۆی دەنوێنێ زیاتر لە بیاڤی نەرمی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیدا خۆی دەردەخات و شوێنەواری درێژماوە بەجێ دەهێڵێ؛ کەواتە مرۆڤ دەبێ زۆر وریاتر لە بەرامبەریدا بجوڵێتەوە. لە ئێرانیشدا کەموزۆر کەڵک لەم جۆرە شەڕە وەرگیراوە بەڵام جیاوازی ئەوەیکە لە ئێراندا ئەنجام دراوە لەگەڵ ئەوەیکە وڵاتانی دیکە کردوویانە لەوەدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە کە ئەگەر وڵاتانی تر بۆ بەچۆکداهێنانی دوژمنی زەفەربەر یان بۆ زیادکردنی پانتایی دەسەڵاتەکەیان لەبەرامبەر وڵات و گەلێکی تردا ئەو کارەیان کردووە لە ئێراندا شەڕی نەرم زیاتر لەدژی خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە کە بە ئێران دەناسرێ بەکار براوە! هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئێران لەڕاستیدا خۆی بە خاوەنی ئەو جوغرافیایانە دەزانێت کە نەتەوەکانی وەک کورد و تورک و عەرەب و بەلوچی تێدا دەژی. هەر لەم چوارچێوەیەشدایە کە دەبینین هەموو کات لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا بە چاوی تەماح و ڕژدەوە سەیری خاک و جوغرافیای ئەوانی کردووە و وەک کۆلۆنییەکی ژێردەسەڵاتی خۆیان لێیان ڕوانیوە! لەم نێوانەشدا بەتایبەتیتر ئەو گەلانە کراونەتە ئامانج کە زۆرترین بەرهەڵستکارییان لەخۆیان نیشان داوە.

بەگشتی ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە وەڕێخستنی دامودەزگا پروپاگەندەییەکانی بۆ ئەنجامدانی شەڕی نەرم لەدژی گەلانی ستەملێکراوی ئێران و لەو نێوانەشدا گەلی کورد، لەم چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە:

. بە کەم و سووک لەقەڵەمدانی فەرهەنگی نەتەوەیی
. بە کەم و سووک نیشاندانی ڕەوت یان بەرەیەکی سیاسی
. دروستکردنی کەشی ژاراوی و ناتەندرووست بۆ کۆمەڵگا و لێئەستاندنەوەی متمانە
. سازکردنی دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە لە نێوان خەڵک
. پەرەدان بۆ ناهومێدی و دڵەڕاوکێ
. دڵساردکردنەوەی نەسڵی نوێ و چینی لاو
. کەمکردنەوەی ڕۆحیەی کەسانی جیابیر و ئازادیخواز
. سازکردنی دووبەرەکی و چەندبەرەکی لە نێوان هێزە سیاسییەکان
. هەوڵدان بۆ قەیراناوی نیشاندانی وەزعیەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی
. زیادکردنی ئاستی نارەزایەتیی و بۆڵەبۆڵەکان
. سازکردنی ترس و دڵەڕاوکێ
. چاوترسێنکردنی کوردستان و کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان بە مەبەستی بردنەسەری تێچووی چالاکی شوناسخوازانە
. پێشگرتن بە دژکردەوەی کۆمەڵگای مەدەنی لەئاست ڕووداوەکان
. ئاژاوەنانەوە لەنێوان حیزبە کوردییەکان، بە مەبەستی بەگژیەکداکردن و زەربەلێدان لە خەباتی نەتەوەیی کورد
. سەپاندنی سزای قورس بەسەر گیراوانی سیاسی
. سازکردنی فوبیایەکی زەینی لە نێو گەلانی غەیرەکورد
. شێواندنی مێژووی کوردستان و بەلاڕێدابردنی بیر و فکری نەسڵی نوێی ئەم ئاووخاکە
.بوارخۆشکردنی زەینی لای خەڵکانی غەیری کورد بۆ پەلامار و هێرشێکی هەمەلایەنە

شەڕی نەرمی میدیاکانی ڕێژیم دژ بە کورد

کۆماری ئیسلامی هەرکات تووشی قەیران و کێشەی گەورە دەبێتەوە کە توانای چارەسەرکردنی نامێنێ، دژکردەوەیەکی توندی هیستریایی لە خۆی نیشان دەدات تاکوو بەمشێوەیە ناخی پڕ لە قین و بوغزی خۆی هێور بکاتەوە و هەستی بێدەسەڵاتی و ترسی خۆی بشارێتەوە؛ بۆ وێنە کاتێک لە شەڕی هەشت ساڵە تووشی شکست بوو و ناچار کرا جامی ژار فڕ بکات دوو پرۆژەی هاوتەریبی دەست پێکرد: یەکەم لەسێدارەدانی زیاتر لە حەوت هەزار زیندانی سیاسی لە ماوەی سێ مانگدا و دووهەم قەتڵە سیاسییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کە بە قەتڵە زنجیرەییەکان ناوبانگی دەرکرد کە ئامانج لێی لەناوبردنی ڕێبەرانی سیاسی ڕەوتە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بوو.

یان کاتێک لە پرۆژەیەکی سیاسیدا سەرکەوتوو نابێ و خەڵک بە فێڵ و تەڵەکەکەی دەزانن و خەنەکەی بێڕەنگ دەمێنێتەوە دەس دەبات بۆ ڕەشبگیری و توندوتیژییەکی زۆر لە ناوخۆ؛ هاوشێوەی ئەوەیکە لە ساڵەکانی ٨٤ و ٨٨ بینیمان.

ئەم کردارە هیستریاییە ئەگەرچی پاژێکی دانەبڕاو لە ژیان و تەمەنی کۆماری ئیسلامی بووە بەڵام لە هەندێ بڕگەی زەمەنیدا گەیشتووەتە لووتکەی خۆی؛

بۆ نموونە لە ماوەی مانگەکانی بەفرانبار و ڕێبەندانی ساڵی ٩٩، تەنیا لە کوردستان شەپۆلێکی نوێ بەڵام بەربڵاوتر لە ڕابردوو لە دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان دەستی پێکرد کە ڕێژەیان خۆی دا لە زیاتر لە ١٠٠ کەس. ئەم کەسانە بەشێکی بەرچاویان خەڵکانی ئاسایی، چالاکانی ژینگەپارێز، کرێکاری، مەدەنی و ژنان بوون. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەشبگیرییانە کۆمەڵێک پەلاماری سیستماتیکی بەناو دەنگوڕەنگی ڕێژیم و دەستوپێوەندییەکانی لە چەند شاری کوردستان بۆ سەر جلی کوردی و هەروەها کەسایەتییە فەرهەنگی و ئەدەبی و سیاسییەکانی دەستیان پێکرد. بەڵام ئەمجارەیان بۆچی؟

کۆماری ئیسلامی لە هەڵبژاردنی دوایین خولی مەجلیسی خۆیدا تووشی قەیرانی قووڵی ڕەوایی بوویەوە، هەروەها بەهۆی بەڕێوەبەریی ناتەندرووست و بوونی مافیاگەلی جۆراوجۆری ئابووری، لەسەرووی هەمووان سپای تێرۆریستی پاسداران، تووشی دارمانی ئابووری هاتووە و هەڵبژاردنی سەرکۆماریشی لەپێشدایە! بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە کوردستان ئەمڕۆ هەر وەک ڕابردوو ناوەند و چەقی سەرەکی بزاڤی مافخوازانە دژ بە کۆلۆنیالیزمی کۆماری ئیسلامییە، ئاشکرایە کە لەلایەکەوە هەوڵی چاوترسێنکردن، میلیتاریزەکردن و چەواشەکاری بەمەبەستی شاردنەوەی قەیرانەکان و لەلایەکی تریشەوە هەوڵی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بدات. کۆماری ئیسلامی لەم ماوەیەدا جیا لەو بێڕێزییانە کە بە کلتووری کورد کردوویەتی و جیا لە گرتنی لەگۆترە و هەڕەمەکی لاوانی کورد لە ڕەهەندێکی دیکەشەوە هەوڵی داوە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و هەروەها سەرووریەکانی کورد لە پارچەیەکی تری ئەم نیشتمانە بڕووشێنێت و خەوشداری بکات؛ ئەویش بریتی بووە لە سازکردن و بڵاوکردنەوەی زنجیرەدرامایەکی پێکەنیناوی بەناوی «روزهای ابدی» و بەناو دیکیۆمێنتارییەک بەناوی «لبه دوم تیغ» و کورتەفیلمێکی بەتاڵ لە مانا و ڕەهەندی هونەری و زانستی بەناوی «توکل» کە لە هەر سێی ئەم بەرهەمە تەلەفزیۆنییانەدا بێڕێزی بە خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە لە باشوور و ڕۆژهەڵات و کەسایەتییە دیارەکانی بزاڤی کورد و پێشمەرگەی کوردستان کراوە. ئەوەیکە ڕوونە و حاشای لێناکرێ ئەو ڕاستی و کەتوارەیە کە ڕێژیمی کۆنەپەرەست و دژەکوردی کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکارییەوە هەڵیکوتاوەتە سەر هەر چەشنە ویست و دەنگێکی مافخوازانە و بەزیادەوە لەبەرانبەر داوا ڕەواکانی گەلی کورد ڕاوەستاوە و بەپەڕی بێڕەحمییەوە ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕان و هێزە دادپەروەر و نیشتمانییەکان بووەتەوە .

ئەمە تەنیا خەدەی کۆماری ئیسلامی نەبووە و نییە بەڵکوو ئەوە سرشت و ماهییەتی هەموو سیستەمە کۆنەپەرەست و دوگماتیستەکانە کە بە پڕۆپاگەندای ڕوخێنەر و بە پەنابردن بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و هەوڵدان بۆ خەوشدارکردنی بزاڤە مافخوازانەکان هەوڵ دەدەن بیر و زەینی خەڵک ژاراوی بکەن کە ئەمە لە کانتێکستی شەڕی نەرمدا پێناسە و خوێندنەوەی بۆ دەکرێ؛ بەو جیاوازییەوە کە شەڕی نەرمی ئەمجارەی ڕێژیم بەرامبەر بە کورد شەڕێکی نەرمی زبر و سەختە! بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی قامکی لەسەر داناوە پرسێکی مێژوویی – سیاسییە کە دەبێ زۆر ورد و واقعبینانە ئاوڕی لێ بدرێتەوە کە ئەویش بریتییە لە پرسی جیابوونەوە و لێکدابڕانەکان لە نێو حیزبە کوردییەکان و هەروەها مەسەلەی شەڕی ناوخۆیی لە ڕابردوودا. لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیکە پێویستە بوترێت ئەوەیە کە ئەگەرچی لێکدابڕانەکانی نێو حیزب و هێزە سیاسییەکان خەساری گەورەی بە ڕەوتی شۆڕش و بزووتنەوەی کورد گەیاندووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کات نەیتوانیوە ئەو هەستە لای تاکی خەباتکاری کورد دروست بکات کە لە بەردەوامیی شۆڕش دڵسارد ببێتەوە؛ ئەگەر بەهۆی جیاوازی لە بیرکردنەوە و تاکتیک و تکنیکی خەبات گرفت و کێشە هەبووە (کە ئەمە سرووشتییە) بەڵام لە بڕگە مێژوویی و هەستیارەکاندا هەر ئەو لایەنە ناکۆکانە بوون کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکان یەکگرتوو بوون! کە ئەمەش خاڵی گرینگ و جێگەی بایەخی ئەم بزووتنەوەیە بووە.

ڕاستە کە لە ڕابردوودا بەهۆکاری جۆراوجۆر چەشنێک لە ناتەبایی لە نێو ڕیزەکانی گەل بینراوە و لە هەندێ حاڵەتیشدا پێکدادان و لیکهەڵبەزینیش هاتووەتە ئاراوە بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەمڕۆ دەبینرێ کە ئەو هێزانە کە سەردەمانێک دژبەیەک دەجوڵانەوە ئەمڕۆ لە هەوڵی ئەوەدان کە لەژێر چەترێکی هاوبەشی نیشتمانی کۆدەنگییەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەر ساز بکەن کە ڕوونە ئەمەش بەدوای خەسارناسییەکی درووست لە ڕابردوو هاتووەتە ئاراوە؛ ئەمە ئەو کەتوارەیە کە ڕێژیم ناتوانێ بیبینێت و چاوی پێی هەڵنایەت.

ڕێژیمی دژەکوردی ئێران ساڵیانی ساڵە لەم ڕاستایەدا هەنگاوی هەڵگرتووە و کەم نین ئەو بەناو بەرهەمە سینەماییانەی کە گرووپە تایبەت و دیاریکراوەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات سازیان کردووە تاکوو لەلایەکەوە خەڵکانی غەیرەکورد تووشی فۆبیایەکی ساختە بەرامبەر بە کورد بکەن و لەلایەکی دیکەشەوە نەسڵی نوێی کوردستان کە شارەزایی و ئەزموونێکی ئەوتۆیان لەسەر ڕابردووی پڕ لە شانازی گەلەکەیان نییە و نازانن کە تاران چ جینایەتگەلێکی لە کوردستان خوڵقاندووە، بەلاڕێدا ببەن. ئامانجێکی تری ڕێژیم لەم کارانە دەتوانێ هەوڵێک بێت بۆ کەلێن و مەوداخستنە نێوان خەڵکی کورد و حیزبەکانیان و سازکردنی بێمتمانەییەکی مانادار بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانی باشوور کە ڕوونە بۆ جێگیرکردنی هەستی خۆبەکەمزانینی نەوەی نوێی کوردستان ئەم کارە ئەنجام دەدات.

# پێوەندیی «هێز» و گەندەڵی

**ئەمیر ئەنجەوی**

«هێز» خاوەن مێژوویەک بە درێژایی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە.

ئەو ئەمرە نیشاندەری پەیوەندی دوو لایەنەی ئەو دوانەیە؛ بەڵام مرۆڤ لە درێژایی مێژوودا بەر لەوەیکە لە قازانج و خاڵە پۆزەتیڤەکانی «هێز» کەڵکی وەرگرتبێت،لە دەست زیانەکانی «هێز» وەزاڵە هاتووە هەر بۆیە بەردەوام ویستویەتی کە «هێز» ڕەد، نەفی یان کۆنترۆڵی بکات.

بەشێک لە بیرمەندان کە شاهیدی گەندەڵی سیاسی و ئەو بەڵایانەن کە بە هۆی هێزەوە سەریان هەڵداوە، دوای ڕەدکردنەوەی هێز لە نێو کۆمەڵگادا کۆنترۆڵ و گۆڕانکاری کردنیش لە هێزدا، بە ئەمرێکی واجبیان زانیوە. کەمبوونی سەرچاوەکان و تێرنەبوونی مرۆڤ، مرۆڤ هان دەدات کە بە خراپ بەکارهێنانی هێزی سیاسی بەشێکی زیاتر لە سەرچاوەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

گەندەڵی یان فەساد لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

**وشەی گەندەڵی بە دوو واتا بەکار دێت:**

**١)ڕابواردن و یاری**

**٢) ماڵ و سامانی کەسێک بە زۆری خواردن.**

و مانای لاتینییەکەشی بە واتای وردبوون دێت کەوایە بەپێی واتای وشەیی دەتوانین بڵێین گەندەڵی واتە شکان یان لادان لە ئوسول و قەواعد.

گەندەڵی لەسەر بنچینەی پێوانەی جیاوازدا دەکرێ بە سەر چەند شێوەی جۆراوجۆر وەک گەندەڵی دەوڵەتی و غەیری دەوڵەتی دابەش بکرێ.

گەندەڵی دەوڵەتی واتە هەر چەشنە لادانێک لە یاسا و قەواعد لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتییەوە، لە پێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان.

لە ئەنجامدا دەردەکەوێ کە نەهادی دەوڵەت بەهۆی دەست بەسەرداگرتن بە سەر هێزی سیاسیدا ،لە ناخی خۆیدا نیهادێکی سیاسییە؛ کەوایە هەر جۆرە گەندەڵییەک لە چوارچێوەی نیهادی دەوڵەتدا، بە گەندەڵی سیاسی حساب دەکرێت و بەکارهێنانی دەستەواژەگەلێک وەک گەندەڵی ئابووری، گەندەڵی ئەخلاقی، ماڵی و بوروکراتیکی و هتد بۆ ئەو گەندەڵییانەی کە لە نێو نیهادی دەوڵەتدا سەر هەڵدەدەن، دروست نییە. گەندەڵی سیاسی لە بواری هەژماری چێ بوونی، چوارچێوەیەکی گەورە لەخۆ دەگرێت. میناک گەندەڵی بچوک، گەورە و سیستماتیک.

**گەندەڵی سیاسی چەند جۆری دیکەش لەخۆ دەگرێت کە هەموویان ژێرکۆمەڵەی گەندەڵی سیاسین؛ وەکوو:**

١. بەرتیل (رشوە)دان بە کاربەدەستی دەوڵەتی بۆ ڕازی کردنی کەسی بەرتیلگر تا هێزی سیاسی خۆی لە پێناو بەرژەوەندی تاکی بەرتیلدەر بە کار بهێنیت.

٢. ئیختلاس :دزی کردنی کاربەدەستانی دەوڵەتی لە سەرچاوە دەوڵەتییەکان

٣. بە زۆر وەرگرتن: تاکی خاوەن هێزی سیاسی توانای خۆی بۆ زۆری کردن لە خەڵک بە کار دەهێنێت

٤. دەست تێوەردان لە هەڵبژاردن

٥. گەندەڵی لە یاسادا.

هەموو ئەو گەندەڵییە سیاسییانە لە زۆربەی دەوڵەتاندا هەیە بەڵام جیاوازی لە شکڵ و شێوە و جارەکانی دووبارە کردنەوەیدا هەیە.

واتە لە دنیادا دەوڵەتی بێ گەندەڵی بوونی نییە بەڵام بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە لە لایەن کۆمەڵناس و سیاسەتزانانەوە کراون ،گەندڵی سیاسی لە دەوڵەتانێکدا کە کاری سیاسی سازماندهی و ڕێکخستن و نەهادینە نەکراوە و هێزی سیاسی لەوێدا بێ چاودێری و وەڵامدانەوە بووە، گەندەڵی زۆر زیاتر لە دەوڵەتانی دیکەیە. ئەگەر ئەمری سیاسی سازماندراو و قاعدەمەند نەکرابێ ، هێزی سیاسی دەگۆڕێت بۆ دارایی شەخسی و فەردی و بەرپرس و ڕەئیسی هێزی سیاسی لە پێگە و جێگەی خاوەنی ئەو هێزە سیاسییەدا خۆی نیشان دەدات و کاربەدەستانی دیکەی دەوڵەتی بە پێی نزیکایەتیان لە خاوەنی هێزی سیاسی، بۆ خراپ بەکارهێنانی هێز لە پێناو بەرژەوەندی تاکەکەسیدا جێگیر دەکرێن.

ئەنجامی سرووشتی ئەو ڕەوشە دەبێتە تاڵان کردنی سەرچاوەکانی هێزی ئابووری، هێزی کلتوری، لاوازبونی سەربەخۆیی دەزگای یاسادانان و چاودێری و دەبێتە هۆی سیستماتیک بوونی گەندەڵی هێزی سیاسی لە نەبوونی بەڕێوەبەری یاسادا.

خاوەنی هێزی سیاسی بە مەبەستی دابینکردنی تێچووەکانی ئابووری بۆ ڕاگرتنی بەرژەوەندی کەسی «فەردمحوەر» و پێش گرتن لە بەهێزبوونی دژبەران ، تەواوی سەرچاوە ئابوورییەکان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و هەروەها بۆ سەپاندنی ڕاستی و حەقانیەتی سیاسی، ئابووری، کلتوری و سنووردارکردنی چالاکی دژبەرەکانی لە چوارچێوەی کلتوریدا، سەرچاوە کلتورییەکانیش دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و لە ئەنجامدا مەنتقی زاڵ بە سەر هێزی سیاسی کە لەسەر ئەساسی کۆنترۆڵە، لە سەر سیستمی ئابووری و کلتوریدا زاڵ دەبێ و دەبێتە بەربەست لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی ئەوانی تر بەڵام لە سیستمە سیاسییە دێموکراتیکەکاندا بەهۆی سەروەربوونی یاسا و دیسانترالبوونی هێز، مەنتقی هێزی ئابووری کە لەسەر ئەساسی دیسیپلین و هێزی کلتورییە، بە سەر سیستمی سیاسیدا سەروەر دەبێ.

# ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی چینایەتی دووانەی لێکدانەبڕاوی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی



**جیا لەم ستەم و هەڵاواردنە چینایەتییە زەق و بەرچاوە کە ئاماژەی پێکرا چەشنێک لە ستەمی سیستماتیکی نەتەوەییش لەگۆڕێدایە کە ئاورێکی خێرا بەسەر مێژووی پڕ لە شوورەیی کۆماری ئیسلامی و گەڕان بەدوای، لە یادگەی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستاندا بوونی هەیە؛**

**هەر لە هێرش و پەلاماری پاسدارانی نەزانییەوە بگرە تا دەگاتە هەوڵدان بۆ خاپوورکردنی شار و گوندی ئەم نیشتمانە و ئێعدام و کوشتنی کچ و کوڕ و ژن و پیاوی کورد**

**جاقل**

زۆر جاران وتراوە و دەگوترێ کە نەتەوەکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران و بە ڕوونی کورد، تورک، عەرەب، بەلوچ، تورکمان و باقی نەتەوە و کەمینە ئیتنیکییەکان لە سێبەری دەسەڵاتی ناوەندگەرای تاران، چ پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران و چ لە دوای ئەو، تووشی ستەم هاتوون و لە پەراوێزی هاوکێشەکاندا خوێندنەوەیان بۆ کراوە و دەکرێ؛ بەڵام ئەم تێڕوانین و خوێندنەوە لە کوێ و لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

ڕەنگە ئاوڕدانەوە لە مێژووی ١٠٠ ساڵەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەم گەل و نەتەوانە کارێکی سادە نەبێت و پێویستیی بە کات و لێکۆڵینەوەی ورد و زۆر هەبێ بەڵام بۆ ئەوەیکە ئەو کەتوارەمان زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوە و بتوانین وڵامێکی لۆژیکی و عەقڵانی بۆ هۆکاری بەگژداچوونی ئەم نەتەوانە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی و عەقڵیەتی ناوەندگەرای ئێران بدۆزینەوە لێرەدا باس لە دوو جۆر ستەم دەکەین کە گەلانی ستەملێکراوی ئێران بەشێوەی ڕۆژانە ئەزموونی دەکەن:

لە مانگی ڕەزبەری ئەمساڵدا ماڵپەڕی «ئێران دێکس» کە ماڵپەڕێکی تایبەت بە ڕێکلام و دۆزینەوەی هەلی کارە، بە کەڵکوەرگرتن لە داتا بڵاوکراوەکانی بانکی ناوەندی و ناوەندی ئاماری ڕێژیمی تاران خشتەیەکی لە پێوەری سەرانەی ئاسانکاری و خزمەتگوزارییە بانکییەکان لە هەر کام لە پارێزگاکانی ئێران ئامادە و بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا پەردە لەسەر کەتواری بەکۆڵۆنی سەیرکردنی ئەو پارێزگایانە کە نەتەوەکانی ئێرانی تێدا نیشتەجێیە و بەتایبەتی پارێزگاکانی کوردستان، هەڵدراوەتەوە و بەڕوونی دەردەکەوێ کە پارێزگاکانی کوردستان کەمترین خزمەتگوزارییان لەم چوارچێوەیەدا پێ کراوە.

لەو ئامارەدا هاتووە پارێزگای «سنە» لە دوای پارێزگای «سیستان و بەلووچستان» کەمترین خزمەتگوزاریی پێ کراوە کە ناگاتە ١٠٠ میلیۆن ڕیاڵیش. لە دوای پارێزگای «سنە» پارێزگای «ورمێ» لە بواری کاروباری بانکی و پارە کەمترین خزمەتگوزاریی پێ کراوە.

پارێزگای «کرماشان» لە ڕیزی خوارەوەی ئەو ئامارەدا هاتووە و تەنیا لە چەند پارێزگا زیاتر خزمەتگوزاری پێ کراوە.

لەم نێوانەدا تەنیا پارێزگای «ئیلام» زیاترین خزمەتگوزاری بەبەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی کوردستان پێکراوە کە ئەویش ڕوونە بەهۆی پرۆژەگانی گاز و نەوتە لەو پارێزگایەدا و هەوڵێکە بۆ هەڵلووشینی زیاتر و یاساییتری سامانە ژێرزەوینییەکانی ئیلام نەک بۆ خزمەت بە دانیشتووانی ئەو هەرێمە.

جیا لەم ستەم و هەڵاواردنە چینایەتییە زەق و بەرچاوە کە ئاماژەی پێکرا چەشنێک لە ستەمی سیستماتیکی نەتەوەییش لەگۆڕێدایە کە ئاوڕێکی خێرا بەسەر مێژووی پڕ لە شوورەیی کۆماری ئیسلامی و گەڕان بەدوای، لە یادگەی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستاندا بوونی هەیە؛ هەر لە هێرش و پەلاماری پاسدارانی نەزانییەوە بگرە تا دەگاتە هەوڵدان بۆ خاپوورکردنی شار و گوندی ئەم نیشتمانە و ئێعدام و کوشتنی کچ و کوڕ و ژن و پیاوی کورد! کە نوێترین نموونەی کوشتنی بێبەزەییانەی «مێهرداد تاڵشی» گەنجی ٢١ ساڵەی خەڵکی دیواندەرەیە کە ڕێکەوتی ١٨ی ڕێبەندان تەرمی بێ گیانی ڕادەستی بنەماڵەکەی کرا و ڕۆژی دواتر بە بەشداری مەئمورە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم و لە کەشێکی تەواو پۆلیسیدا بە خاک سپێردرا.

هێزی بەناو ئینتزامی ڕایگەیاند کە ناوبراو ماددەی سرکەری پێ بووە بەڵام بنەماڵەی و کەسوکارەکەی دەڵێن کە ئەو لە هەموو ژیانیدا تەنانەت یەک سیگاریشی نەکێشاوە و بەپێچەوانەوە وەرزشکار بووە. هەروەها باوکی ناوبراو ڕایگەیاندووە کە کاتێک تەرمەکەیان نیشان داوە جێگەی ئازاردان و ئەشکەنجە بە جەستەیەوە بووە لەحاڵێکدا کە بەناو پۆلیسی تاران ئەم قسەیەی ڕەد کردووەتەوە و وتوویەتی: لە گرتنگەکانماندا هیچ جۆرە ئازاردانێک بوونی نییە! ئیدیعایەک کە مەگەر تەنیا خۆیان باوەڕی پێ بکەن دەنا کێ هەیە کە نەزانێ لە ئێراندا چلۆن لەگەڵ دەسبەسەرکراوان دەجووڵێنەوە.

لە کوردستاندا زیاتر لە هەموو شوێنێکی تری ئێران ئەم حاڵەتانە هەبووە و بەدڵنیاییەوە لە داهاتووشدا هەتا ئەو سیستمە لەسەر کار بێ، هەر بوونی دەبێ.

هۆکارەکەشی بریتییە لە ڕوانینی داگیرکەرانەی کۆماری ئیسلامی و بوونی یاسا دژەمرۆییەکانیان بەرامبەر بە خەڵکانی وەک خۆیان دەڵێن :»غیرخودی».

ئەو کەسانەی کە وەک ئەوان بیر ناکەنەوە، وەک ئەوان ناژین، وەک ئەوان دەستیان بەسەر سامان و داهاتی کەڵان و وردی کۆمەڵگادا نەگرتووە و منداڵەکانیان لە ژیانی لاکچێریدا ناژین. ژیانێکی لاکچێری کە تەنانەت بەشێک لە ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکانی خودی ڕێژیمیش نەیانتوانیوە لە ئاستیدا چاو بنووقێنن و لەژێرناوی «ناباوەڕترین کەلێنی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە مێژووی وڵاتێک» ئاشکرایان کردووە کە لە تاراندا نرخی هەندێ لە بەرهەمەکان لە پێتشۆپێکی زنجیرەیی بەم چەشنەیە: «کۆنسێروی خۆراکی گۆشتی تەڕ تایبەت بۆ سەگ ٥٥٠ هەزار تمەن، کۆنسێروی تایبەتی سەگ بە تامی مریشک و بۆقلە ٣٦٠ هەزار تمەن، خۆراکی تایبەتی پرۆبیۆتیک وێڕای خشۆکەی وشککراو تایبەت بۆ «هێمێستێر» ٢٢٠ هەزار تمەن، وێنجەی بۆندار بەرهەمهاتوو لە شاخەکانی ئالپ تایبەت بۆ جوێنەرەکانی وەک سمۆرە و مشک بە ٣٠٠ هەزار تمەن!

واتە پارە و تێچووی ٢ جار خواردنی سەگێکی ئاغازادەکان یەکسانە لەگەڵ داهاتی مانگانەی بنەماڵەیەکی ٤ کەسی لە ئێراندا!

ئەمە ئەو ستەمە چینایەتییەیە کە وێڕای ستەمە نەتەوایەتییەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەرحەق بە خەڵکانی ئێران دەبینرێت؛ حکومەتێک کە ئیدیعای بەڕێوەبردنی حکومەتی داد و دژەهەڵاواردن دەکات!

**ئەو کەسانەی کە وەک ئەوان بیر ناکەنەوە، وەک ئەوان ناژین،
وەک ئەوان دەستیان بەسەر سامان و داهاتی کەڵان و وردی کۆمەڵگادا نەگرتووە و
منداڵەکانیان لە ژیانی لاکچێریدا ناژین**

## وێــــستگە

# ژنـان و زمـانی دایکی




**نووسین: هێمۆ**

٢١ی فێڤرییە لە لایەن ڕێکخراوی جیهانیی یونێسکۆوە بە ناوی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ناودێر کراوە و وڵاتانی ئەندام لە یونێسکۆ ئەم ڕۆژەیان بە فەرمی ناسیوە.

بەپێی پێناسە دەروونناسییەکان زمانی دایکیی منداڵ، زمانێکە کە دایک لە کاتی دووگیانبووندا قسەی پێ دەکات و دەکرێ بوترێ کە یەکەمین ئاوازێکە کە منداڵ دەیبیستێ. منداڵ بە تێپەڕبوونی کات و بیستنی بەردەوام، زمانی دایکی فێر دەبێت و هەوڵ دەدات قسەی پێ بکات. کەم کەم دەس بە دروستکردنی ڕستە دەکات و لە کاتێکی کەمدا فێر دەبێت هەستەکان و داخوازییەکانی بەم زمانە بگوازێتەوە بۆ دەوروبەرییەکانی.

لیکۆڵەران لە سەر ئەو بڕوایەن کە فێربوونی زمانی دووهەم و سێهەم بە ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە ڕادەی دەرکی منداڵ لە زمانی دایکی و توانایی شرۆڤەکردنی ئەم زمانە. بەم پێیە دەکرێ بوترێ کە زمانی دایکی، بناغەی فێربوونی زمانەکانی دیکەیە.

زمانی دایکی، زمانێکە کە مرۆڤ توانایی قسەکردنی پێ فێر دەبێ و تەنانەت لایەلایەکانی دایکیشی بەو زمانە لە بیر دەمێنێت، خەسارگەلێک کە بەر مێشک دەکەوێت لە ئاخرین قۆناغیشدا دیسانەوە ناتوانێ ببێتە هۆی لە بیرچوونەوەی زمانی دایکی، هەر بۆیە، هەر مرۆڤێک دەبێ پێش بە لەنێوچوونی زمانی دایکی خۆی بگرێت چونکە ئەمە گەورەترین دیارییەکە کە بە لەدایکبوون بە مرۆڤ دەبەخشرێت.

لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە مرۆڤەکان لە خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایکی بێبەری بن، بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتێکی زاڵم و سەرەڕۆی سیاسی بە سەر ئەو کۆمەڵگایەدا حوکم دەکات. لەو کۆمەڵگایەدا نادادپەروەری سەقامگیرە چونکە زمانێک بە سەر زمانەکانی دیکەدا و کەسانێک بە سەر کەسانی دیکەدا زاڵن. لەم چەشنە کۆمەڵگایانەدا، دواکەتوویەکی سیستماتیکیش زاڵ دەبێت، تاکەکان تووشی هەڵە تێگەشتن لە بابەتە جیاوازەکان دەبن و زۆر جاریش ناتوانن داخوازی و خواستەکانی خۆیان بە شێوەیەکی گونجاو و درووست دەرببڕن.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە دوورکردنەوەی منداڵان لە زمانی دایکی و قەدەغەکردنی خوێندن بەم زمانە، هەوڵی بێگانەکردنەوەی منداڵان لەگەڵ فەرهەنگ، بیرمەندان، زمان، مێژوو و هەموو ڕابردووی خۆیان دەدات و بەپێی پیلانێک کە دایڕشتووە منداڵان دەکاتە نەسلێک کە خۆیان بۆ کۆیلەبوون ئامادە بکەن. دوورکەوتنەوە لە زمانی دایکی و پێشگرتن لە بە زانستی بوونی زمانی دایکی، نەسلێک بەرهەم دەهێنێت کە سەرەڕای نەبوونی باوەڕبەخۆبوون، هیچ دەرفەتێکیان بۆ گەشەکردن و سەرکەوتن نامێنێ و مەحکووم بە نەمان و نەبوونن.

ساڵانێکی زۆرە کە ئەم دەسەڵاتە لە هەوڵدایە تاکوو لە ڕێگەگەلێکی جیاوازەوە، زمانی کوردی بەرەو نەمان ببات، کە نموونەی هەرە بەرچاویشی دەسبەسەرکردن و سەپاندنی سزای زیندان بە سەر مامۆستایان و وانەبێژانی زمانی کوردییە.

کۆماری ئیسلامی بە باسکردن لە مافی خوێندن بە زمانی دایکی لە پاڵ زمانی فارسیدا، تەنیا هەوڵی داوە کە خۆی وەکوو دەسەلاتێکی دێموکراتیک بۆ ولاتانی دیکە پێناسە بکات، پێناسەیەک بەدوور لە ڕاستی کە تەنیا و تەنیا چەواشەکاریی تێدا بەدی دەکرێت. لەڕاستیدا ناوهێنانی زمانەکانی دیکە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا تەنیا و تەنیا بڕینی بیانوویە، ئەگینا بە سەرنجدانێکی ورد تێدەگەین کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی نە بایەخدان بە زمانی نەتەوەکانی دیکەیە و نە فێرکاری بەم زمانانە، بەڵکوو ئامانجی سەرەکی زاڵکردنی هەرچی زیاتری زمانی فارسی و پەراوێزخستنی زمانەکانی دیکە و نەتەوەکانی دیکەیە.

پاراستنی زمانی دایکی و گرینگیدان بەم زمانە لەو ئەرکانەیە کە دەکەوێتە ئەستۆی تاک بە تاکی کۆمەڵگا و پێویستە کە هێز و کاتێکی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت.

چالاکیی زۆربەی ئەنجومەن و فێرگەکانی زمانی کوردی لە شارەکانی کوردستان جێی بایەخە بەڵام لەڕاستیدا ئەرکی قورستر دەکەوێتە سەر شانی زانایانی بواری زمان و هەروەها بنەماڵەکان کە لەم نێوانەدا ئەرکی دایکان وەکوو کەسانێک کە سەرەتاییترین پێوەندییە سۆزداری، فیزیکی و دەروونییەکانیان لەگەڵ منداڵ هەیە زۆر زیاترە.

دایکان ئەرکی قورسی پەروەردەییان لە سەر شانە، بۆیە زیاتر لە هەموو کەسێک دەتوانن کاریگەریی ئەرێنییان لە سەر هزر و گەشەی منداڵەکانیان هەبێت و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی فێرکردن و بارهێنانیان بەم زمانە بدەن.

زمانی دایکی، زمانی دەربڕینی هەستەکانە، دایکان دەبێ بە پەروەردەی منداڵەکانیان فێریان بکەن کە زامی نەتەوەکەیان بناسن، تاکوو ئەوانیش لە داهاتوودا بتوانن بە دەم ئازار و خۆشییەکانی نەتەوەکەیانەوە بچن.

دایکان دەبێ منداڵەکانیان فێر بکەن کە بەندکرانی مامۆستاکان بە تاوانی فێرکردنی زمانی کوردی، ناتوانێ داهاتووی منداڵەکان لە بەند بکات و ئەوەی کە براوەی ئەم مەیدانەیە، ئیرادەی لەشکاننەهاتووی گەلێکە کە زمانی کوردی بە پێناسەی هەبوونیان دەزانن.

# کۆڵبەری لە نێو گەمەی سیاسیی دەسەڵاتدا



مام سەید

ئـەوە تەواو مانگێک بە سـەر دەسـتووری بەرپرسـی دەزگای قەزایـی ڕێژیمی ئێران تێدەپـەڕێ کـە هاتـە کرماشـان و ئەمری کـرد لـە مـاوەی مانگێکـدا گیروگرفتی کۆڵبـەران چارەسـەر بکـرێ؛ ئەوەشـی ڕاگەیانـد کـە قاچاخچـی سـەرەکی ئەو کۆشکنیشینانەن کە لە هێندێک کۆڵبەر کەڵکـی نابەجـێ وەردەگـرن!! هەروەهـا بەپێـی پێگـەی هەواڵـدەری خەبەرئانلایـن ڕەئیسـی گوتوویەتی: کۆڵبەری پێویستە بـە یاسـایی بکـرێ! بڵێی ڕەئیسـی یاسـا نەناسـێ یـان شـارەزای ئـەو تاریـف و پێناسەیە نەبێ کە بۆ کار و پیشە دیاری کراوە و یان تەنیا خەڵکی پێ ساویلکەیە و دەیهەوێ ئەوان سەرکیسە بکات؟

مۆڵەتـی یـەک مانگەی ڕەئیسـی تەواو بـوو؛ هیـچ کارێک بۆ کۆڵبـەران نەک لـە پارێـزگای ورمـێ و سـنە بەڵکـوو لە پارێـزگای کرماشـانیش نەکـراوە! بە پێی بەنـدی ۲۸ی یاسـای بنەڕەتـی کۆماری ئیسلامی، « هەر کەس مافی هەیە هەر پیشـەیەک کـە پێـی خـۆش بـێ و دژی ئیسـلام و مەسـڵەحەتی گشـتی و مافی خەڵـک نەبێ هەڵبژێرێ. ئەرکی دەوڵەتە بـە لەبەرچاوگرتنی پێویستیی کۆمەڵگا بـەو پیشـەیانە، بـۆ هەمـوو کـەس بواری دەستڕاگەیشـتن بە کار و هەلی یەکسـان بۆ وەدەستهێنانی پیشە بڕەخسێنێ».

هەروەهـا لـە بەنـدی ۲۹شـدا هاتـووە: « پێویسـتە بـە کەڵکوەرگرتـن لە ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی (تامیـن اجتماعـی) لـە بـواری خانەنشـینی، بێـکاری، پیـری، لەکارکەوتوویـی، بێبەنوانـی، تێمانـەوە و پێشـهات و ڕووداو و پێویسـتی بـە پێڕاگەیشـتنی بێهداشـتی و دەرمانـی و چاوەدێری پزیشـکی بە شـێوەی بیمەیی و شـتی تـر، مافێکی گشـتییە.» ئـەوە لە حاڵێکدایە کە کۆڵبەری نەک پیشە نییە بەڵکـوو کارێکـە لـە ڕووی ناگوزیـری و بێکاری.

کۆڵبـەر قـەت دڵی بەو کارە خۆش نەبووە قـەت ئەرخەیـان نەبـووە چوونکـە نە قەت تێـری کردووە و نە قەت پێی پشت گەرم بووە و نە قەت وەک پیشە هەڵیبژاردووە. لەبـەر ئـەوەی هیـچ داهاتـوو و دڵگەرمییەکی بەو کارە نەبوو. هەمیشـە لـە ڕووی ناچـاری و لەبرسـان و لەبـەر دابینکردنـی بژێـوی ڕۆژانـە و ڕووسـپی بـوون لـە نێـو مـاڵ و منداڵـی دەسـتی داوەتـە ئـەو کارە. لەگەڵ ئـەوەی تەواوی مەترسـییەکانی ڕێـگای لـە بەرچاو بووە هەمـووی بـە گیان لە ڕێگـەی ژیانێکی ئابڕوومەندانـەدا کڕیوە. سـینگی خۆی بە گوللەوە ناوە و بە شـەوی تاریک بەفری هەتـا بەژنـی بڕیوە و وەسـەر مین پەڕیوە و هـەزاران مەترسـی دیکـەی لە ڕێگـەی وەدەسـتهێنانی نانـی مـاڵ و منداڵـی بەزاندووە.

بـەڵام دیسـانیش ئـەوەی لەگـەڵ کۆڵبەر و کاسـبکار لـەو سـنوورانە دەکـرێ بێڕێزییـە بـە ڕێـزی ئینسـانییەتی ئـەو ئینسـانە هـەژار و بێدەرەتانـە. ڕەنجێکـی زۆر و داهاتێکـی کـەم لەبـەر بێعەداڵەتی کۆمەڵایەتـی و جیـاوازی و هـەڵاواردن لـە دابینکردنـی سـەرچاوە و سـەرمایە لە ناوچـە سـنوورییەکان و دابیـن نەکـردن و ڕەچاونەکردنـی ژێرخانێکـی پتـەوی ئابووری لەو ناوچانەیە.

ئەوە بوارێکە هێندێک لە سـەرانی ڕێژیم بـۆ هێشـتنەوەی خەڵـک لـە هـەژاری و نانەزگـی و بێدەرەتانیدا هێناوییەتە ئاراوە. کۆڵبـەری کارێکـە کـە هیـچ چەشـنە داکۆکییەکـی بیمەیـی و دەرمانـی و بێـکاری و خانەنشـینی نییـە! هـەر کات ئەو کەلەبەر و ڕێڕەوەیان داخست خەڵک دێتەوە سەر حوللەمەرەسێ! یانی لەڕاستیدا هیچ چەشنە سەرمایەگوزارییەکی لەسەر ناکرێ.

ئەوەی لەو کارەی وەبەر کۆڵبەر دەکەوێ تەنیـا بژێـوی نەمـر و نـەژی ڕۆژانـەیـە. ئـەوەی هەبـێ بۆ دەوڵەت و سـەرمایەدار و دەڵاڵ دەبێ.

لـە لایەکی دیکـەوە کۆڵبەری کارێکی هەمیشـەی نییـە لـەوەش خەراپتر هەموو کات ژیانـی لـە مەترسـی جۆراوجـۆری سروشـتی و سـەختی کار و ڕێـگا و هێـزی سـنوورپارێزی بێیاسـادایە!! کۆڵبـەری ڕاسـتە کارە بـەڵام ناچێتـە ڕێـزی پیشـەگەلی یاسـایی! ڕەئیسـی چۆن بە یاسایی دەکا، دیـار نییە!! ئەوە بـە یاساییش کـرا! ئایا ئەوە بە پیشـەی بەشـەری دێتـە ئەژمار!؟ لـە کوێی دنیا وەها پیشەیەک بوونی هەیە!؟ ئەوە تەنیا شکاندنی شکۆی مرۆڤی کوردە.

ئەوە تەنیا بێڕێزی بە خەڵکی سنوورنشینە! ئـەوە بێڕێـزی بـە ئینسـانییەتی ئـەو ئینسـانەیە کە لە ڕێگای وەدەسـتهێنانی نانی ڕۆژانەدا ملکەچی زۆرداران نابێ! لەگـەڵ ئەوەی ڕێژیم هیچکات لە بیری ڕەخسـاندنی هەلـی کاری ئابڕوومەندانە بـۆ ناوچە سـنوورییەکان نەبـووە و نابێ، وادە و بەڵێنی بێبنەما و هەڵخەڵەتێنەریش بە خەڵک دەدەن و درۆیان لەگەڵ دەکەن و وەڵامدەریـش نیـن! دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ڕێبـەرەوە بگـرە هەتـا سـەرکۆمار و نوێنەرانـی پارێـزگا سەرسـنوورییەکان لە مەجلیس و وەزارەت و دامـودەزگا ئابوورییـەکان و ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی و هێزەکانـی نیزامـی و ئینتیزامیش قسـەیان لە چارەسـەرکردنی گیروگرفتـی کۆڵبـەران کـردووە و بـە ڕواڵـەت هاوخەمییان لەگـەڵ دەربڕیون و وادە و بەڵێنـی درۆ و سـەیروسـەمەرەیان پێـداون و لـە کۆتاییـدا وەک بڵقی سـەر ئـاوێ پووقاونەتـەوە! تەنانـەت قسـە و وادەی خامنەیـش هیـچ بڕی نەکردووە و ئەویـش بـە درۆ دەرچـووە!! بـەڵام ئەوەی سیاسـەتی فەرمـی خۆیـان بـووە! ئەوەی بـە ڕواڵـەت باسـی ناکـەن و بـە کـردەوە لێبڕاوانـە بەڕێـوەی دەبـەن! ڕێگـری و توندوتیـژی سـەبارەت بـە کۆڵبـەر و کاسـبکاری سەرسـنوورە کـە ڕۆژ نییـە هێزی سپا و هەنگی مەرزی کۆڵبەران و کاسبکاران نەدەنە بەر گوللە و نەیانکوژن و کـۆڵ و مـاڵ و داهاتیـان لـێ زەوت و گردەنشـینیان نەکەن و سـنوورەکانیان لێ مینڕێـژ و تێلبەند نەکـەن! ئەو یەک بان و دوو هەوایـە بـە هـۆی دوژمنایەتـی و بچـووک کردنـەوەی گەورەیـی نەفس و دابەزاندنی بۆ شـارۆمەندی دەرەجە چەند و داڕشـتنی ئابوورییەکـی سسـت و کەم هێز لە ناوچە سنوورییەکانە.

ئەگـەر بەڕاسـت لەخەمـی ناوچـە سـنوورییەکانن بۆ سـێ جار لە مەجلیس لەگـەڵ بـە ناوچـەی ئـازادی تیجـاری بوونـی «مەریـوان» دژایەتیـان کـرد و بەڵام سەلەفچەگان چوونکە لە «قومە« و ناوەنـدی ئێرانیشـە بـە ناوچەی ئازادی تیجاری هەژمار دەکرێ! بۆ شـتێک کە یاسـای بـۆ داڕێـژراوە و فەرمییـە بوار و هەلومەرج و ناوچەیەکی زۆریش گونجاوە پێتەوە ڕەوا نابینن! بەڵام بە درۆی خۆیان شـتێکی نایاسـاییت بۆ بەیاسایی دەکەن! بەراستی جێگای سەرسووڕمان نییە ؟

ناوچـە سـنوورییەکان لەگـەڵ ئـەوەی گەلێـک تایبەتمەنـدی تایبەتـی خۆیـان هەیـە و دەروازەی گەشـەی ئابـووری وڵاتـە! بەبـەراورد لەگـەڵ ناوەنـد زۆر بێبەش کراون! بە بیانووی ئەوەی سنوور ناسەقامگیر و نائەمنە! ناکرێ هێندێک کارگـە و کارخانەی زەبەلاح و گەڵاڵەی نەتەوەیی (طرح ملی) و مامناوەندی لێ دابمـەزرێ! هەروەها بەهـۆی دووربوون لە ناوەند لە گەلێک خزمەتگوزاری و هەل و دەرفەتـەکان کار و خزمەتگوزاری بێبەش دەبـێ هیچ! گەلێک مەترسـی دەرەکیش لەسەر دانیشتووانی سەر سنوورەکان هەیە! لـە عەینـی حاڵـدا گەلێـک بەربەسـتی ناوخۆیـش کـە هێندێکیـان بـە یاسـا ڕێکخـراون و هێندێکیـش بەپێی کەشـی ناوچەکـە ڕێوشـوێنی بـۆ دامـەزراوە و پارێزەرانی سنوور کە گوێیان ئاو دراوە بە نایاسـایی هەڵسـووکەوت لەگەڵ خەڵک دەکـەن. ئـەوە لـە حاڵێکدایە کـە ئەرکی سـەرەکی دەوڵـەت ئەوەیـە هەلـی کار بۆ خەڵکـی خـۆی بڕەخسـێنێ، کەچـی بـە فەرمـی لـە ناوچـە سـنوورییەکان نەک ڕێگە بە کارگە و کارخانەی گەورە نادا کە ببێتە سـەرچاوەی دابینکردنی بژێوی ژیانـی خەڵـک و بیمـە و خانەنشـینی بەڵکـوو ڕێگـەی ئاڵوێـری سنووریشـی لـێ قەدەغـە کـردوون. ئـەو کەلەبـەرەی وەک ڕێـڕەوی کۆڵبـەری چـەند سـاڵ بـوو خەڵـک پێیدا هاتووچۆی دەکـرد! لەبـەر بەرچاوتەنگـی و کێشـەی دزان ئەویـش هەڵوەشـاوە و داخـرا! هەرچەنـد چوارچێـوەی ئـەو کەلەبەر و ڕێڕەوانە کە بۆ کۆڵبەران دیاری کرابوو شتێک نەبوو کە ببێتە چارەسەرێک بۆ داهاتوویان .

لـە ئێرانـدا هیـچ یاسـایەک دانەڕێـژراوە و پەسـەند نەکـراوە بـۆ کارکـردن لـە سـنوورەکان. شـتێکی وا لـە دەسـەڵاتی یاسـادانانی ناوەنـدا نەهاتۆتـە گـۆڕێ!! یانـی یاسـا ئەو حەق و مافـە بۆ کۆڵبەر بـە فەرمـی ناناسـێ و چوارچێوەیەکـی دیاریکراو کە بتوانێ لەم ڕێگەیەوە دابینی بژێـوی ژیانـی خـۆی و مـاڵ و منداڵـی بـکا لـە ئـارادا نییـە! بۆیە کۆڵبـەری بە شـوغڵ و پیشـە نایەتە ئەژمار و ئەوەیکە ڕەئیسـی و سـەرانی کۆماری ئیسـلامی بـۆ خەڵکـی سـنوورنشین لەبەرچاویـان گرتـووە دەیانهەوێ کۆڵبەری بە یاسـایی بکـەن! قـەت بـە مەسـڵەحەت و قازانجی خەڵکـی ئـەم دەڤەرانـە نییـە! بـە فەرمی کردنی کۆڵبـەری زەربەیەکی قورسـە کە لە خەڵکی و شـارە سنوورییەکان دەدرێ! خەڵک دەبێ لەو ژیان و گوزەرانە ناخۆشە بێنەدەرێ، بەشـی ئەو خەڵکە بەشمەینەتە تەنیا کۆڵبەری و کاری تاقەتپڕووکێن و کارگەری و کار بۆ خاوەن سـەرمایەکان و دەڵاڵان نییە. کۆڵبەری شوغڵ و پیشە نییـە پێویسـتە ئـەو خەڵکـە پیشـەیەکی شـەرافەتمەندانەیان هەبـێ کـە ژیـان و داهاتووی دابین بکا.

کاتـی پیـری دەسگیری بـێ، کارێـک بکـرێ هـەم بـۆ خەڵـک سـەرچاوەی داهـات بـێ و هـەم ناوچەکە گەشـە بکا و هـەم یارمەتیدەری پەرەپێدانی سـنوور و بردنەسـەری هەنـاردە و بەرهەمـی ناوخـۆ بێ.

پێویسـتە خەڵک داواکانیان لە سـەرەوەی کۆڵبـەری بـێ، داوای ئاوەدانـی شـار و ناوچەکەیـان و ڕەخسـاندی هەلـی کار بـۆ دەرچووانـی زانکۆکان بێننـە ئاراوە و چاویـان لـە کۆڵبـەری نەبێ کە شـوغڵ نییە.

پێویسـتە فکرێکی تازە بۆ ئەمرۆی تازە و سـبەی گەش بکرێتەوە، با ڕێگایەکی دیکـە بـە فۆڕمێکی دیکە کـە بتوانرێ هـەم کار بـۆ خەڵـک و لاوانـی بێکار و پێگەیشـتوو بخوڵقێنـدرێ و هـەم ئەو بارە قورسـە لەسـەر شـانی ئەو مرۆڤە شەریفە بێتەخـوار. دوژمـن لەخەمی ئەو خەڵکەدا نییـە. ئـەوان گەمـە بـە خەڵـک دەکەن، ئەگەر ویستبایان کارێک بۆ ئەو خەڵکە بکـەن بـۆ چەندیـن سـاڵە ڕایانگرتـووە و پـووش بەسـەریان کـردووە کـە دێنـە نێـو خەڵـک وەبیریان دێتەوە و قسـەیەکی بێ کردەوەی لێ دەکەن! بۆ ئەو پیشە و کارانە بـۆ خەڵکـی ناهێنـن کـە ڕێگەپێـدراون و دەبنـە هۆی گەشـەی ئابـووری ناوچە و دەوڵەمەندبوونـی خەڵـک! تەنانەت ڕێگە لەوانـەی سـەرمایەیان هەیـە و دەیانهەوێ لـەو ناوچانـە سـەرمایەگوزاری بکـەن ناهێڵن! پێویسـتە خەڵک ئەو بەرپرسانەی دێـن و باسـی بووژانـەوەی ڕێـڕەوی کۆڵبـەری دەکـەن تڕۆ بکەن و پێیان بڵێن نایاساییمان بۆ بە یاسایی مەکەن بەڵکوو ئەوانـەی یاسـایین بـۆ ئێرەیـان ڕاکێشـن. هـەر چەنـد ئـەوان نایکـەن بـا بۆخۆمـان دەسـت لـەو کارە کـە بە پیشـەی مرۆڤ نایەتـە ئەژمـار و تاقەتپڕوکێنـە هەڵگرین و چاومـان لـە وادە و بەڵێنـی بـەدرۆی دەسـەڵاتدارانی ئـەو وڵاتـە نەبـێ! هەموو هـەر درۆ دەکـەن. کۆڵبـەری نابـێ بـە شـوغڵ ئەگـەر بیشـیکەن نابـێ خەڵکی بەشـەرەفی ناوچە سنوورییەکان قەبووڵی بکەن. چونکە ئاکامی تەنیا کۆیلەتییە.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی بیست و حەوتەم


## ٦:٦ هۆشی هەستیاری (EQ)

هۆشی هەستیاری (EQ) بۆ تێگەیشتن و کارتێکەری لەسەر خۆت و کەسانی دیکە. هۆشی هەستیاری ڕوانگەیەکی دەروونناسییە لەسەر هەبوونی توانای تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی هەستەکانی خۆت و کەسانی دیکە و جیاکردنەوەی ئەوانە لە یەکتر و شێوازی بەکارهێنانیان لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا. هۆشی هەستیاری ڕوانگەیەک بۆ هەست جووڵاندن و کارتێکردن بە مەبەستی تێگەیشتن و گۆڕانکارییە؛ یان بە واتایەکی دیکە هەبوونی توانای تێگەیشتن، هەست جووڵاندن، کۆنترۆڵ کردن، کارتێکردن و گۆڕینی خۆت و کەسانی دیکە. هێندێک لە دەروونناسان ئاوا پێناسەی دەکەن و دەڵێن: هۆشی هەستیاری یانی هەبوونی توانای دۆزینەوە و تێگەیشتنی هۆکاری شێوەی هەڵسوکەوتی خۆت و کەسانی دیکە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. لە کۆی ئەو پێناسانە من پێم وایە هەبوونی هۆشی هەستیاری بۆ زاڵبوون بەسەر هەستەکانە، نەک ئەوەیکە هەستەکان تۆ کۆنترۆڵ بکەن.

**کەسێک کە هۆشی هەستیاری لەسەرەوە بێت، باشتر دەتوانێت ئەو سێ بەشە بەیەکەوە پێوەند بداتەوە (پێکەوە گرێدان) وەکوو:**

١. توانای مێشکی (زیرەکی)
٢. فیسیۆلۆجی (زانستی کارکردنی ئاسایی ئەندامەکانی لەش)
٣. تیۆری هەڵسوکەوت (ڕەفتاری)

بۆ بەهێزکردنی هەر یەک لەوانەش دەتوانین ڕاهێنەری بکەین. ڕاهێنەری بە مەبەستی باشتر تێگەیشتن و کۆنترۆڵ کردنی هەستەکان و شێوازی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هەستەکان. ڕاهێنەری کردن بەمەبەستی بەهێزکردنی هۆشی هەستیاری. توێژینەران ئەوەیان بە بەڵگە ڕوون کردۆتەوە و سەلماندوویانە کە ئەگەر بەشێکی مێشک بێ کەڵک بمێنێتەوە و دەکار نەکرێ یان ڕاهێنەری لەسەر نەکرێ وردەوردە بێ کەڵک دەبێت و لە نێو دەچێت. یانی ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر یان بەردەوام لە نێو ژیانێکی ئاسایی و ڕووتینداردا بی، ئەو کات گوشار و زەختێکی زۆر دەکەوێتە سەر هزر و بیرکردنەوەکانت و ئەوەش هۆکار دەبێت بۆ بێهێزبوونی هۆشی هەستیاری و توانای پێوەندی گرتنت. لەڕووی زانستییەوە سەلمێندراوە مێشک هەموو ئەرکەکانی ژیری، کۆنترۆڵ کردن و تێگەیشتن و ... هتد دەکات، هەر بۆیە دەبێ گرنگی تایبەتی پێبدرێ و بەردەوام لە نوێکردنەوەدا بێت. نوێکردنەوە لە ڕێگای دانی زانیاری و بەکارهێنانی مێشک بەشێوەی سیستماتیک و هێندێک گەمە و یاری مێشکی وەکوو: پڕکردنەوەی خشتەی وشەگەلی یەکتربڕ، یاری بیرکاری (ماتماتیک/Sudoku)، یاری وێنەیی (بەشێوەی نیگار و ژمارە)، هەڵهێنانی مەتەڵ، خوێندنەوە بۆ گەشەدان بە خۆت بە تایبەت لە ڕووی فکرییەوە، چنین، تەون کردن، کاری دەستی و .... هتد. لە بەشی پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە بەپێی توێژینەوەی زانایانی باری مێشک، مێشک زیاتر لە سەد میلیارد دەمارخانەی تێدایە و هەر یەک لەو دەمارخانانەش پێوەندییان بە زیاتر لە حەوت هەزار دەمارخانەی دیکەوە هەیە. تاقیکردنەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە ئەو دەمارخانانە بە وەرگرتنی زانیاری دەتەنرێنەوە و گەشە دەکەن. تا ئەو دەمارخانانەی مێشکمان پڕ بکەین لە زانیاری، باشتریش دەتوانین بۆ هەبوونی ژیانێکی خۆشتر گۆڕانکاری بکەین. تا زانست و زانیاریمان زۆرتر بێت، دەسەڵات، هێز و تواناشمان زیاتر دەبێت و زیاتر وەک مرۆڤێکی کارامە و چالاک چ بۆ خۆمان و چ بۆ کۆمەڵگەکەمان بە کەڵک دەبین. وێنەی خوارەوە بەهێزکردنی هۆشی هەستیاری لە ڕێگای ڕاهێنەری پێشان دەدات.




هەر وەک پێشتریش باسم کرد کاتێک مرۆڤ بیرکردنەوەکانی ئەرێنی بن هەستەکانیشی ئەرێنی دەبن و ئەوانەش هۆکارن بۆ هەبوونی هەڵسوکەوت یان ڕەوشتی ئەرێنی؛ هەر بۆیە ئەو مرۆڤانەی بیرکردنەوە و هەستەکانیان ئەرێنییە هەر دەم ئامانجەکانیشیان ئەرێنی دەبێت و بۆ هەبوونی بیر و هەستی ئەرێنیش دەتوانین ڕاهێنان بکەین. دەتوانین ڕاهێنان بکەین لەسەر هۆشی هەستیاری خۆشمان:

. بۆ بەخۆداچوونەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی بیرە نەرێنییەکانمان و گۆڕینیان بۆ بیری ئەرێنی.
. بۆ زیرەکتر و وریاتربوون.
. بۆ خۆبەڕێوەبردن.
. بۆ ئەوەی سۆزدارتر بین و باشتر بتوانین لەگەڵ خەڵکانی دیکە پێوەندی بگرین.
. بۆ دروست کردن یان بەهێزکردنی باوەڕبەخۆبوون.

Dale Carnegie (١٨٨٨ – ١٩٥٥) نووسەری بەناوبانگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێت: «کاتێک لەگەڵ خەڵکانی دیکە دانیشتووی، لە بیرت بێ لەوانەیە لە گەڵ ئەو مرۆڤانە دانیشتبی کە هەستەکانیان زیاتر بە سەریاندا زاڵە تا لۆژیک.» بۆ ئەوەی لە نێو گروپێکدا چالاک بی و ئاکامی چالاکییەکەتان باش و کاریگەر بێت، دەبێ توانای تێگەیشتن لە هەستەکانی خۆت و ئەندامانی گروپەکەت هەبێت. دەبێ ئەوەی بزانی کە بە چ شێوەیەک دەتوانی کارتێکەریت هەبێت لەسەر کەسانی نێو گروپ یا دەوروبەرت. هەوڵ بدە توانا و لێهاتوویت بەکار بێنی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوروبەری خۆت و کارتێکەری ئەرێنیت هەبێت لەسەریان.

**چوار توانای بنەڕەتی هەن کە وەکوو بنەمان بۆ هەبوونی هۆشی هەستیاری ئەوانەش بریتین لە:**

**١. باشبینی و تێگەیشتنی خۆت (مەبەست لە خۆتێگەیشتنە وەک تاکی خۆت):** بەو مانایە کە خۆت بناسی و شارەزایی تەواوت لەسەر توانا و لێهاتوویی خۆت هەبێت.

**٢. خۆبەڕێوەبردن:**
هەبوونی دەسەڵات و کارتێکەری بەسەر بیر و هەست و هەڵسوکەوتەکانی خۆت، بەواتایەکی دیکە بتوانی بەسەر خۆتدا زاڵ بی.
خۆبەڕێوەبردن لەسەر سێ کوڵەکەی سروشتی ڕاوەستاوە وەکوو:
. هەبوونی توانا بۆ دەربڕین و پیشاندانی هەستەکان.
. هەبوونی توانا بۆ دەربڕینی بیروباوەڕەکان.
. هەبوونی توانا بۆ هەوڵدان و گەیشتن بە ئامانجەکان.

**٣. هاوسۆزی/ هاودڵی و هاودەنگی:**
تێگەیشتنت لەسەر بیرکردنەوە و هەستەکانی کەسانی دیکە هەبێت، یانی هەست کردن بە هەستی کەسێکی تر.
ئەوەش دەتوانێ بە دوو شێوە بێت.
. لە ڕێگای دڵسۆزییەوە یانی هەوڵ بدەین لەگەڵ کەسانی دیکە هاوسۆزی بکەین. بۆ وێنە کاتێک کەسێک خەمبارە ئێمەش تێگەیشتنمان بۆی هەبێت و هاوسۆزی بکەین و هەوڵ بدەین دڵخۆشی بدینەوە و وا هەست پێ بکا کە ئێمەش هاوخەمین. لەو کاتانەدا هەستە ئەرێنی و نەرێنییەکان زۆر کارتێکەرییان دەبێت و دەتوانن یارمەتیدەرێکی باش بن بۆ ئارامکردنەوەی ئەو کەسە.
. باوەڕکردن و ڕاستبینانە تێگەیشتن. مەرج نییە ئێمە مرۆڤەکان هەموومان وەک یەک بیر بکەینەوە بەڵام گرنگە تێگەیشتنمان هەبێت لەوەیکە کەسێکی تر چۆن بیر دەکاتەوە یان بۆ وا بیر دەکاتەوە ئەگەر بیرکردنەوەکەشی پێچەوانەی بیری ئێمە بێت.

**٤. بەڕێوەبردنی پێوەندی:** بەردەوامبوون و هاوسەنگی ڕاگرتنی پێوەندی نێوان خۆت و کەسانی دیکە چ وەک تاک و چ وەک گرووپ.
هۆشی هەستیاری و سۆزی ئێمە وەک پەستانپێوەرە (بارۆمەتر) کە پێوەری هەموو بەسەرهاتی ڕابردوومان دەکات. کاتێک ئێمە دەمانهەوێت ڕوانگەی خۆمان لەسەر دۆخی ژیانمان باس بکەین، هۆشی هەستیاری و سۆزی ئێمە یەکەم نێوبژیوانە بۆ ئەو کارە. هەست و سۆزەکانمان وەک سەرچاوە یان بنچ و بنەوانی کۆئەندامی ئێمەن، هەر بۆیە دەبێ زۆر بایەخ و گرینگییان پێ بدرێ و تەنانەت لە هێندێک کاتدا دەبێ بەڕاستی و مەترسیدار وەربگیرێن. هەست و سۆزەکانمان پێویستیان بە کات هەیە، کات بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوون بەتایبەت بە شێوازی ئەرێنی. لە هەمان کاتدا ئێمە دەبێ ئەوەی بزانین کە داخوازی و داواکارییەکانمان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت و «کات» گرنگی زیاتر دەبێت و لەگەڵ کات کەمهێنان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکان ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەفلاتون (٣٤٨ – ٤٢٨پ. ز) یەکێک لەو سێ فیلسوفانەی لانکەی گەشەکردنی فەلسەفە و زانستی یۆنان (سۆکرات، ئەفلاتون و ئەرەستوو)، نەریتێکی فەلسەفی درێژخایەنی لە دوای خۆی بەجێهێشت، ئەفلاتون باوەڕی وابوو کە نابێ پشت بە هۆش و هەستەکانمان ببەستین یان باوەڕیان پێبکەین. بۆ ئەوەی تێبگەین کە بۆچوونی ئەفلاتون لەسەر شارەزابوون و وەرگرتنی زانیاری چۆن بووە دەبێ بڕوانینە شێواز یان مێتۆدی بیروباوەڕ و زانستی ئەو کەسایەتییە. بەگوێرەی بیروباوەڕی ئەفلاتون، مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی زانیاری و شارەزابوون و باشتر تێگەیشتن دەبێ لە ژیری، عەقڵ، لۆژیک و توانای بیرکردنەوە و لێکدانەوە (فەلسەفەی یۆنانی) کەڵک وەربگرێت. یانی بە کوردەواری خۆمان هەموو شتێک کوێرکوێرانە پەسند نەکەین کەواتە نابێ بە هەر شتێک دیتمان، بیستمان یان هەستمان پێکرد هەر لەجێ باوەڕ بکەین، لەبەر ئەوەی هێندێک جار هۆش و هەست مرۆڤ فریو دەدات یان بەلاڕێدا دەبات. ئەفلاتون پێی وابوو بەر لەوەی باوەڕ بە هۆش و هەستەکانمان بکەین دەبێ باوەڕمان بە لۆژیک بێت و لۆژیکانە لەسەر بابەتەکە هەڵوێست بگرین و لە عەقڵ و ژیریمان کەڵک وەرگرین. عەقڵ و ژیری ئەو دەرفەتەمان بۆ دەرەخسێنێ تا لە ڕاستییەتی بابەتەکان تێبگەین و بیرەکانمان دابڕێژین و تێگەیشتنمان بۆ هەر شتێکی گەردوون (جیهان) هۆشیارانە، بیرمەندانە و پسپۆڕی و بەردەوامانە بێت. کەواتە عەقڵ و ژیری یان هۆشی هەستیاری کارتێکەری زۆری هەیە بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لە جیهانی نالۆژیکی و خەیاڵات دوور کەینەوە.

بە کورتی و گشتی هەبوونی هۆشی هەستیاری:
ــ بۆ دەستنیشانکردن، تێگەیشتن، کۆنترۆڵ کردن و بەکارهێنانی هەستەکانە.
ــ بۆ کەڵکوەرگرتن و بەکارهێنانی توانا و لێهاتوویەکانمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و هەرس کردنی ژیانی ڕۆژانەیە.
ــ بۆ ئەوەی کارتێکەریمان هەبێت لەسەر توانا و لێهاتوویەکانی خۆمان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

بەدرێژایی مێژووی دەروونناسی هۆشی هەستیاری بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەبووە و خودی دەستەواژەی «هۆشی هەستیاری» لە ساڵی ١٩٨٥ سەری هەڵداوە بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥ بە دەرچوونی پەڕتووکی «Emotional Intelligence - هۆشی هەستیاری» Daniel Golemanنووسەر و دەروونناسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو بابەتەی زیاتر وروژاند و بوو بە باسی ڕۆژانەی دەروونناسان. Goleman پێیوایە هەبوونی هۆشی هەستیاری تەنیا لە ژینگەی کاردا پێویست نییە بەڵکوو لە هەموو پرۆسەی ژیاندا مرۆڤ پێویستە هۆشی هەستیاری بەرز بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە ژیانی ڕۆژانەدا سەرکەوتوو بێت. زۆربەی دەروونناسان لەسەر ئەوە کۆکن و دەڵێن ڕێژەی هەبوونی هۆشی هەستیاری بەرز لە نێو تاکەکاندا پێوەندی بە هەبوونی ڕێژەی بەرزی کۆمەڵایەتی بوونی ئەو تاکەوە هەیە. Goleman دەڵێت: ڕێدۆزی من بۆ گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن لە ژیاندا، چوار ڕەهەند یان گۆشەنیگای تایبەت لەخۆ دەگرێت وەکوو:

**١. خۆناسی یان ئاگا و هۆشیاری کەسیی:**
ئەوە شتێکی خۆییە و لە زاتی خۆماندایە. ئاماژە بە توانایی ئێمە لە تێگەیشتن و حاڵیبوون لە هەستەکان و بەهاکانمان دەکات. کەسێک کە باش خۆی بناسێت، تێگەیشتنی باشتری لەسەر ئەو هەستانە هەیە کە لە دوای هەر ڕووداوێک بۆی دێنە پێش و باشتریش دەتوانێت بەسەریاندا زاڵ بێت و بە شێوەیەکی لۆژیکی هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات و هەوڵی ڕێگاچارەیان بۆ بدات.

**٢. خۆهاندان:**
یانی هەبوونی توانا بۆ هەوڵدان و تێکۆشان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان. هەستانەوە لەدوای نسکۆهێنان و بەرگەگرتنی نەهامەتی و گوشارەکانی ژیانی ڕۆژانە. هەبوونی توانا بۆ پێشگرتن یان دژکردەوە لەگەڵ ئەو هەستانەی کە دەبنە بەربەستی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون.

**٣. هەست و سۆز یان کۆمەڵایەتیبوون:**
هەبوونی هەست و سۆز دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ڕق و کین دوور بێتەوە و گرتنی پێوەندیش لەگەڵ خەڵکانی دیکە بۆی ئاسانتر بێت. تێگەیشتنی بۆ کەسانی دیکە دەبێت و باشتر دەتوانێت لە ڕوانگەی ئەوانەوە بڕوانێتە کێشە و هەستەکانیان و هاوسۆزییان لەگەڵ بکات.

**٤. هەبوونی هۆشی هەستیاری بەبێ دوودڵی و گومان:**
هۆشی هەستیاری هۆکاری هەبوونی توانا و لێهاتووییمانە بۆ بەکۆمەڵایەتیبوونمان، بۆ گرتنی پێوەندی ئەرێنی، بۆ هەبوونی هەست و سۆز لە بەرامبەر مرۆڤەکان، بۆ سازان و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە چ لەشوێنی کار و چ لەگەڵ کەسانی دیکە و هەروەها هەبوونی هەڵسوکەوتێکی ئەرێنی و باش.
Goleman پێیوایە ئەو چوار خاڵە لە ژیانی مرۆڤدا بناغەن و دەبێ گرنگی تایبەتیان پێ بدری. هەروەها لە نێو پەڕتووکەکەیدا (هۆشی هەستیاری) ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت ڕێژەی ژیری یان هەبوونی هۆشی هەستیاری مرۆڤەکان بەشێکی ژنتیکە و بەشێکیشی پێوەندی بەو ژینگەیە هەیە کە تێیدا دەژین. ژینگەیەک کە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و سۆزداری بێت، دەبێتە هۆکاری چالاکبوونی هۆشی هەستیاری مرۆڤەکان. Goleman پێی وایە لە دنیای گەورەساڵاندا سیمینار، خولی ڕاهێنان و فێرکاری و پەڕتووکی باش دەست دەکەوێت کە مرۆڤ بتوانێت کار لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشی هەستیاری خۆی بکات بەڵام بۆ منداڵان و مێرمنداڵان ئەوە ئەرکی پەروەردەیە کە دەبێ بە شێوەی سیستماتیک کار لەسەر بەهێزکردنی هۆشی هەستیاریان بکات. دوو خاڵی گرنگ و بنەڕەتی کە Goleman زۆر ئاماژەیان پێدەکات، هەبوونی ئیرادە و خۆڕاگری یان پشوودرێژییە و پێی وایە کە دەبێ کۆنترۆڵی باشمان بەسەر هەستەکاندا هەبێت کە بە هۆی کردەوەیەک بۆمان دێنە پێش و هەروەها ئیرادەی باشیش هەبێ بۆ دەربڕینی ئەو هەستانە؛ یانی دەبێ زمانی بەیانکردنی هەستەکانمان پەرە پێبدەین و ڕوونتر قسە بکەین. بۆ نموونە کاتێک دڵتەنگی هەر ئەوە بەس نییە کە بڵێی من دڵتەنگم، بەڵکوو دەبێ بڵێی من دڵتەنگم لەبەر ئەوەی هەست بە بێ هیوایی دەکەم یان لە فلان کەس توڕەمە لەبەر ئەوەی........... هتد. بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆت کۆنترۆڵ بکە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵت بەسەر هەڵسوکەوتەکانتدا هەبێت. هۆکاری هەڵسوکەوتی کەسانی دیکە بزانە، ئەو کات باشتر لەسەر ڕوانگە و هەستەکانیان تێگەیشتنت دەبێت و باشتر دەتوانی هاوسۆزی یان هارموونیت لەگەڵیان هەبێ. توانا و لێهاتوویی کۆمەڵایەتی خۆت بەرەسەر و هەستەکانی خۆت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەربڕە. ڕاهێنان بکە لەسەر ئەوەیکە چۆن خۆت هان بدەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت و ئەو شتانەی کە هۆکاری دڵخۆشبوونی تۆن.
هەبوونی هۆشی هەستیاری بۆ ئەوەی:
ــ لەخۆت تێبگەی (هەستەکان و سیگناڵەکان بناسی)
ــ تێگەیشتنت بۆ خەڵکی دیکە هەبێت (هەستەکان و کردەوەکان یان دژکردەوەکانیان)
ــ هەبوونی هاوسۆزی و هارمۆنی.
ــ هاوبیری یان ڕوانگەی هاوبەش (خۆ لە جێگای کەسانی دیکەدانان بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانیان).
ــ گرنگیدان و هاوکاریکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان.
ــ دۆزینەوەی ڕاستییەتی یان بزانە چ شتێک ڕاستە بەر لە هەڵوێست گرتن.
ــ دەربڕینی هەستەکان بەشێوەیەکی ڕەوان و دروست و نەترسانە.
ــ وریا و هۆشیاربوون لەسەر هەڵسوکەوت و هەستەکانی خۆت و کەسانی دیکە.
ــ هەوڵدان بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆت و کەسانی دەوروبەرت.
هەموو ئەو خوو و ڕەوشتانە پێداویستی ژیانن، بۆ باشترژیانکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ هەموو شێوە ژینگەیەک. بۆ هەبوونی هەموو ئەو خوو و ڕەوشتانە دەتوانی ڕاهێنان بکەی، بە مەرجێک بەر لەهەر شتێک خۆت بناسی.

# فەرهاد سلێمانوپوور:
## ئەگەر پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئامریکا باش بێت، ئەوا دەروویەک بەڕووی ئابووریدا دەکرێتەوە بەوەی کە دۆخەکە لەوەیکە هەیە خراپتر نەبێت!

**دیمانە: کوردستان**

بارودۆخی ئابووری لە ئێران تا دێت ئەستەمتر و لاوازتر دەبێت؛ لاواز بۆ حکومەت کە چیدیکە توانای ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی و یەک لەوان پەرەدان بە تێرۆریزمی نامێنێ و ئەستەم بۆ خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران کە توانای دابینکردنی تەنانەت سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان نەماوە. لەم هەلومەرجەدا مەجلیسی ڕێژیم گەڵاڵەی پێشنیاری دەوڵەت بۆ بودجەی ساڵی ١٤٠٠ پەسند کردووە. بۆ تاوتوێ کردنی ئەم مژارە و لایەنە پێوەندیدارەکانی وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز فەرهاد سلێمانپوور شارەزای کاروباری ئابووری پێک هێناوە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:

**- بەپێی پێشبینییەکانی ڕێژیم، بودجەی ساڵی داهاتوو بیست میلیارد دۆلار کورت دەهێنێت. ئەساسەن کورتهێنانی بوودجە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ و چ کاریگەرییەک لەسەر ڕەوشی ئابووری وڵات دادەنێت؟**

بە دەربڕینێکی سادە کورتهێنانی بودجە واتە خەرجییەکانی حکومەت لە داهاتەکانی زیاتر بێت. ئەگەر بۆ ماوەی چەند ساڵ کورتهێنانی بودجە کەڵەکە بێت، واتە حکومەت قەرزدارتر دەبێت جا چ بە ناوخۆ چ بە دەرەوە. کە بەشێوەی ڕێکوپێک خەرجی و داهات ڕێک نەخرێت و کۆنترۆڵ نەکرێن، ئەوا کورتهێنانی بودجە دێتە ئاراوە. لە ڕابردوودا کە سزاکان بەم شێوەیە نەبوون داهاتێکی زۆری نەوت و بازرگانی و بوارەکانی تر دەڕژایە نێو بودجەی ئێرانەوە کە بەپێی ئەم داهاتە زۆرە، خەرجیش زۆر بوو و حکومەت خووی بەم خەرجییە زۆرەوە گرتووە، بەڵام ئێستا بە هۆی سزاکان و لاوازبوونی ئابوورییەوە داهات زۆر کەمیی کردووە و خەرجی هەر لە جێی خۆیەتی. داهاتی نەوت، داهاتی باج و گومرک، داهاتی ملکوماڵی حکومەت و داراییەکانی حکومەت کەمی کردووە و لە بەرامبەریدا خەرجییەکان وەک خۆیەتی و ئەمەش وایکردووە کورتهێنانی بودجە هەر هەڵکشێت. حکومەت بۆ پڕکردنەوەی ئەم کورتهێنانە چی دەکات؟ یان دەبێ لە بانکی ناوەندی قەرز بکات کە زۆر جار وایکردووە کە ئەمە بڕی نەختینەیی لە ئابووریدا ئەوەندەی تر زیاد دەکات و ئەمەش ئەوەندەی تر گرانی زیاتر دەکات، چونکە کاتێک کە پارە بە بێ پاڵپشتی بخرێتە بازاڕ ئەوا گرانی زیاتری لیدەکەوێتەوە، ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەگەر ئابووری نەتوانێ بە ڕادەی بڕی نەختینەیی، شمەک و خزمەتگوزاریی بخاتە ڕوو ئەوا گرانیی ڕوو دەدات وەک ئەوەی ئێستا؛ یان حکومەت دەبێ لە دەرەوە قەرز بکات کە ئەمەیان زەحمەتە، لەم دۆخەدا کە لەگەڵ دەرەوە ناسازێت ئەوا قەرزیشی پێ نادرێت، یان ڕێگەیەکی تر فرۆشتنی کاغەزی بەهادارە (اوراق بهادار)، ئەمەش بە واتای ئەویە حکومەت پارەی پێویست کۆ دەکاتەوە و بانکەکان ناتوانن وەک پێویست پارە بە کەرتی تایبەت بدەن و لێرەوە یەکسەر نرخی سوود بەرز دەبێتەوە و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت کەم دەکات، یان ڕێگەیەکی تر زیادکردنی باجە کە لەم دۆخەدا کە ئابووری بچووک دەبێتەوە واتە توانای ئابووری کەم دەبێتەوە و بەهۆی سزاکانەوە کۆمپانیاکان یەک لەدوای یەک مایەپووچ دەبن و هەروەها بەشی زۆری کۆمپانیاکانی خۆیان کە لە پێدانی باج بێبەری کراون (بە تایبەتی ئەوانەی سەر بە بەیتی ڕێبەرین نە باج دەدەن و نە وڵامدریشن) ئەوا ئیتر داهاتی باجیش کەم دەبێتەوە و بەشی پڕکردنەوەی کورتهێنانەکە ناکات. بەگشتی لەم دۆخەدا سەرچاوەکانی حکومەت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی سنووردارە و زیاتر بە تەمای ئەوەیە کە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئامریکا باشتر بێت و بتوانێ وەک پێشتر نەوت هەنارەد بکات و لە داهاتەکەی کورتهێنانی بودجە پڕ بکاتەوە، کە ئەمەشیان زەحمەتە، بەم ئاکارەی کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی زەحمەتە سزای سەر کەرتی نەوت هەڵبگیرێت. با ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە هەموو جار کورتهێنانی بودجە خراپ نییە، زۆر لە وڵاتان بە مەبەستی بوژاندنەوەی ئابووری خەرجییەکانیان زیاد دەکەن، بەڵام ئەمە لە حاڵەتی ئاساییدا دەکرێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە. بۆ نموونە، ئەمریکا زۆرجار بەمەبەستی دەربازبوون لە داکشانێکی ئابووری ئەمەی کردووە و گوێی نەداوە بە کورتهێنانی بودجە.

**-پێشبینی ئێوە بەپێی ئەو داتایانەی کە ڕێژیم بڵاوی کردۆتەوە بۆ ساڵی نوێ چییە؟ بەواتایەکی تر بەرجەوەنی ئابووری ئێران لە ساڵی ١٤٠٠ چۆن دەبینن؟**

داتاکانی ڕێژیم بەپێی ئەگەرێکی گەشبینانەیە سەبارەت بە باشتربوونی پێوەندیدان لەگەڵ ئامریکادا.
ئەگەر پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئامریکا باش بێت، ئەوا دەروویەک بەڕووی ئابووریدا دەکرێتەوە بەوەی کە دۆخەکە لەوەی کە هەیە خراپتر نەبێت، بەڵام خۆ بەو ئاسانییە نییە، لە لایەکەوە ئێران دەڵێ دەبێ ئامریکا بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەر لە ترامپ و بەرجام وەک کاتی ئۆباما قەبووڵ بکات، کاتیشی بۆ ئامریکا دیاری کردووە کە ئەگەر نەگەڕێتەوە ئەوا دەست دەکەن بە پیتاندنی ئۆرانیۆم، لە لایەکی دیکەوە ئیدارەی بایدەن بە تەمای ئەوەیە ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ ئێران بکات و ناشیهەوێ بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنەکەی سەردەمی ئۆباما.
لە ئێستادا ئیدارەکەی سەرقاڵە بە ئابووریی ئامریکاوە کە بە هۆی پەتای کۆرۆناوە تووشی کێشە هاتووە، دەییەوێ بیخاتەوە سەر ڕێی بوژاندنەوە. بەگشتی بەرجەوەنی (دوورەدیمەنی) ئابووریی ئێران بەستراوەتەوە بە پێوەندی نێوان ئێران و ئامریکا.

ئەگەر ڕێکنەکەون ئەوا ئابووریی ئێران لەوەی کە هەیە بچووکتر دەبێتەوە و ژیان و گوزەرانی خەڵک زۆر زەحمەتتر دەبێت، ئەمەیان ئەگەرێکی بەهێزترە، چونکە ئەو چاوەڕوانیی و داواکارییەی کە کۆماری ئیسلامی لە بایدنی هەیە زۆر زەحمەتە بە ئاسانی وڵام بدرێنەوە.

**- زۆرترین پشکی دیاریکراو بۆ بوودجەی ساڵی داهاتوو بۆ کەرتی سەربازی و ئەمنیەتی تەرخان کراوە! ئایا ئەم دوو کەرتە دەتوانن لەسەر گەشەی ئابووریی ئێران کاریگەرییان هەبێ کە کۆماری ئیسلامی کارێکی لەو چەشنەی کردووە؟**

بەگشتی بە هەر ڕادەیەک خەرجیی سەربازیی زیاد بکرێت، بەو ڕادەیە خەرجیی مەدەنی کەم دەبێتەوە.
ئەوەیکە ئاخۆ خەرجیی سەربازی چ کاریگەرییەکی لەسەر گەشەی ئابووری (economic growth) هەیە بەستراوەتەوە بە دۆخی ئابووری و چۆنییەتی کەرتەکانی ئابووریی و کەرتی سەربازییەوە.
وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو لەبەرئەوەی خاوەنی تەکنەلۆجیای شەڕ هەناردەکاری چەک و تەقەمەنین ئەگەر خەرجیی سربازییان زیاد بکرێت واتە بڕی هەناردەیان زۆری کردووە و لە قازانجیانە، بەڵام بۆ وڵاتانی پەرەنەسەندووی وەک ئێران کە لە دەرەوە چەک و تەقەمەنی دەکڕن، هەر جۆرە زۆرکردنێکی بودجەی سەربازیی و ئەمنیەتی لە زەرەری ئابووری دەشکێتەوە و لەسەر حیسابی ژیانی خەڵکە، وەک دەزانن کە گرانی و بێکاریی و مایەپووچبوونی کۆمپانیاکان گوزەرانی خەڵکیان خراپ کردووە، لە دۆخێکی وادا ئیتر زۆرکردنی خەرجیی سەربازیی بەڕاستی کارێکی بێ مانایە، لەم دۆخەدا ئەمانە هاتوون لەچاو پارەکە ٤٠٪ بودجەی دامودەزگا سربازییەکانیان زیاد کردووە، ئەمە جگە لەوەی کە سپای پاسداران بودجەی نافەرمی خۆی هەیە و کۆمپانیاکانی باج نادەن و کەسیش جگە لە دەزگای ڕێبەری نازانێ بودجەی ئەوانە چەندە.
لەم دۆخەدا کە گرژییەکان زیاتر بووە پارەیەکی زیاتر لە بواری سەربازی و ئەمنیەتیدا کە لەسەر حیسابی گوزەرانی خەڵک و ئاوەدانکردنەوەیە بە فیڕۆ دەچێ، ئەگر سەیری بودجەی ١٤٠٠ بکەن بە ڕوونی دەردەکەوێ کە بودجەی ئاوەدانکردنەوە کەمی کردووە بەڵام لە بەرامبەریدا بودجەی سەربازی و دامودەزگا دینییەکان و ئەمنیەت زۆر زیادی کردووە.



**- یەکێک لەو باسانەی کە ئەمڕۆکە سەبارەت بە ئابووریی ئێران دەکرێ، بوونی تۆڕی نهێنی ژێرزەوینییە کە ئابووریی ئێرانیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان. ئەساسەن ئابووریی ژێرزەوینی چییە و چ کاریگەرییەک لەسەر ڕەوشی ئابووریی وڵاتێک دادەنێ؟**

ئابووریی شاراوە (underground economy) یان بازاڕی ڕەش (black market) بریتییە لەو بازاڕەی شمەک و خزمەتگوزاری کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتە، بەواتایەکی تر ئەو چالاکییانەیە کە بەشێوەی یاسایی و نایاسایی دەکرێن و لە هیچ شوێنێک تۆمار ناکرێن. لەبەرئەوەی ئەم ئابوورییە بەشێوەی شاراوە دەکرێت، ئەوا هەژمارکردنی ڕادەکەی بڕێک زەحمەتە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک ڕادەی ئەم ئابوورییە تا هاتووە زیاتر بووە، لە ساڵی ١٣٥٣ نزیکەی ٧٪ کۆبەرهەمی ناوخۆ (GDP) لەم ئابوورییە پێک دەهات، لەو دەمەوە تائێستا ڕێژەکەی زیادی کردووە و لە ساڵی ١٣٩٢ گەیشتووەتە ٣٨,٥٪، ڕێژەی وەرگرتنی باج لە کەرتی فەرمی ٧٠٪ بووە و کەرتی نافەرمی سفر بووە، ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانیەتی کە خەڵک بۆ کاری نافەرمی ڕادەکێشێت. بەپێی سندووقی نێودەوڵەتی دراو سەروەرنەبوونی یاسا، زۆربوونی گەندەڵی و لاوازیی دامەزراوەکان لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەم ئابوورییەن. لە ئێران وەک خۆتان دەزانن ئەم لاوازیانە هەیە و جگە لەمانەش خۆدزینەوە لە باج و بیرۆکراسی (ڕۆتیناتی) ئیداری وایان کردووە خەڵک ڕوو بکەنە ئەم ئابوورییە. ئەو ڕانتە دەوڵەتییانەی کە بە هێندێک گرووپی تایبەت و خەڵکی وەفاداری خۆیان دەدرێ، بووەتە هۆی ناکارامەبوونی سیاسەت و بڕیاری ئابووری و کۆسپ لەبەردەم شەفاف کردنی ئابووری و بچووکبوونەوەی ئابووریی فەرمی. مافی خاوەندارییەتی هۆکارێکی ترە کە پێشێلکردنی لە ئێراندا وایکردووە وەبەرهێن و بەگشتی خەڵک متمانەیان بە کاروکاسبی فەرمی نەبێ و ڕووبکەنە ئابووریی نافەرمی. گەشەسەندنی ئەم ئابوورییە وادەکات بەشێکی چالاکییەکانی ئابووری ڕاپۆرت نەکرێت، باج نەدرێت و GDPیش بە تەواوی نەخەملێنرێت و ئەمەش وادەکات سیاسەتی نەختینەیی هەڵبگیردرێتە بەر کە لە زیانی گەشەی ئابووری دەبێت، واتە داهاتی حکومەت کەم دەکاتەوە و حکومەت کە لە سەریەتی خزمەتگوزاری پێشکەش بکات زەحتی دەکەوێتە سەر. بەگشتی لەبەرئەوەی حکومەتی ئێران و لە ناویدا سپای پاسداران ئابوورییان قۆرخ کردووە و دەست وەردەدەنە کاروباری بازاڕ و پێش لە ڕەوتی ئاسایی کاروباری بازاڕ دەگرن و کۆنترۆڵی دەکەن، مافی خاوەندارییەتیش پێشێل دەکرێ و کۆمپانیاکانی سەر بە خۆیان باج نادەن و باجێکی زۆر دەخرێتە سەر کۆمپانیا و کاروباری تایبەتی و کەسیش وڵامدەر نییە، ئەوا قەبارەی ئابووری نافەرمی گەورە دەبێت، وەک بووە.

**- ئابووریی ئێران لە سەردەمی ڕۆحانیدا زۆر لاوازترە لە ڕابردوو. ڕۆحانی چ میراتێکی بۆ دەوڵەتی دوای خۆی بەجێ هێشتووە؟**

ئابووریی ئێران بەر لە ڕۆحانیش بە دەست کێشەی بنەڕەتییەوە دەیناڵاند، ئابوورییەکی حکومی کە کەرتی تایبەت تێیدا لاوازە و سپای پاسدارن دەستی بەسەردا گرتووە و کۆنترۆڵی دەکات، بازاڕی ئازاد هیچ ڕۆڵێکی نییە و دەسەڵاتی پاوانخواز و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ئابووری و گوزەرانی خەڵکی کردووەتە قوربانی کارە نابەجێیەکانی لە ناوخۆ و لە ناوچەکەدا، بۆیە دۆخی ئابووری باش نەبووە، بەڵام لە سەردەمی ڕۆحانیدا بە هاتنەسەرکاری ترامپ سزاکانی ئابووری لەسەر ئێران زۆر کران و ئابووری لەوەیکە پێشتر هەبوو لاوازتر کردووە.
ئێستا ئەگەر سەیری ئامارەکان بکەین ئەگەرچی ئامارەکانیشیان درۆیە بە جوانی بۆت دەردەکەوێ کە دۆخی ئابووریی ئێران زۆر شپرزە، ڕێژەی هەژاریی زۆر بەرز بووەتەوە، ڕێژەی هەڵاوسان لە سەرەوەی سەدا پەنجایە، ڕێژەی گەشەی ئابووریی نێگەتیڤە واتە ئابووریی تا دێت بچوکتر و بچوکتر دەبێتەوە و کەرتی بەرهەمهێنان لاوازتر دەبێت، ئەم چەند ساڵە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی نەک ڕووی نەکردووەتە ئێران بگرە ئەوەی ناوخۆش تا هەلی بۆ هەڵکەوتووە ڕووی کردووەتە دەرەوە، بۆ نموونە ئێرانییەکان لە تورکییە ئەوە چەند ساڵە پلەی یەکەمیان هەیە لە وەبەرهێنان لە کەرتی خانووبەرەدا، ڕێژەی بێکاری تا دێت هەر هەڵدەکشێت، ئەگەرچی ئاماری بێکاری دەزگا فەرمییەکانی نێو ئێران هەمیشە کەمیان نیشان داوە بەڵام ماڵ نییە دوو یان سێ کەسی بێکار نەبێت و ڕێژەی بێکاری دەرچووانی زانکۆ لە هەموو توێژێکی تر زیاترە، بێکاری و گرانی کە بۆ خەڵک زۆر گرنگن تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیوە، ئەوەی پێی بکرێ سەرهەڵدەگرێ و ڕوو دەکاتە وڵاتانی دەرەوە، پاسپۆرتی ئێرانی لە بێ متمانەترین پاسپۆرتەکانە، داهاتی نەوت کەمی کردووە، ئێران لە ڕیزی وڵاتانی گەندەڵە و جارێ ئاسۆیەکیش بۆ باشتربوونی دۆخی ئابووری بەدی ناکرێت، ئەمە دۆخی ئابووریی سەردەمی ڕۆحانییە. هەرچەندە ئەگەر ڕۆحانیش نەبا هەر وادەبوو چونکە ئەوە خامنەییە کە هەموو پرسە گرنگ و چارەنوسسازەکان یەکلایی دەکاتەوە و ئابووریی ئێرانی کردووەتە قوربانی.



# لە ناو چەقی جووت بەیازدا

عەلی سۆهرابی

گوڕاندبووت: گرێو دەکەم لە سەر جلەکانی بەرم بە بەرچاوی خۆی و هەموو چەکدارەکانییەوە کچەکەی هەڵدەگرم و بۆی دەردەچم.

زۆر سەیرە... کەس نازانێ «دۆمینە« چۆناوچۆن خۆی لە چایخانەکان خزاند. تەنانەت هیچ کەس نازانێ چ هاوسەنگییەک لە نێوان یاری دۆمینە و خواردنەوەی چاییدا هەیە.

لە هەموو چایخانەیەکی ئەو شارە و لە سەر هەر مێزێک چوار کەس بە تەقوتۆقی دۆمینەوە خەریکی کات کوشتنن.

تۆش یەکێک لەو کەسانەی. هەموو ئێواران کە بێتاقەت دەبی، سەربەرەوژێر بەرەو چایخانەکەی حەمەشەریف خلۆر دەبییەوە و لەگەڵ چەند هاوتەمەنی خۆت مل لە دۆمینە دەنێی. حەمەشەریف تاوناتاوێ نەختێک چایی وشک دەسەر چاییە لەڕادەبەدەر کوڵیوەکەی چایدانەکەی دەکاتەوە و وەبەر شێرەی سەماوەرەکەی دەدا کە لە پەستا دەکوڵێ و بە هەموو هێزیەوە بە کونەتفینکانیدا هەڵم دەردەدا.

هەردووک جەمسەرت بۆ دەکا بە شەش. بە شریقەیەک جووتشەشەکەت لە مێزەکە ڕادەکێشێ. شریقەکە بە گوێچکەتدا لوولی دالانەکانی ناو مێشکت دەبێ و بە هاژەهاژ لەگەڵ خۆی دەتبا. سەیری دەکەی. دوازدە خاڵی ڕەش لە زەمینەیەکی بۆردا... لە زەمینەیەکی مەیلەو سەوزدا ... وەک یەک خڕ. هاوتەریب و بە مەودایەکی بەرانبەر. وەک باغێکی بچکۆلانەت دێتە بەرچاو کە لە تەشقی ئاسمانەوە سەیری بکەی.

هێدیهێدی بۆی دادەبەزی. هەتا زیاتر بۆی دێیە خوار، دارەکان گەورەتر و گەورەتر دەبن. خۆ دەگەیەنیە نێرکی یەکێک لە دارەکان. لک بە لک پێی دا دێیە خوار. لە ژێر دارەکە چاوەڕوانتە. هەمیسان کراسێکی سپی گوڵ گوڵی لەبەردایە. لە بیرت نییە کەنگێ پێت گوتبوو: لەو کراسە سپییەدا ئەو پەرییە دەبینم کە بەردەوام لە خەون و خەیاڵمدایە. ترس و چاوەڕوانی بێوچان ئاوڕی پێ لە دەور و پشت دەدەنەوە. لە دوایەوە، لە سەر دوایین لکی دارەکەوە خۆ فڕێ دەدەیە خوار و گرمە لە زەوی دێنی. بە هەموو هێزییەوە ڕادەچڵەکێ. ڕەنگی سپی هەڵدەگەڕێ. تۆ حەزت لەو شێوە ترساندنەیەتی. لەو ئاکارانەت دەڕەنجێ. دەڵێ: تۆ گەورە نابی.... هەرگیز گەورە نابی.... بەڵام هەر زۆر زوو لەو ئاکارە منداڵانەیەت خۆش دەبێ و بزەی دێتە سەر لێوان. تووڕەیییەکەی وەک مژی بەهار تەنیە بە دوو گزینگی خۆری بزەت دەڕەوێتەوە. دەستەملانت دەبێ.....

ئەو جێژوانە چەندین جار ئەوی بە بیانووی خواردنی سێوێک و تۆی بە تەماحی چنینی دوو سێو لای خۆی گل داوەتەوە. دەست بە قژی دادەهێنی. چاو لە چاوانی دەبڕی. پەنجەتووتەت دەگاتە سەر ئەو جێ برینەی لە سەر کۆڵمەی بەجێ ماوە.

ئەو جێبرینەی دایکی گوتبووی ئاگرۆکەیە. بە دوو قامک کوڵمەت گوشی. بزەی هاتێ. وەک سەردەمی منداڵی سەری بە سینگتەوە نا.....

ـ عەلییە شەل سەرەی تۆیە... ئەوە هۆشت لەکوێیە برا؟

نەک هەر بە پاشگری «شەل» بە نێوەکەتەوە ناڕەحەت نەبووی، بگرە نەختێکیش شانازیت پێوە دەکرد.


لەگەڵ ئەوەی هەمووی ئەو کەسانەی دەیانناسی، دەیانزانی بە چی شەل بووی، لە سەر قسەی خۆت سوور بووی و دووپاتەت دەکردەوە: ئەو شەلییە هی برینێکی سەردەمی شۆڕشگێڕیمە... ئەوە تەنیا یادگاری ئەو سەردەمەیە بە جەستەمەوە دیارە...بێ ئەوەی لەو چیرۆکەی خۆت وەڕەز بی بۆت دەگێڕانەوە :

ـ دەستەیەکی هەشت کەسی بووین. لە تاریکەشەوێکی ئەنگوستەچاودا کەوتینە کەمین. لە یەکەم دەستڕێژدا گوللەیەک ڕانی کوناودیو کردم. بێ ئەوەی هیچ بە هاوڕێکانم بڵێم، بە جەمەدانییەکەم توند بەستم....

هەر چەند کەس بە ڕوویدا نەدەدایەوە، بەڵام تۆ لە هەر کوێ بۆت لوابا، خۆت بە کەمئەندامی شۆڕش لە قەڵەم دەدا. هەستت دەکرد ئەو درۆ شیرینە، پیرۆزییەکی سیحراوی بە شەلینەکەت دەبەخشێ.

دیسان هەر دوو جەمسەر شەشن. لە خاڵێکی دوایین شەش ورد دەبیەوە. خاڵێکی ڕەش ڕەش... تۆ ڕاوەستاوی و خاڵەکە وردەوردە لێت نزیک دەبێتەوە. هەر دێتە پێشتر و ڕەشتر و تاریکتر دێتە بەرچاو... وەک شەپۆلێکی تاریکی لوولت دەدا. لە تاریکیان چاو چاوی نابینێ.

دەستی ئافرەتێک بە دەستت، بە نێو گوێنی و دڕک و گاشەبەرداندا بەرەو لوتکەی کێوەکە دەخۆت نووساوی. هەردووکتان شەلالی ئارەقەن و وەهەناسەبڕکێ کەوتوون.



زۆرمان نەماوە هەناسەکەم...ئەو هەورازە تەواو بێ ئیتر تۆزمان ناشکێنن...

هەمووی ئەو مەڵبەندە وەک بەری دەستت شارەزای. ڕادەوەستی. هەستت ڕادەگری.

مەودایەکەیان مەزەندە دەکەی. دەزانی چەندەتان لێ دوورن. هەست دەکەی دەیان چەکداری سوار و پیادە وە شوێنتان کەوتوون.

ناشارەزایی وان لەژێر پێی شارەزایی تۆدا پڵیشاوەتەوە. لە سەر دوندی چیاکە، توند لە باوەشت دەگرێ: باوەڕم پێتە... دەزانم دەرەقەتیان دێی...

پەرییەکەت بە قسەی کردبووی. کراسە سپییەکەی لەبەر نەکردبوو. بۆ تۆ چ جیاوازییەکی هەبوو؟ بۆ تۆ لە هەر بەرگێکدا هەر ئەو پەرییە بوو.....

هێشتا زۆر لە کوتکەی کێوەکە دوور نەکەوتبوونەوە شریخەی دەستڕێژێک وەخۆی هێنانەوە. تڵپ بەربوویەوە بە سەر گوێنی و دڕک و داڵدا.... نەتزانی لەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا، دیتبوویانن یان هەر گوللەی وێڵ بوو ئەنگاوتی؟

دواتر هەر بەو برینەوە تێکەڵی شۆڕش بووی و دواتریش....

بەو هەموو هرووژمەی خەڵکەکەش پێچکی دارەبازەکەت هەر بەر نەدا و قیژاندت: لێم گەڕێن.... ئەو پێچکە دەبێ هەر لە سەر شانی من بێ... شانی چەپەت دبووە بەر دارەبازەکە و نەرم نەرم فرمێسکت بۆ دەڕژاند...

پەنجەی دەستی ڕاستت، پەتووەکەی لە سەر دەم و چاوی لادا و لە سەر تارای کفنەکەوە بە دوو قامک کوڵمەت گوشی.

ـ خۆشەویستەکەم هەتاهەتایە پێت وەفادارم....

ئەوەت کەنگێ گوتبوو؟ لەژێر دارەبازەکە یان ئەو کاتەی گوللە ڕانی کوناودیو کردبووی؟

پێکەوە قیژاندیان :

ـ قەپاتە.... عەلییە شەل چیت پێیە؟

جووت بەیازت پێ بوو.

سەیرت کرد. سپی سپی... خەیاڵێکی سپی لە خۆی وەرپێچای. گێژ و مەنگ بووی.

چاوت بە شەوارە کەوتن. لە ناو سپیایەتییەکی بێکۆتاییدا مەلەت دەکرد. چەندی هەوڵت دەدا بۆت ساغ نەدەبوویەوە کفنەکەیەتی یان کراسەکەی.

# دوایین نامە

بێهزاد قادری

دەیگوت: «تۆ جیاوازترین خوێندکاری نێو ئەم زانکۆیەیت کاکە. تۆ جیاوازترین کوڕە کوردێکیت کە تا ئێستا بینیومە».

ئاگام لێ بوو کە ماوەیەکە لەژێر چاوەدێرییدام. جیاوازتر لە هەمووان سەیری دەکردم. جیاوازتر لە هەمووان لێی دەپرسیم. خۆی دەخستە پێش چاوم تاکوو ببیبنم، تاکوو دەنگی ببیستم.

دەیگوت: «تۆ زۆر دڵسۆزیت کاکە. بۆ هەمووان ڕوونە کە تۆ چ مرۆڤێکی گەورەیت. ئەو کوردایەتییەی تۆ دەیکەیت، هەمان کوردایەتیی ڕاستەقینەیە».

لە هەر دەرفەتێک کە هاتبایەتە پێش، دەهاتە نزیکمەوە و بە شاخ و باڵمدا دەهات! وەک خوێندکارێکی ئاسایی دەهاتە زانکۆ و دەڕۆیشتەوە. نە سەردانی کەسانی گوماناویی دەکرد، نە سەردانی ژوورەکەی ئێمە. تەنیا لە بەرنامەکانی ئێمەدا وەک بینەر بەشداریی دەکرد، چەپڵەی بۆ لێدەداین و دەستخۆشیی لێ دەکردین. بەڵام زیاتر لە هاوڕێیانم سەرنجی بە من دەدا!

دەیگوت: «تۆ تەنیا کەسێکیت بە دڵ خزمەت بە گەلەکەت دەکەیت. ئەوانیش کەسانێکی باشن، بەڵام تۆ باشترینیانی کاکە. ئەمە تەنیا قسەی من نییە، هەمووان وا دەڵێن. تۆ خۆت نابینیت. خزمەتەکەت لە هەموو شت پێ گرینگترە. تۆ خەمخۆری ڕاستەقینەی ئەم خاکەیت».

دوای هەر کار و بەرنامەیەک و دوای هەر چالاکییەکی خوێندکاری دەهاتە لام و زیاتر لە پێش، بە شاخ و باڵمدا دەهات! ببووە هاندەرێک بۆم. بە قسەکانی وزەم دەگرت. قسەکانی لە خۆشەویستی بۆ من نەبوو، لە خۆشەویستی بۆ کارەکانم بوو. هەستم دەکرد حەز دەکات بێتە نێو کۆڕی ئێمەوە، بەڵام ترسێک ناهێڵێت! هەمیشە ترسێکم لە چاوەکانی دەبینی. ئازارێک لە ڕوانینەکانیدا بوو. کچێکی خوێنشیرین و ڕووخۆش بوو. ئارایشێکی زۆر کەمڕەنگی دەکرد و یەک تاڵ پرچی بە دەرەوە نەدەهێشت. زۆر کەیفی بە کارەکانمان دەهات و لە هەر بەرنامەیەکی زانکۆ کە ئێمە بەڕێوەمان بردبا، بەشداریی دەکرد. توخنی بەسیجەکان و ژوورەکەیان نەدەکەوت. لەگەڵ کەسانی باش نەبێت لەگەڵ کەسی تر دەرنەدەکەوت. سادە و زۆر ڕێکوپێک دەردەکەوت. بە زمانێکی پەتیی کوردی قسەی دەکرد.

دەیگوت: «بۆ خۆم فێری ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی بوومە کاکە. خۆزگە منیش وەک ئێوە دەمتوانی خوێندکارانی تر فێر بکەم. خۆزگە دەمتوانی لە پۆلە کوردییەکانی ئێوە بەشداری بکەم».

ئەوجار کە ئەوەی پێ گوتم، ڕووخسارێکی سەیری هەبوو! فرمێسک لە چاویدا پەنگی خواردبووەوە. دڵی پڕ ببوو. ئێحساساتی ببوو. ماڵاوایی لێکردم و ڕۆیشت. متمانەمی بۆ خۆی ڕاکێشابوو. بە هەڵسوکەوت و قسەکردنیدا دیار بوو کە کچێکی باشە و ناتوانێت کەمتەرخەم بێت. خەمی خوێندکارانی فارسپەرستی دەخوارد، لە زمانیان بێزی هەڵدەستا. شانازیی بە ئێمەوە دەکرد و کەیفی پێمان دەهات. بە کاکە بانگی دەکردم، شەرمی دەکرد تەنانەت ناوم یان ناسناوم بێنێتە سەر زار.

هەموو جار ئەو دەهاتە لای من و چەند چرکەیەک ڕادەوەستا و دەچوو. هەمیشە دڵەڕاوکێی هەبوو! هەوڵی دەدا ئەو دڵەڕاوکێیەی بشارێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی. دەست و قاچەکانی و تەنانەت لێوەکانیشی نائارام بوون. زۆر سەیری دەوروبەری دەکرد. جارێکیان بڕیارم دا من بچمە لای. ئەو سەرنجی زۆری بە کۆڕی ئێمە دەدا، بەڵام ئێمە بۆ ئەو وا نەبووین و تەنیا وەک بینەرێک و بیسەرێک سەیرمان دەکرد.

پێم گوت: «تۆ کچێکی جیاوازی، دڵسۆزی، بەڕێزی، لەگەڵ بەسیج و خوێندکاری کەمتەرخەمیش ناگەڕێیت. تۆ هێندە حەزت لە کارەکانی ئێمەیە و هێندە گرینگی بە نەتەوە و نیشتمانەکەت دەدەیت، بۆ نایەیتە کۆڕی ئێمەوە؟ وەرە و لەگەڵ ئێمە لە چالاکییەکاندا بەشدار بە. تۆ دەتوانیت کاریگەر بیت. ئیتر تەنیا بیسەر و بینەر مەبە».

بێدەنگ بوو. فرمێسک لە چاویدا پەنگی خواردەوە. بزەیەکی ماندوو هاتە سەر لێوی و گوتی: «ئەوە حەزی دەروونیی منە. کاکە نازانی من چەندە عاشقی ئەو کارانەم. هەمیشە حەزم کردووە کەسێکی کاریگەر بم وەک تۆ. هەمیشە هەستم بە بێنرخی کردووە. لەوە خۆشتر چی دەتوانێت هەبێت لە پۆلە کوردییەکانتان بەشداری بکەم و لەو بەرنامانە بەشداری بکەم کە خزمەت بە کوردایەتی دەکات؟ بەڵام... بەڵام ناتوانم کاکە».لێوەکانی دەلەرزی. فرمێسکێک بەسەر گۆنایدا هەڵخلیسکا و بەجێی هێشتم. دەرفەتی پێ نەدام بڵێم «بۆ؟»، بڵێم «بۆ وا ئارامیت لێ بڕاوە؟»، «ئەرێ ئەو ترسە چییە هەموو جەستە و دەروونتی داگیر کردووە؟».

تا لە پێش چاوم نوقم بوو سەیرم کرد. هەنگاوەکانیشی وەک بزەکەی ماندوو بوون. لەولاترمەوە، سەرۆکی بەسیجی زانکۆ ڕاوەستابوو. سەیرێکی کردم و چووە نێو ژوورەکەی خۆیەوە. لە ڕوانینەکانی بێزار بووم، ڕقم لە چاوە کۆیلەکانی بوو. پێم بکرایەت لەسەر عەرز دەمسڕییەوە.

چەند ڕۆژێک بوو کە لە زانکۆدا کچەم نەدیبوو. وشەکانی لەگەڵ چەندین پرسیاری بێوەڵام هێشتا لە مێشکمدا مابوونەوە. خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان بوو. بەتەنیا لەژێر دارێکی زەردهەڵگەڕاو لەسەر کورسییەک لە حەوشەی زانکۆ دانیشتبووم کە هاوڕێیەکم هات بۆ لام. پێی گوتم کە ئاگاداری «بەیان» بم، لەوانەیە سیخوڕ بێت! حەپەسام! هەستم دەکرد بە بەردێک دایان بە تەوقی سەرمدا. کاس ببووم. ڕۆژی دوای ئەوەی کە من چووبووم بۆ لای، لە ژووری بەسیجدا بینیبوویان! هەستێکی زۆر ناخۆشم هەبوو، دەیان گومان لە مێشکمدا هەڵتۆقین.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی و من هەر لە حەوشەی زانکۆ چاوەڕێ بووم بەیان ببینم و بانگی بکەم. لە دوورەوە ناسیم و نزیکی بوومەوە. هیچ جوانییەک لە ڕووخساریدا نەمابوو! پێم گوت کە چەند خولەکێک کارم پێیە. زۆر دەترسا! گوتی: «تکایە کەمێک زوو کاکە». ڕاستەوخۆ گوتم: «لە ژووری بەسیجدا چیت دەکرد؟!»

ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. سەیری ناوچاوانمی کرد؛ تفێکی قورت دا؛ بە دەنگێکی لەرزۆک و بە کورتی گوتی: «لەبەر تۆ بانگیان کردم کاکە».

- لەبەر من؟! جا بۆ لەبەر من.

- پێیان گوتم کە نابێ لەگەڵت قسە بکەم و نزیکی کۆڕەکەشتان ببمەوە.

ئەوەی گوت و بەجێی هێشتم. دڵی پڕ بوو. دیار بوو کە ترساندوویانە. ڕووخسارە شەرمنەکەی تێکچووبوو. ڕەنگی گۆڕابوو. بە جوانی دیار بوو کە تێکچووە. ئەمجاریش منی لەگەڵ دەیان گومان و پرسیاری تر بەجێ هێشتەوە.

ماوەیەک تێپەڕی. نە نزیکمان دەبوویەوە و نە لە بەرنامەکانمان بەشداریی دەکرد. پەرێشانی لە ڕووخساری خۆی دەنواند. قەرەی کەسمان نەدەکەوت. ئاسمان لە هەوری ڕەش تەنرابوو، لە حەوشەی زانکۆ بینیم، بە تەنیا قەدەمی لێ دەدا. بە لایدا تێپەڕیم و هەر بەدەم ڕێگاوە پێم گوت: «مەترسە. غیرەتت هەبێ دادە». ئیتر ئاوڕم نەدایەوە چی لێ بەسەر هات.

چەند ڕۆژێکی تر تێپەڕی و لە پۆلی کوردیدا وانەم دەگوتەوە. تەقەیان لە دەرگای پۆلەکە دا. بەیان سەری کێشا و بە شەرمەوە گوتی: «ئیجازە هەیە بێمە ژوورەوە؟»، سەرم سووڕمابوو! گوتم: «فەرموو». چووە ئاخری پۆلەکەوە و دانیشت. سەرنجی لەسەر قسەکانم بوو. زۆرم پێ خۆش بوو کە قسەکەم کاریگەریی لەسەر داناوە. پۆلەکە تەواو ببوو و چووینە دەرەوە. وەک هەمیشە بەسیجێک لە نزیک دەرگای پۆلەکەوە خۆی مات کردبوو و یەکە یەکە سەیری فێرخوازانی دەکرد. بەیانیش بەلامدا تێپەڕی و گوتی: «بەچاوان کاکە».

دوو ڕۆژ دواتر پۆلەکەمان بەڕێوە چوو. بەیان هاتەوە و لە پۆلدا بەشدار بوویەوە. دڵخۆشتر لە ڕۆژانی پێشوو بوو. ڕەنگی هاتبووە سەر خۆی. هەموو شتێک لەسەر ڕەوتی خۆی بوو کە لەناکاو زرمە لە دەرگا هەستا! کوڕێکی ڕیشن و دێز بە تووڕەییەوە هاتە ژوورەوە و چاوێکی بە پۆلەکەدا خشاند و بەرەوە بەیان ڕۆیشت! هەموومان حەپەسابووین! کچەکە هاواری کرد: «کاکە گیان توخوا عەیبە...»، کوڕە بە پشتەدەست دای بە ناودەمیدا، پڕ دەمی کرد لە خوێن و قۆڵی گرت و بەرەو دەرەوە ڕایکێشا. چووم کە پێشی بگرم. بەیان بە گریانەوە گوتی: «کاکە لاچۆ، برامە». چەقۆت لێم دابا خوێنم لێ نەدەهات. لەجێی خۆمدا وشک بووم. هەستم دەکرد تەنیا ڕۆڵی بەردێک دەگێڕێم. مەراق گەرووی هەموو هاوڕێیانی گرتبوو. نەمانتوانی درێژە بە وانەکە بدەینەوە و بە ناڕاحەتی پۆلەکەمان بەجێ هێشت.

ئەو ڕۆژە هەوا زۆر سارد بوو. لە حەوشەی زانکۆ بە تەنیا دانیشتبووم. خەفەت دایگرتبووم. ڕقم هەستابوو و هیچم پێ نەدەکرا. جا پەنا دەبەیتە لای کێ؟! گوزەرانم لێ تاڵ ببوو. بەردەوام بەیان و برا ڕیشنە حیزبوڵڵاییەکەی دەهاتنە پێش چاوم، بەیان بەو ڕووخسارە مەزڵوومەیەوە و براکەی بەو ڕووخسارە دڕندەیەوە. خۆزگە دەمتوانی پێش بەو سووکایەتییە بگرم. تەنیا سووکایەتی بە بەیان نەکرا، سووکایەتی بە هەموومان کرا، سووکایەتی بە پۆلەکەمان کرا. سەرم ژانی دەکرد. بڕستم لێ بڕابوو. هاوڕێیەکم هاتە تەنیشتمەوە. ئەویش زۆر ناڕاحەت بوو. بە ئارامی پێی گوتم: «هەواڵی بەیانم وەرگرت. باوک و براکەی پاسدارن. ئەو کوڕانە دیبوویان کە تاکوو سواری ترۆمبیلەکەی کردبوو، تێی هەڵداوە و بێڕێزیی پێ کردووە». دونیا لە پێش چاوم ڕەش هەڵگەڕا. تەنانەت نەمتوانی بە یەک وشەش زمانم هەڵچەرخێنم.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی. دۆخی دەروونیم وێران ببوو. بەیان نەهاتبووەوە بۆ زانکۆ. بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ لە ماڵ چی لێ گوزەرابێت! تاقەتی هیچم نەبوو. نامەیەک هاتە سەر مۆبایلەکەم: «سڵاو کاکە. بەیانم. دەزانی بۆ نەمدەتوانی بێمە پۆلەکانت و نەمدەتوانی یارمەتیتان بدەم؟ باوکم و براکەم جاشن، بە زۆر منیشیان کردووە بە بەسیج. بەڵام ڕۆح و مێشکی من قەت بەسیج نەبووە بێخەم بە. هیوادارم بەردەوام بن. بۆ ئەوانی تریش هەر کاکە بە». دوای خوێندنەوەی نامەکە پەیوەندیم لەگەڵ گرت، بەڵام مۆبایلەکەی داخستبوو. دەروونم زیاتر تێکچوو. ڕقم هەستابوو. نەمدەزانی چی بکەم. جەستەشم ئارامیی لێ بڕابوو. چرکەکانم بە سەگەمەرگی لێ دەگوزەرا. ڕۆژی دواتر بەتەنیا و بەو بیرە ئاڵۆزەمەوە لە بازاڕدا دەسووڕامەوە. ناوێک لەسەر کاغەزێکی چەسپێندراو بە دیوارێک سەرنجی ڕاکێشا: «گەڕانەوەی هەمووان بۆ لای ئەوە. بەیان...». لە یەک چرکەدا، هەزار جار مردم و زیندوو بوومەوە.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No : 793 · 18 February 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

**«ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.**

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

**ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.**

## دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی سێشەممە ١٤ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شەهاب ئەحمەدی» خەڵکی شاری مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا

ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «تەها ئاتەشئەفراز»، خەڵکی «کۆنەخانێ»ی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی سەید «نەجمەدین حوسێنی»، کوڕی مسباح و دانیشتووی گەڕەکی «تاچیناوێ»ی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

## بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ڕۆژی شەممە ١٨ی ڕێبەندان، «ئارەزوو مستەفایی»، ناسراو بە «هەنسک»، شاعیر و چیرۆکنووس، خەڵکی شاری مەریوان، پاش وەرگرتنی بەڵێننامە لە ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە ئازاد کرا.

لقی ٢ی لێپرسی دادسەرای گشتی و ئینقلابی مەهاباد «ئەرەستوو (ڕەسووڵ) مەلاڕەحیمی»، چالاکی مەدەنی خەڵکی ئەو شارەی بانگهێشت کرد.

ئانیسا جەعفەریمێهر، چالاکی فەرهەنگیی کورد، خەڵکی ئیسلام ئابادی غەرب (شاباد) سەر بە کرماشان، بۆ دوایین داکۆکی لە خۆی، بانگهێشتی دادسەرای گشتی و ئینقلابی ئەو شارە کرا.

داریووش مورادی، چالاکی فەرهەنگیی خەڵکی ئیسلام ئابادی غەرب (شاباد)، بۆ دوایین داکۆکی لە خۆی، بانگهێشتی دادسەرای گشتی و ئینقلابی ئەو شارە کرا.

## ڕاگواستن بۆ زیندان:

ڕۆژی هەینی ١٧ی ڕێبەندان، «سیروان ڕەحیمی»، چالاکی مەدەنیی خەڵکی دێولان، پاش کۆتایی مەرەخەسییەکەی گەڕایەوە بۆ زیندانی سنە. ئەو چالاکە مەدەنییە، مانگی سەرماوەزی ئەمساڵ، پاش کۆچی دوایی باوکی، هاتبووە مەرەخەسی.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «عومەر خاگزاد» و «عەباس سدیقی»، خەڵکی گوندی «شێلم جاران» سەر بە پیرانشار، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەیان ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کران.

ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەلی ئازەربەرزین»، کوڕی محەممەد، تەمەن ٥٧ ساڵ و خەڵکی شاری پیرانشار، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کرا.

ڕۆژی شەممە ٢٥ ڕێبەندان، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «حوسێن گەردشی، شەپۆل خزری و فەرهاد مووساپوور»، پاش کۆتایی لێپرسینەوە لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپا لە ورمێ، بۆ بەندی زیندانییانی سیاسیی زیندانی ئەو شارە، ڕاگوێزران.

ڕۆژی شەممە ٢٥ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەک بە ناوی «شوان پشتوار»، کوڕی عەبدولڕەحمان، تەمەن ٣٩ ساڵ و خەڵکی شاری نەغەدە، بۆ بەندی زیندانییانی سیاسیی زیندانی ورمێ ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە ٢٥ی ڕێبەندان، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەحمەد خۆشمیرزادە»، تەمەن ٣٢ ساڵ و «محەممەدئەمین ڕەحمانی»، تەمەن ١٧ ساڵ، خەڵکی شاری شنۆ، بۆ بەندی زیندانییانی سیاسی و هەروەها بەندی کانوونی زیندانی ورمێ ڕاگوێزراون.

ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی ڕێبەندان، ئەسرین محەممەدی، پاش کۆتایی لێپرسینەوە لە گرتنگەی ئەلمەهدیی ورمێ، بۆ زیندانی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

## مەحکووم کرانی هاووڵاتییان بە زیندان:

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «هاشم مورادی» و «ئیسماعیل محەممەدپوور» خەڵکی گوندی «شیناوێ»ی شاری پیرانشار، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، هەر کامیان بە ٥ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کران.

حوکمی دە ساڵ زیندانیی تەعزیریی زارا محەممەدی، مامۆستای زمانی کوردی و ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی ــ کۆمەڵایەتیی «نۆژین»، لە لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی سنە، بە سەرۆکایەتی دادوەر «مستەفا تەیاری»، بۆ پێنج ساڵ زیندانیی تەعزیری گۆڕدرا.

## داسەپاندنی سزای زیندان:

فەرانەک جەمشیدی، چالاکی ژینگەیی و ئەندامی کۆمەڵەی سەوزی کوردستان، خەڵکی سنە، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە سەرۆکایەتی دادوەر «سەعیدی»، بە چوار ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەلی بایەزیدپوور(جوڵا)»، کوڕی مەولود، تەمەن ٤٩ ساڵ و خەڵکی گوندی «شیناوێ»ی پیرانشار بە شێوەی غیابی، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «خزر قادریئازەر»، کوڕی عەبدووڵڵا، تەمەن ٥٠ ساڵ و «شەفیع محەممەدنژاد»، کوڕی محەممەد، تەمەن ٤٤ ساڵ و خەڵکی پیرانشار، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە سەرۆکایەتی دادوەر «عەبدووڵڵا ئاقایی»، هەرکامیان بە ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کران.

«حوسێن حەسەنخانی»، مامۆستای خانەنشینکراو و ئەندامی مەکتەب قورئانی کوردستان، بە تۆمەتی «پڕۆپاگەندە دژی نیزام»، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی مەهاباد، بە سێ مانگ زیندان مەحکووم کرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «تاهیر حوسێنزادە»، تەمەن ٢٨ ساڵ، کوڕی محەممەد و خەڵکی شاری مەهاباد، لەلایەن لقی ٢ی دادگای ئینقلابی ورمێ، بە سەرۆکایەتی دادوەر «شێخلوو»، بە یەک ساڵ و یەک ڕۆژ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

## ڕەوانەکردن بۆ ئیتلاعاتی سپا:

ڕ ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی ڕێبەندان، فەرهاد مووساپوور خەڵکی شاری ڕەبەتی سەردەشت، لە زیندانی ناوەندیی ورمێ، بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی گرتنگەی ئیتلاعاتی سپا کرا.

## تەقینەوەی مین:

ڕۆژی هەینی ٢٤ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەک بە ناوی «نادر براریان» تەمەن ٤٥ ساڵ خەڵکی گوندی «کەل کەل»ی ئاسماوەی چرداول، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق، لە شاری مێهران گیانی لەدەست دا.

## دەرکرانی مامۆستای قوتابخانە:

«محەممەد مەنسووری»، ئەندامی مەکتەب قورئان کە مامۆستای دامەزراوە لە هونەرستانی پیشەگەرانی نایسەری سنە بووە، پاش ٦ ساڵ وانەوتنەوە، لەلایەن هەیئەتی ناوەندیی هەڵبژاردنی (گزینش) پارێزگای سنە دەرکرا.

## کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «خالید ئەحمەدپوور» کوڕی ئیبراهیم خەڵکی گوندی «وەردێ»ی شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری «قاسمەڕەش»ی ئەو شارە، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی دووشەممە ٢٠ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «بێهزاد هاشمی ئەسڵ»، کوڕی ئەحمەد و خەڵکی گوندی «بهیک» سەر بە سەڵماس، بەهۆی ڕاوەدوونان و تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، گیانی لەدەست دا.

شەوی چوارشەممە ٢٢ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئارام جاتەن»، خەڵکی گوندی «کانیسانان» سەر بە مەریوان، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی «تەتە»ی هەورامان گیانی لەدەست دا.

شەوی یەکشەممە ٢٦ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سەیوان شێرمحەممەدی»، خەڵکی گوندی «مەنسوور ئاقایی» سەر بە بەخشی شاهۆی ڕوانسەر، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران بریندار بوو.

ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «یووسف وەتەندووست»، خەڵکی مەریوان، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی «تەتە»ی هەورامان بریندار بوو.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «شارام قادری»، تەمەن ٢٥ ساڵ و خەڵکی شاری بۆکان، بەهۆی سەرمابردوویییەوە لە بەرزاییەکانی سنووری «کێلێ و نەنوور»ی بانە گیانی لە دەست دا.

